


# خوێندنەوەیەک بۆ پەیامی دەنگدەران و ئاستی بەشداریی هاووڵاتیان

## بۆ ئایندەی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا



**لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، دەنگدەرانی هەردوو پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی هاوشانی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک، بە پێچەوانەی ئەو مەزندانەی پێیانوایە خەڵک کەمتر بەشدار دەبێت، ئەوا ڕێژەیەکی زیاتر لەم هەڵبژاردنەی ئەمجارە بەشداری دەکەن و بەدەنگ سزای ئەو لایەنە سیاسییانە دەدەن کە بێجگە لە دژایەتی پارتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، هیچ بەرنامەیەکی دیکەیان نییە**

**جیا لەوەی دەنگدەران لەسەر ئاستی کوردستان سزای گۆڕان و یەکێتییان لەسەر شێوازی سیاسەتکردنی ڕابردوویان داوە، لە هەمانکاتدا ئەو فرەحزبییە نابەرپرسیارانەیەشیان رەتکردۆتەوە کە ژینگەی سیاسیی پاشاگەردانی هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە دروستی کردووە**

ئەگەر هەڵبژاردنی ئەمجارە بۆ کۆی عێراق هەڵبژاردن بوویێت لە قۆناخی دوای داعش و کەوتنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش، ئەوا بۆ کوردستان هەڵبژاردنی ئەمجارە، هەڵبژاردنی دوای کارەساتی خیانەتەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەرە، ئەمەش مانای ئەوەیە لە دوو ژینگەی جیاوازی سیاسی ئەم هەڵبژاردنە بەڕێوە چووە کە یەکەمیان ژینگەی سیاسیی عێراقە، وەك لایەنێکی سەرکەوتوو لە شەڕی دژی داعش و لەبەرامبەر کوردستانیش، لایەنی دووەمیش ژینگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بووە کە دوای کارەساتی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر پرۆسە سیاسییەکەی تا ڕاددەیەکی زۆر دوچاری ئاڵۆزییەکی ئەوتۆ بوو کە بەشی زۆری حزبە سیاسییەکانی کوردستان پەرتەوازە بوون و هەموو ئەو لایەنانەش لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوو و لە مانگی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، لەبری ئەوەی بانگەشە بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق بکەن و داکۆکی لە دەستوور و مافەکانی گەلی کوردستان بکەن، هەڵمەتێکی دوژمنکارانەی زۆر چڕوپڕیان دژی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست پێ کردبوو، لەمەشدا ئامانجیان ئەوە بوو ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو لەبەرامبەر پارتی پێیان نەکرا، لە ١٢ی ئایاری ٢٠١٨ تەواوی بکەن و پارتی دیموکراتی کوردستان دووچاری شکستێکی ئەوتۆ بکەن کە لەناو پرۆسەی سیاسی عێراقدا نەتوانێت هەڵبستێتەوە و بوونی نەمێنێت. بەڵام دەنگدەران و ئاستی بەشداریی هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕێنراوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بە جۆرێکی دیکە پەیامی خۆیان ئاراستەی ئەو حزبە سیاسییانە کرد کە ئامانجیان لەناوبردنی پارتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، هەروەها بەجۆرێکی دیکە پەیامی خۆیان ئاراستەی دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق کرد، کە بەنیاز بوون و دەیانەویست بە زەبری هێز کوردستان داگیربکەنەوە و ئەمەش بکەن بە فاکتەرێکی گرنگ بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە.

کەواتە هەڵسەنگاندنی شێوازی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و کاریگەریی ئاکامەکانی دەنگدان و ئاستی بەشداریی هاووڵاتیان لە پرۆسەکە، مانا و مەغزایەکی لەوە گەورەتری هەیە کە بە ڕێژەی ئەو دەنگ و کورسییانە پێوانە بکرێت، کە لایەنەکان لە کوردستان و عێراق هێناویانە، بەڵکو دەنگدان و ئاستی بەشداریی هاووڵاتیان پەیامێکە کە ڕاشکاوانە سزا و پاداشتی هەڵوێست و ڕەفتاری ئەو حزبانەی داوەتەوە کە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا پێشتر وەك کاراکتەرێکی سیاسی ئەنجامیان داوە، هەر بۆیە پەیامی دەنگدان و ئاستی بەشداریی هاووڵاتیان لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا، تەنیا بریتی نییە لە ئاکامی هەڵبژاردن بۆ دووبارە پێکهێنانەوەی پەرلەمان و حکومەتێکی تازە لە عێراقدا، بەڵکو بریتییە لە دووبارە دروستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی لە کوردستان و دووبارە دروستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، بە هاوشێوەی یەکەمین هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ کە سەرلەنوێ پرۆسەی سیاسیی کوردستان و عێراقی دارشتەوە و سەرلەنوێ پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و عێراقی بە شێوەیەکی نوێ دارشتەوە.

لێرەوە هەوڵدەدەین کە خوێندنەوەیەك بۆ پەیامی دەنگدەران و ئاستی بەشداریی هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، هەروەها بۆ پەیامی دەنگدەران و ئاستی بەشداریی هاووڵاتیان لە عێراقدا بکەین.

## ● پەیامی دەنگدەران و ئاستی بەشداریی هاووڵاتیان لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا

هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەمجارەی بەشی زۆری حزبە سیاسییەکانی کوردستان هەر بەناو هەڵمەتی هەڵبژاردن بوو بۆ (پەرلەمانی عێراق)، بەپێچەوانەوە، بە شێوەیەکی کردەیی هەڵمەتی هەڵبژاردن بوو دژی پارتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، تەنانەت ئەو حزبانەشی وەك (یەکگرتووی ئیسلامی) کە جوامێرانە بەرگرییان لە ئەنجامدانی ریفراندۆمی کوردستان دەکرد، بەڵام گوتاری هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەیان زیاتر دژی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، کە ئەمیش هاوئاواز لەگەڵ حزبەکانی دیکە گوتاری هەڵبژاردنەکەی

دژی پارتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکی دەگرتەوە. بەمەش جۆرێك لە ئاژاوەو پاشاگەردانی بە پرۆسەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی حزبە سیاسییەکانەوە دیار بوو کە زیاتر زۆنی هەمەڕەنگی سنووری هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەی دەگرتەوە و کەمتر کاریگەرییان لەسەر هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك دەردەکەوت کە زیاتر بە زۆنی باڵادەستی دەنگدەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەناسرێت، بەمەش دوو ژینگەی سیاسی بۆ هەڵمەتەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان دروست بوو، ژینگەیەکیان سنووری هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە، کە تێیدا ئاراستەی دژە پارتی و دژە حکومەتی هەرێمی کوردستان باڵادەست بوو، ژینگەکەی دووەمیشیان سنووری هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك کە ئاراستەی داکۆکیکردن لە سەربەخۆیی و ریفراندۆم و پاراستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و داکۆکیکردن لەمافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان سیمای هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی داپۆشیبوو.

لە ناو ئەم دوو ژینگە جیاوازەدا خەڵکی کوردستان بە ڕێگەی دەنگدان و ئاستی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دوو پەیامی جیاوازی ئاراستەی پارتی بە تەنیا لەلایەك و کۆی حزبەکانی دیکە لەلایەکی دیکە کرد، بەمجۆرە:

١- لە سنووری هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك، پەیامی خەڵك بریتی بوو لە ئاستی بەرزی بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن و ئاستی بەرزی ڕێژەی دەنگدان بە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەمەش زیاتر بەپێی راپۆرتی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، شێوازی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی کوردستان و عێراق، بەسەرکەوتووترین و پاکترین پرۆسەی هەڵبژاردن تۆمارکراوە.

٢- لە سنووری هەردوو پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی، پەیامی خەڵك بریتی بوو لە بەشدارییەکی کەم لە پرۆسەی هەڵبژاردن و لەگەڵ ئەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بانگەشەی ئەوە دەکات لەو دوو پارێزگایە زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێناوە، بەڵام کۆی ئەو حزبە سیاسییانەی بەشێوەیەك لەشێوەیەکان لەگەڵ بانگەشەی هەڵبژاردنی یەکێتی دژی پارتی یەکیان دەگرتەوە، ئێستا ئەو حزبانە دژی ئاکامەکانی ئەو دەنگدانەن و یەکێتی بە ئەنجامدانی ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکە تۆمەتبار دەکەن.

٣- لە سنووری پارێزگای کەرکووك کە پارتی دیموکراتی کوردستان بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کەرکووکی کردبوو، کە کەرکووکی بە شارێکی داگیرکراو ناساندبوو، لەوێیش ڕێژەی بەشداریی هاووڵاتیانی کورد بە ئاستێك کەم بوو کە لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە داوایان لە خەڵك دەکرد، بچن بۆ دەنگدان، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو پارێزگایە ٦ کورسی بەدەستهێناوە، بەڵام نەك هەر حزبەکانی دیکەی کوردستان وەك (گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو و هاوپەیمانی و نەوەی نوێ و... هتد)، یەکێتی بە ئەنجامدانی ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکانی کەرکووك تۆمەتبار دەکەن، بەڵکو لایەنە عەرەبییەکان و تورکمانییەکانیش هەمان تۆمەت دەخەنە پاڵ یەکێتی و هەڕەشەی تێکدانی بارودۆخی کەرکووك و شەڕی نێوان کورد و پێکهاتەکانی دیکەی ئەو شارە دەکەن.

٤- پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی بەهۆی ئەو ساختەکارییەی لە هەڵبژاردنەکانی سلێمانی ئەنجام دراوە و کەمتر لە سێیەکی دەنگە جێگیرەکانی خۆی بۆ تۆمار کراوە، بەڵام ئەگەر سەیری کۆی کورسییەکانی هەر چوار پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی و هەولێر و دهۆك بکەین کە دەکاتە ٤٤ کورسیی پەرلەمانی عێراق، ئەم ڕێژەیەش دەبێتە جوگرافیای دەنگدان بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، ئەوا پارتی لەو ژمارەیە ١٩ کورسی بەدەستهێناوە کە دەکاتە ڕێژەی (٤٣-٤٤٪) کۆی دەنگەکانی ئەو چوار پارێزگایە، خۆ ئەگەر تەنیا دەنگە جێگیرەکانی پارتی لە سلێمانی و هەڵەبجە بەر ئەو ساختەکارییە نەکەوتنایە، ئەوا ژمارەی کورسییەکانی پارتی لە سلێمانی دەبووە ٢-٣ کورسی و بەمەش ڕێژەی دەنگدان بە پارتی

**پەیامی گرنگی دەنگدەران و ئاستی بەشداریی هاووڵاتیان لەهەردوو سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بۆ کۆی حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئەوەیە، کە خەڵکی ئەو دەڤەرە لە شێوازی سیاسەتکردنی ئەو حزبانە بێزار بوون کە بوونەتە فاکتەری ئەوەی پاشاگەردانی دروست بێت و ئاستی خزمەتگوزاری لە هەردوو پارێزگاکە پەکی بکەوێت**

**ئەوەی کە گۆڕان بانگەشەی بۆ دەکات بەوەی ئەوان زۆرینەن لە پارێزگای سلێمانی، مانای ئەوەیە ئەو ١٢ کورسییەی گۆڕان و یەکێتی لە سنووری ئەو پارێزگایە بەدەستیان هێناوە، قەوارەی راستەقینەی یەکێتی و گۆڕانە لەو سنوورە، بۆیە ئەگەر گۆڕانکارییەکیش رووبدات، بە زۆری هەر لە نێوان یەکێتی و گۆڕان روودەدات و حزبەکانی دیکە کەمتر دەگرێتەوە**

لەئاستی هەرێمی کوردستان دەگەیشتە (٤٦-٤٧٪) کۆی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستانن ئەمەش مانای ئەوەیە پارتی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ خاوەنی ٣٨٪ دەنگی هەرێمی کوردستان بووە و ٣٨ کورسیی پەرلەمانی هەیە، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە پێمان دەڵێت، پارتی خاوەنی ٤٣-٤٧٪ دەگدەرانی هەرێمی کوردستانە و ئەگەر ئەم دەنگدانە و ئاستی بەشداریی هاووڵاتیان بکەینە پێوەر بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە ٣٠ی ئەیلوولی داهاتوو، ئەوا کورسییەکانی پارتی دەگاتە نێوان ( ٤٣-٤٧) کورسی لە پەرلەمانی کوردستاندا.

٥- ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە کۆی ئەو کورسییانەی گۆڕان و یەکێتی پێکەوە لە کۆی هەر چوار پارێزگای ( سلێمانی و دهۆك و هەولێر و هەڵەبجە) بەدەستیان هێناوە و دەکاتە ١٥ کورسی لە کۆی ٤٤ کورسی ئەو پارێزگایانە، ئەوا ئەم ڕێژەیە دەکاتە ڕێژەی ٣٤٪ دەنگدەدرانی ئەو چوار پارێزگایە کە دەنگیان بە یەکێتی و گۆڕان داوە، خۆ ئەگەر ئاکامی ئەم دەنگدانە لە سنووری هەردوو پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی بەدروست دابنرێت و گۆڕان لەسەر ئاستی کورسییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمانی عێراق لە کۆی ٤٤ کورسی تەنیا ٥ کورسی بەدەستهێنابێت و یەکێتی ١٠ کورسی بە دەست هێنابێت، ئەوا ڕێژەی ١١،٣٪ دەنگدارانی کوردستان دەنگیان بە گۆڕان داوە و، ئەوا بە بەرارود بە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ی هەرێمی کوردستان کە گۆڕان ٢٤٪ دەنگەکانی بەدەستهێنابوو، ئەوا لەم هەڵبژاردنەدا بە ڕێژەی زیاتر ٥٠٪ دەنگەکانی گۆڕان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان کەمی کردووە، یەکێتی نیشتمانییش ڕێژەی دەنگدانی دەگاتە ٢٣،٧٪، ئەوا ئەمەش مانای ئەوەیە ڕێژەی دەنگەکانی یەکێتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی ( ٤,٥-٥٪) زیادی کردووە، بەڵام ئەم زیادبوونەی وەك شەش لایەنەکە بانگەشەی بۆ دەکەن، بە پلەی یەکەم لەسەر حیسابی ئەو ساختەکارییە بووە کە لە دەنگەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و لایەنەکانی دیکە بە پارتیشەوە کە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی سلێمانی و هەڵەبجە ئەنجامدراون.

٦- بە خوێندنەوەی ژینگەی سیاسیی هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و بە بەراوردکردن لەگەڵ ئاکامی هەڵبژاردنەکانی رابردوو، یەکێتی و گۆڕان دوو حزبی سەرەکیی ئەو دوو پارێزگایەن، بۆیە لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو بانگەشەیەش راست بێت کە یەکێتی ساختەکاری لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەو دوو پارێزگایە کردووە و تەنانەت هەتا ئەگەر دەنگەکانیش بەدەست هەژمار بکرێنەوە، ئەوا لەم حاڵەتەدا بەشی هەرە زۆری دەنگەکان لەنێوان یەکێتی و گۆڕان ئاڵوێر دەبێت، ئەمەش واتە وەك گۆڕان بانگەشە دەکات، ئەوان زۆرینەن لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە، مانای ئەوەیە، ئەو ١٢ کورسییەی گۆران و یەکێتی لە سنووری ئەو پارێزگایە بەدەستیان هێناوە، قەوارەی راستەقینەی یەکێتی و گۆڕانە لەو سنوورە، بۆیە ئەگەر گۆڕانکارییەکیش روویدات، بە زۆری هەر لەنێوان یەکێتی و گۆڕان روودەدات و حزبەکانی دیکە کەمتر دەگرێتەوە، بەڵام پەیامی گرنگی دەنگدەران و ئاستی بەشداریی هاووڵاتیان لەهەردوو سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بۆ کۆی حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئەوەیە، کە خەڵکی ئەو دەڤەرە لە شێوازی سیاسەتکردنی ئەو حزبانە بێزار بوون کە بوونەتە فاکتەری ئەوەی پاشاگەردانی دروست بێت و ئاستی خزمەتگوزاری لە هەردوو پارێزگاکە پەکی بکەوێت، بەمەش جیا لەوەی دەنگدەران لەسەر ئاستی کوردستان سزای گۆڕان و یەکێتییان لەسەر شێوازی سیاسەتکردنی رابردوویان داوە، لە هەمانکاتدا ئەو فرەحزبییە نابەرپرسیارانەیەشیان ڕەتکردۆتەوە کە ژینگەی سیاسیی پاشاگەردانی هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە دروستی کردووە و هیچ حزبێکی سیاسی لەو دەڤەرە بێجگە لە دژایەتیی پارتی و حکومەتی کوردستان، هیچ پەیامێکی بۆ خەڵکی کوردستان پێ نییە.

لێرەوە ئەگەر پەیامی دەنگدەران و ئاستی بەشداریی هاووڵاتیانی کوردستان لەم هەڵبژاردنە وەك نەخشەڕێگەیەك سەیر بکەین بۆ هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ئەیلوولی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان، ئەوا بەشدارینەکردنی نزیکەی ٥٠٪ دەنگدەرانی هەردوو پارێزگای

**ڕێژەی دەنگەکانی یەکێتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی ( ٤,٥-٥٪) زیادی کردووە، بەڵام ئەم زیادبوونەی وەک شەش لایەنەکە بانگەشەی بۆ دەکەن، بە پلەی یەکەم لەسەر حیسابی ئەو ساختەکارییە بووە کە لە دەنگەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و لایەنەکانی دیکە بە پارتیشەوە کە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی سلێمانی و هەڵەبجە ئەنجامدراون**

**نەک هەر حزبەکانی دیکەی کوردستان وەک (گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو و هاوپەیمانی و نەوەی نوێ و...هتد)، یەکێتی بە ئەنجامدانی ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکانی کەرکووک تۆمەتبار دەکەن، بەڵکو لایەنە عەرەبییەکان و تورکمانییەکانیش هەمان تۆمەت دەخەنە پاڵ یەکێتی و هەڕەشەی تێکدانی بارودۆخی کەرکووک و شەڕی نێوان کورد و پیکهاتەکانی دیکەی ئەو شارە دەکەن**

سلێمانی و هەڵەبجە لە پرۆسەی دەنگدان و پاشانیش ئەو گومان و نائومێدییەی لە ئاکامی هەڵبژاردنی ئەمجارە لەو دەڤەرە دروست بووە، ئەوەمان پێدەڵێت کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، دەنگدەرانی هەردوو پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی هاوشانی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك، بەپێچەوانەی ئەو مەزندانەی پێیانوایە خەڵك کەمتر بەشدار دەبێت، ئەوا رێژەیەکی زیاتر لەم هەڵبژاردنەی ئەمجارە بەشداری دەکەن و بەدەنگ سزای ئەو لایەنە سیاسییانە دەدەن کە بێجگە لە دژایەتی پارتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، هیچ بەرنامەیەکی دیکەیان نییە، خەڵکی ئەو دەڤەرە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی دەبێت ئەو پاشاگەردانییەی حزبەکان لەو دەڤەرە دروستیان کردووە، ئیدی کۆتایی بێت.

## ● ئایندەی پرۆسەی سیاسیی عێراق لەبەر رۆشنایی پەیامی دەنگدەران و ئاستی بەشداریی هاووڵاتیان

ئەگەر بەغدا وەك گەورەترین شار و پایتەختی عێراق و وەك نموونەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی بەشداریی هاووڵاتیان لە هەڵبژاردن و شێوازی دابەشکردنی دەنگەکان وەربگرین، کە ئەو پارێزگایە ٧١ کورسیی پەرلەمانی عێراقی بەردەکەوێت (٦٩+ ٢ کۆتای کریستیان و سائبە)، ئەوا دەبینین بە رێژەی کەمتر لە ٣٠٪ی خەڵك بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنەکەی کردووە، هەروەها هیچ کام لە لایەنە سەرەکییەکانی عێراق وەك (نەسر و فەتح و سائیروون و دەوڵەتی یاسا و وەتەنییە و حیکمە) نەیتوانیوە یەك لەسەر چواری کورسییەکانی بەغدا بەدەست بهێنن، بەرزترین ژمارەی کورسی کە لیستی سائیرون بە سەرۆکایەتیی موقتەدا سەدر بەدەستی هێناوە، ١٥ کورسی لەسەر ئاستی بەغدا بەدەستهێناوە کە دەکاتە رێژەی (٢١٪) ی کۆی دەنگەکانی ئەو پارێزگایە، دوای ئەو لیستەکانی فەتح و دەوڵەتی یاسا و نەسر دێت بە سەرۆکایەتیی عامری و مالیکی و عەبادی، ژمارەی کورسییەکانیان بریتین لە ( ٩،١٠،١١)، ئەمەش واتە رێژەی دەنگەکانی ئەم سێ لایەنە سەرەکییەش لەنێوان ( ١٣-١٦٪) دەنگەکانی بەغدایە.

لێرەوە ئەگەر کورسییەکانی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان ٥٨ کورسییە لە کۆی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراقی دەربکەین کە ژمارەی ٣٢٩ کورسییە و تەواوی ئەو ٨ کورسییە کۆتایانەشی لێ دەربکەین، کە بۆ پێکهاتەکانی دیکە دیاری کراون، ئەوا تەنیا ٢٦٣ کورسی دەمێنێتەوە کە لایەنە سەرەکییەکان لەسەر ئاستی عێراق ململانێیان لەسەر کردووە، ئەوا دەبینین رێژەی دەنگەکانی بەغدا بۆ هەرسێ لیستی براوەی یەکەم (سائیرون و فەتح و نەسر) هەمان رێژەی دەنگەکانیانە لەسەر ئاستی ٢٦٣ کورسییەکەی ململانێیان لەسەر کردووە، هەر بۆ نموونە سائیرون ٢١٪ی کورسییەکانی بەغدای بەدەستهێناوە، لە هەمانکاتدا هەمان رێژەشی لە ٢٦٣ کورسییەکەی پەرلەمانی عێراق بەدەست هێناوە، هەر یەکە لە فەتح و نەسریش (١٦-١٧٪)یان لە ٢٦٣ کورسییەکە بەدەست هێناوە. ئەم سێ لایەنە سەرەکییە کە سێ لایەنی سەرەکیی شیعەن و، چۆن لە کۆی کورسییەکانی بەغدا رێژەی (٥٠٪+١) یان بەدەست هێناوە، بەهەمان شێوە لە کۆی ئەو ٢٦٣ کورسییەشی بەسەر ١٥ پارێزگای عێراقیشدا دابەش کراون، پێکەوە ١٤٤ کورسییان بەدەستهێناوە، کە ئەمیش دیسان رێژەی (٥٠٪+١) زیاتر دەکات، بۆیە لەم راستەوە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنەکانی بەغدا لە رووی ئاستی بەشداریی هاووڵاتیان و شێوازی دابەشکردنی دەنگەکان بەسەر لایەنە سەرەکییەکانی شیعە، وێنەیەکی بچووکراوەی کۆی پرۆسەی هەڵبژاردنی ١٥ پارێزگاکەی عێراقمان بۆ وێنە دەکات، هەروەها نەخشەی تازەی پرۆسەی سیاسیی ئایندەی عێراقیشمان تا رادەیەك پیشان دەدات. دەکرێت ئەم خاڵانەی لێ بخوێنینەوە:

١- دەنگدەران و ئاستی بەشداریی لەبەغدا پێمان دەڵێت، نزیکەی ٧٥٪ی خەڵکی عێراق لە پرۆسەی سیاسیی عێراق بێزارن و نایانەوێت بەشداریی ئەو پرۆسە سیاسییە بکەن، ئەو رێژەیەشی کە لە نێوان ٢٥-٣٠٪ی دەنگی داوە، زۆرترینیان دەنگیان بە لیستی سائیرون داوە بە سەرۆکایەتیی موقتەدا سەدر، ئەمەش لەبەر ئەوەیە موقتەدا سەدر بە درێژایی چوار ساڵی

**سنووری پارێزگای کەرکووک کە پارتی دیموکراتی کوردستان بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کەرکووکی کردبوو، کە کەرکووکی بە شارێکی داگیرکراو ناساندبوو، لەوێیش رێژەی بەشداریی هاووڵاتیانی کورد بە ئاستێک کەم بوو کە لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە داوایان لە خەڵک دەکرد، بچن بۆ دەنگدان**

**کۆی ئەو حزبە سیاسییانەی بەشێوەیەک لەشێوەیەکان لەگەڵ بانگەشەی هەڵبژاردنی یەکێتی دژی پارتی یەکیان دەگرتەوە، ئێستا ئەو حزبانە دژی ئاکامەکانی ئەو دەنگدانەن و یەکێتی بە ئەنجامدانی ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکە تۆمەتبار دەکەن**

**بەپێی راپۆرتی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، شێوازی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی کوردستان و عێراق، بەسەرکەوتووترین و پاکترین پرۆسەی هەڵبژاردن تۆمارکراوە**

**- لیستی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی نەیتوانیوە سنووری ١٧٪ی ژمارەی کورسییەکانی ١٥ پارێزگاکەی عێراق مسۆگەر بکەن، لەمەش زیاتر مانای ئەوەیە عەرەبی شیعەی عێراق ڕاستە دەیانەوێت حوکمڕانی عێراق لەدەستی خۆیاندا بێت، بەڵام نایانەوێت کۆپی سیستمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراقدا دووبارە ببێتەوە**

**نەک هەر حزبەکانی دیکەی کوردستان وەک (گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو و هاوپەیمانی و نەوەی نوێ و...هتد)، یەکێتی بە ئەنجامدانی ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکانی کەرکووک تۆمەتبار دەکەن، بەڵکو لایەنە عەرەبییەکان و تورکمانییەکانیش هەمان تۆمەت دەخەنە پاڵ یەکێتی و هەڕەشەی تێکدانی بارودۆخی کەرکووک و شەڕی نێوان کورد و پێکهاتەکانی دیکەی ئەو شارە دەکەن**

ڕابردوو، دژی گەندەڵییەکانی حکومەت لە عێراقدا سەرپەرشتیی خۆپیشاندانەکانی بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراقی کردووە، هەروەها دەنگەکانی لیستی سائیرون ڕەنگدانەوەی دەنگدەری مەدەنیی عێراقە، لەبەر ئەوەی موقتەدا سەدر تەنیا خاوەنی میلیشیاکانی (سەرایا سەلام)ی سەر بە حەشدی شەعبییە، ئەوانیش ژمارەیان لە ٦-٧٪ی چەکدار تێپەڕ ناکات. ئەمەش مانای ئەوەیە لیستەکەی بە ڕێژەی ٢٥-٣٠٪ی دەنگدەرە بەشداربووە مەدەنییەکانی شارەکانی عێراق ئەو دەنگانەی بەدەست هێناوە.

٢- سەبارەت بە لیستی فەتح کە هادی عامری سەرۆکایەتیی دەکات و نوێنەرایەتیی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەکات و پلەی دووەمی بە ٤٧ کورسی بەدەستهێناوە، ئەوا ئەم ڕێژەیەی فەتح بەدەستی هێناوە، زۆر جیاوازە لەو ڕێژەیەی کە لیستی سائیرون بەدەستی هێناوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ڕێژەی ئەو خەڵکانەی پشتگیری لە حەشدی شەعبی دەکەن لەناو شیعە لەوانەیە بە ڕێژەی ٨٠٪ دەنگیان بە لیستی فەتح دابێت، بۆیە ئەو ڕێژەیەی کە عامری لە لیستی فەتح بەدەستی هێناوە، ئەو دەنگدەرە توندڕۆیانەی شیعەن کە پشتگیری لە حەشدی شەعبی دەکەن و خۆیان بە پاشکۆی سوپای پاسداران دەزانن و بوونە هۆکاری ئەوەی کە عەرەبی عێراق بە شیعە و سوننە لە پرۆسەی سیاسی نائومێد بن و بەشداریی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە نەکەن، بۆیە لەگەڵ ئەوەی ئاستی بەشداریی ئەو توندڕۆیانە زۆر بەرزیش بووە، بەڵام ڕێژەی دەنگەکانی لیستی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی نەیتوانیوە سنووری ١٧٪ی ژمارەی کورسییەکانی ١٥ پارێزگاکەی عێراق مسۆگەر بکەن، لەمەش زیاتر مانای ئەوەیە عەرەبی شیعەی عێراق ڕاستە دەیانەوێت حوکمڕانی عێراق لەدەستی خۆیاندا بێت، بەڵام نایانەوێت کۆپی سیستمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراقدا دووبارە ببێتەوە.

٣- لیستی نەسر بە سەرۆکایەتیی حەیدەر عەبادی، بە حیساب سەرۆک وەزیرانە سەرکەوتووەکەی عێراق بووە و لە ماوەی دەسەڵاتی ئەودا هێرشی سەربازی بۆ سەر کوردستان کردووە و کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی داگیرکردۆتەوە، هەروەها خۆی کردۆتە خاوەنی سەرکەوتن بە سەر تیرۆریستانی داعشدا، بەڵام لەسەر ئاستی دەنگدەری مەدەنیی عێراق بە جۆرێك ڕەتکراوەتەوە کە لەوانەیە ئەگەر ئەو ئیمکانییەتەی سەرۆك وەزیرانی لەبەر دەست نەبوایە و سوودی لە پرۆسەی دەنگدانی تایبەت (سوپا و پۆلیسی فیدراڵی) وەرنەگرتایە، حاڵی زۆر لە لیستی دەوڵەتی قانوون بە سەرۆکایەتیی نوری مالیکی خراپتر دەبوو، کە مالیکی لەناو حزبی دەعوە پێگەی زۆر لە عەبادی باڵاترە. حەیدەر عەبادی لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراقدا وەك سەرۆك وەزیران هەڵمەتی هەڵبژاردنی لیستی نەسری بەڕێوە دەبرد، تەنانەت تەنیا سەرۆك لیست بوو هاتە هەرێمی کوردستان و سەردانی سلێمانی و هەولێری کرد و لیستەکەی ڕاگەیاند، بەڵام چۆن لە هەرێمی کوردستان خۆی و لیستەکەی ڕەتکرایەوە، لەناو دەنگدەری مەدەنی عێراقیش ڕەتکراوەتەوەو تەنیا ئەو خەڵکانە دەنگیان پێداوە کە لە دامەزراوەکانی دەوڵەت بوون، بەتایبەتی (سوپا، هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی، هێزەکانی ئاسایش، بەشێك لە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کە خۆیان بە پاشکۆی سوپای پاسداران نازانن، بەشێك لە فەرمانبەرانی دامودەزگاکانی عێراق کە بە پارە و ئیمتیازات کڕیوونی)، ئەم ڕەتکردنەوەی عەبادی لەسەر ئاستی دەنگدەری مەدەنیی عەرەبیی شیعەی عێراق، ئەوەمان پێدەڵێت کە بەشی زۆری عەرەبی شیعەی عێراق دژی ئەو دەسەڵاتەن کە بیەوێت بە زەبری هێزی سەربازی مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن، ئەم بۆچوونە لەسەر ئەو بنەمایە دروست نەبووە کە ڕای گشتی لەناو عەرەبی شیعە پشتگیری لە مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان دەکەن، نەخێر، ئەم بۆچوونە لەسەر ئەو بنەمایە دروست بووە، ئەگەر دەسەڵاتی شیعە نەتوانێت جۆرێك هاوسەنگی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بپارێزێت، ئەوا بارودۆخی عێراق بە جۆرێك ئاڵۆز دەبێت کە بۆ هەتا هەتایە دەسەڵات لە



دەستی شیعە نەمێنێت، ئەوجا شیعەی عێراق بۆ ئەوەی بتوانێت پارێزگاری بە دەسەڵاتی عێراقەوە بکات، نایانەوێت پەیوەندییان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بگاتە ئەو ئاستەی شەڕێکی خوێناوی لەگەڵ کوردستاندا دروست بێت.

ئەگەر لەسەر بنەمای دەنگدەران و ئاستی بەشداریی هاووڵاتیان هەڵسەنگاندن بۆ ئایندەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بکەین، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە تەنیا لیستی سائیرون بە بەراورد بەکۆی لیستەکانی دیکەی شیعە، لەناو عەرەبی شیعەی عێراقدا خاوەنی بنکەیەکی جەماوەریی مەدەنییە، لەمەش زیاتر موقتەدا سەدر راشکاوانە رای خۆی دەبڕیوە و کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی دەبێت حکومەتی داهاتووی عێراق لە کەسانی تەکنوکرات پێکبهێنرێت، نەك سەرکردە سیاسییەکانی ناو لایەنە سیاسییەکان، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی حکومەتی تەکنوکرات ئەزموونێکی سەرکەوتووی بەرچاوی ئەوتۆی لە مێژووی حوکمڕانیی حکومەتەکانی جیهانیشدا نییە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئەو سێ کابینەیەی پێشوو کە حزبی دەعوە بەڕێوەی برد و بووە هۆکاری ئەوەی داعش لە عێراقدا سەر هەڵبدات، ئەو حکومەتە تەکنوکراتەی سەدر داوای دەکات (کە زۆر زەحمەتە دابمەزرێت) لەوانەیە بۆ ئێستای بارودۆخی ئاڵۆزی عێراق لە هەر شێوازێکی دیکەی پێکهێنانی حکومەت سەرکەوتووتر بێت و تا رادەیەکی زۆریش دەستێوەردانی سوپای پاسداران و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە پرۆسەی سیاسیی عێراق دوور بخاتەوە.

**ئەو حزبانەشی وەک (یەکگرتووی ئیسلامی) کە جوامێرانە بەرگرییان لە ئەنجامدانی ریفراندۆمی کوردستان دەکرد، بەڵام گوتاری هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەیان زیاتر دژی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، کە ئەمیش هاوئاواز لەگەڵ حزبەکانی دیکە گوتاری هەڵبژاردنەکەی دژی پارتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکی دەگرتەوە**



**پارێزەر سیروان حەمەشەریف**

**هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە یاسای نیودەوڵەتی بۆ گوڵان:**

# نابێت پارتی ڕێگە بدات هێماکانی دەوڵەت و ئاڵا بە ئیرهابی فیکریی زۆنی سەوز و نیلی کاڵ بێتەوە

**تاوتوێکردنی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و جۆر و شێوە و ڕێژەی بە شداریی هاووڵاتیانی کوردستان لەو هەڵبژاردنە، هەروەها ئەو ژینگە سیاسییەی زۆنی سەوز و نیلی کە بە (ژینگەی ئیرهابی فیکری) ناو دەبردرێت و بە هەموو شێوەیەك دژایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات، ئەمانە و چەندین پرسی دیکەی گرینگ و هەنووکەیی، ناوەڕۆکی ئەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ پارێزەر سیروان حەمەشەریف هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە یاسای نێودەوڵەتی پێکدەهێنن.**

*** لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراقدا ئاستی بە شداریی هاووڵاتیانی کوردستان لە دەڤەری سلێمانی نزم بوو، ئایا هۆکاری ئاستی نزمی بەشداریی هاووڵاتیان لەو دەڤەرە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- دیارە هەر وەك چۆن داڕشتن و دەرکردنی یاسایەکی باش لە وڵاتێکدا دەبێتە بنەمایەکی باش بۆ دەرکردنی یاسایەکی باشتر و دەرکردنی یاسایەکی خراپ، دەبێتە بنەمایەك بۆ یاسایەکی خراپتر، ئەوا بۆ پرۆسەکانی هەڵبژاردنیش هەر بەو شێوەیەیە. هەر کاتێك لە پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا خەڵك متمانەی کەم بێت بەو پرۆسەیە، ئەوا دەبێتە بنەمایەك بۆ قۆناخێکی بێ متمانەیی زیاتر لە هەر هەڵبژاردنێکی دیکەشدا، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئاستی نزمی بەشداریی هاووڵاتیانی دەڤەری سلێمانی و هەڵەبجە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراقدا دەبێتە هۆکاری ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا خەڵکی ئەم ناوچەیە زیاتر بێ متمانە بێت و کەمتر لە ڕێژەی ئەم جارە بەشداری بکات.

*** باشە ئەگەر بەجۆرێکی دیکە پرسیار بکەین، ئەو هۆکارانە چین کە بوونە هۆکاری ئەوەی خەڵکی هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بەشدارییان لە پرۆسەی هەڵبژاردن کەم بێت؟**

- ئاشکرایە پارتی دیموکراتی کوردستان ژینگەی سیاسیی زۆنی سەوز و نیلی ناو لێناوە (ژینگەی ئیرهابی فیکری)، بەڵام من پێشتریش وتوومە و ئێستاش دەیڵێمەوە، پێدەچێت پارتی خاتری ئەو ژینگەیەی گرتبێت، ئەگەرنا وەك عەلی شەریعەتی کە بیرمەندێکی ئێرانی و خۆرهەڵاتییە و بزوێنەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانە، ناوی لە ژینگەی سیاسیی لەمجۆرە ناوە

**پارتی ژینگەی سیاسیی زۆنی سەوز و نیلی بە (ژینگەی ئیرهابی فیکری)، ناودەبات، بەڵام پێدەچێت پارتی خاتری ئەو ژینگەیەی گرتبێت، چونکە ژینگەی لەو جۆرە عەلی شەریعەتی بە (استحمار) ناوی بردووە، واتە لێسەندنەوەی ئەقڵ لەخەڵک و ئاراستەکردنی بەوجۆرەی خۆیان دەیانەوێت**

**هەموو هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان باش دەزانن، ئەگەر پارتی هەڵوێستی خۆی لەسەر پرسێک دەربڕی، ئەم قسە و هەڵوێستەی خۆی دەباتەسەر و خاوەنی قسە و هەڵوێستی خۆیەتی، کەواتە رووی بەغدا و دەوڵەتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە پارتییە، پارتییش دەبێت هەموو هێزەکانی کوردستان پێکەوە کۆبکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت نوێنەرایەتییکی بەهێز بکات**

**مام جەلال دەیتوانی هاوسەنگی رابگرێت و هاوکێشە سیاسییەکان بە وردی بخوێنێتەوە، بۆیە ئەگەر یەکێتی بیەوێت میراتگری ئەو سیاسەتە بێت، ئەوا دەبێت باش بزانن بە هەڕەشەی پەنجە بڕین و بە دروستکردنی گوشار و سەپاندنی دەسەڵاتی سەربازی کێشەکان ئاڵۆزتر دەکەن و بۆیان چارەسەر ناکرێت**

**دەبوو گۆڕان لەگەڵ پێنج حزبە سیاسییەکەی دیکە بۆ ئێستا هاوپەیمانیی پارتی بکات، بۆ ئەوەی پێگەی خۆی بەرامبەر یەکێتی بەهێز بکات، بەڵام ئەو ئەمە ناکات، ماناى ئەوەیە سیاسەتەکەشی بەرهەمی نابێت**

(ئیستحمار)، ئەمەش واتە لێسەنەندنەوەی ئەقڵ لە خەڵك و ئاراستەکردنی بەو جۆرەی خۆیان دەیانەوێت، ئەگەر لەناو ئەم ژینگەیەی کە ئەقڵی لە خەڵك سەندۆتەوە، پارتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نموونە وەربگرین، دەبینین حکومەتی هەرێمی کوردستان بە حوکمی ئەوەی پارتی نوێنەرایەتیی سەرەکیی دەکات، ئەوا هەنگاوە باشەکان و کارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم دەڤەرە بە ناشیرینی وێنا دەکرێت و جارانی سفر دەکرێت، یان لەبەر ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیداغی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانی بەرز کردۆتەوە، ئەوا لەم ژینگەیەدا دژایەتیی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان دەکرێت، ئەمە لە کاتیکدا لە بیستەکانی سەدەی رابردوو کاتێك لیژنەی کۆمەڵەی گەلان رای خەڵکی کوردستانی وەرگرت، بەوەی ئایا رازین بەشێك بن لە عێراق، تەنیا لە ناوچەکانی سلێمانی و گەرمیان داوایان کردووە کە دەبێت کوردستان سەربەخۆ بێت و سەر بەبەغدا نەبێت، بەڵام لە ئێستا وەك دەبینین شاڵاوێکی گەورە لە میدیا و سۆشیال میدیاوە دەستی پێکردووە، بۆ ئەوەی خەڵك بڵێت من ریفراندۆم و سەربەخۆییم ناوێت، بۆیە ئەم ژینگەیە بۆتە هۆکاری ئەوەی خەڵك ئینتیمای بۆ نەتەوە و کوردستان نەمێنێت، راشکاوانە دەیڵێم لە شاری سلێمانی کە خۆی بە پایتەختی رۆشنبیری دەزانێت، زۆر ئاساییە کەسێك کادری حزبی نەسری عەرەبی بێت، بەڵام کەسێك کادری پارتی دیموکراتی کوردستان بێت دەکرێتە ئامانج و هێرش دەکرێتە سەری و قسەی پێ دەگوترێت. ئەوجا بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو هێرشە نارەوایەی لە میدیا و سۆشیال میدیاوە دوور لە هەموو بنەمایەکی ئەخلاقی و ویژدانی دەکرێت و بۆتە هۆکاری ئەوەی هێماکانی (نەتەوە و دەوڵەت و ئاڵا) کاڵ ببێتەوە، پێویستە پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری لەسەر بکەن و بەرپەرچی بدەنەوە، ئەم بەرپەرچدانەوەیە دەبێت لەسەر بنەمای کار و کاردانەوە بێت و ئاستی ئەو ئەو هەڵمەتەی لە زۆنی سەوز و نیلییەوە دەکرێتە سەر هێما پیرۆزەکانی (نەتەوە و دەوڵەت و ئاڵا)، دەبێت کاردانەوەی پارتی و حکومەتیش لە هەمان ئاستدا بێت. هەروەها دەبێت ئەو خەڵکانەی تایبەتمەندن لە پرسەکانی نەتەوە و دەوڵەت و پاراستنی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی لە میدیا و سۆشیال میدیا، بایەخی زیاتریان پێبدرێت و هەوڵبدەن خەڵك هۆشیار ببێتەوەو لەو ژینگە سیاسییە بەئاگا بێتەوە کە دەیانەوێت ئەقڵی هەر تاکێکی کوردستان سڕ بکەن.

*** ئەگەر سەیری ئاکامی هەڵبژاردنی ئەمجارەی سنووری هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بکەین، ئاکامە بەرایییەکان وا دەردەکەون کە خەڵکی ئەو ناوچەیە یەکێتی خەڵات کردبێت و کۆی حزبە سیاسییەکانی دیکەی سزا دابێت، لەسەر ئەم پرسە راتان چییە؟**

- لە زمانی عەرەبیدا چەمکی «عقل سلیم» هەیە، واتە ئەقڵێکی ساخڵەم، ئەوجا ئەگەر بە ئەقڵێکی ساخڵەم بەراروردی باروودۆخی یەکێتی لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەمجارە بکەین، ئەوا دەبوو دەنگەکانی یەکێتی زۆر زۆر کەمی بکردایە، من تەنیا وەك شرۆڤەوانێك قسە دەکەم و چاودێر نەبووم لەسەر سندوقەکانی دەنگدان هەتا بزانم شێوازی ساختە کارییەکە چۆن بووە، بەڵام بەپێی بنەمایەکی یاسایی کە دەڵێت: کەسێك بانگەشە بۆ پرسێك بکات، دەبێت بتوانێت بیسەلمێنێت، بۆیە ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە سەیر بکەین، دەبینین هەموو حزبەکان (گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو، نەوەی نوێ، هاوپەیمانی، شیوعی) هەموویان دەڵێن: ئێمە دەیسەلمێنین کە یەکێتی نەك هەر تەنیا ساختەکاری کردووە، بەڵکو وەك ئادەم سیسمس دەڵێت: «هەمووی بۆ خۆم و بۆ ئەوانی دیکەش هیچ»، یەکێتی ئەم بنەمایەی پیادە کردووە کە هەموو دەنگەکان بۆ خۆی بەرێت و ئەوانی دیکەش هیچ، بۆیە ئەمە تەنیا قسەی من نییە و قسەی کۆی حزبە سیاسییەکانی کوردستانە (بێجگە لە یەکێتی)، هەموو ئەمانەش لە میدیا و سۆشیال میدیا بڵاو دەکرێنەوە و باس دەکرێت، لەم بازنەیەدا ئەقڵی ساخڵەم گومان دەخاتە سەر ئەو دەنگانەی یەکێتی هێناویەتی و دەنگەکان بە نادروست لەقەڵەم دەدات، هەروەها ئەو دەنگانەشی حزبەکانی دیکە هێناویانە، دیسان بە ناتەندروستی دەزانێت. ئەگەر لێرەوە

تەنیا دەنگەکانی پارتی لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بە نموونە وەربگرین، ئاشکرایە دەنگەکانی پارتی لەم دەڤەرە تا رادەیەك جێگیرە، باشە بۆچی دەنگی پارتی بۆتە سێیەك لە کاتێکدا پارتی پێشەنگی پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانە کە ٩٣٪ی خەڵکی کوردستان بە بەڵێ دەنگی بۆ داوە، بەڵام یەکێتی دەنگەکانی دوو هێندەی خۆی زیاد بکات؟ ئەمەیە ئەو بەراوردەیە کە ئەقڵێکی ساخلەم پێی قبووڵ ناکرێت.

*** لەگەڵ ئەوەی پارتی لەو دەڤەرە پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەمیانەی ئەو هەڵمەتە دژەی دەکرایە سەری، غەدری لێکرا و لە هەڵبژاردنەکانیشدا دەنگەکانی لەو دەڤەرە دزران، بەڵام لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەنگی بە پارتی دایەوە، ئایا ئەمە چ ئاماژەیەکی لێ دەخوێندرێتەوە؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو لایەنەیە کە بەیداخی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانی بەرزکردۆتەوە، بۆیە گەلی کوردستان کە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیشدا، هەست بەو غەدرە دەکات کە لێی کراوە، بۆیە دەبوو پارتی لەم هەڵبژاردنە زۆر لەو دەنگانە زیاتری بەدەست بهێنایە کە ئێستا بەدەستی هێناوە و پشکی شێری دەنگەکانی بەر بکەوتایە، بۆیە پارتی دەنگەکانی زۆر زیادی نەکردووە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بانگەشە دژەی لە زۆنی سەوز و نیلییەوە دەکرایە سەر پارتی. دیارە زۆنی سەوز و نیلی زۆنێکی دیموکراتی نییە، بەڵکو زۆنێکی حزبۆکراسیە، دیموکراتی سنووری خۆی هەیە، بۆیە ئەو بانگەشە حزبییە دژەی لەم زۆنەوە دژی پارتی ئاراستە کرا، غەدرێکی گەورە بوو لە پارتی کرا، ئەگەر ئەمە نەبوایە، پارتی دەنگێکی زۆر زیاتری لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بە دەست دەهێنا. خەڵکی کوردستان هەڵوێستی پارتی لەبەرچاوە، کاتێك بۆتە بەیداخهەڵگری ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان، لە پرۆسەکەدا هەموو حزبەکانی دیکە بەوانەشی دژ بوون لەسەرەتاوە، بەڵام دوایی هاتن و دەنگیان بە بەڵێ بۆ ریفراندۆم دا، بەڵام کاتێك پرۆسەکە رووبەڕووی پیلانگێڕی هاتەوە، پارتی بەتەنیا شانی دایە بەر و دەرهاویشتە نەرێنییەکانی هەمووی رووبەڕووی پارتی بوونەوە و بەرگەی ئەو دەرهاویشتە خراپانەی گرت و نەیهێشت کوردستان لەناو بچێت. پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا باجی گەورەی داوە، ئەگەر مەبەستی دەسەڵات بوایە دەیتوانی لەگەڵ حکومەتی عێراق دەست تێکەڵ بکات و جاشایەتی قبووڵ بکات، بۆ ئەوەی بۆ چەندین ساڵی دیکەش دەسەڵاتەکەی خۆی بپارێزێت، بەڵام پارتی پارتێکی نەتەوەییە و بڕوای بەوە هەیە کە دەبێت ئەم نەتەوە بێ دەوڵەتە ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، من کەسێکم لەناو خەڵکم، راشکاوانە دەڵێم: خەڵك ئەگەر ئومێدێکی مابێت، ئەو ئومێدەی بە پارتی ماوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە:

١- پارتی لەگەڵ دەنگدەری خۆی راستگۆیە.

٢- دۆستایەتییەکەی، دۆستایەتییە و نادۆستایەتیشی، نادۆستایەتییە.

لەسەر ئەم بنەمایەش هەر بۆ نموونە، کۆماری ئیسلامی راشکاوانە دەزانێت هەڵوێستی پارتی چۆنە، کۆماری تورکیا دەزانێت هەڵوێستی پارتی چۆنە، بۆیە ئەوان دەتوانن بە یار، یان بە نەیار مامەڵە لەگەڵ پارتی بکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە پارتی کەسایەتییەکی دامەزراوەیی هەیە و هەڵوێستی روون و ئاشکرایە.

*** دیارە بێجگە لە پارتی هەر لە زۆنی سەوز و نیلی، دوو پارتی دیکەش هەن وەك (یەکگرتوو و سۆشیالیست) کە پشتگیریی ریفراندۆم و سەربەخۆییان کرد، ئایا ئەوان بۆ دەنگەکانیان نەماوە؟**

- بێگومان سیستمی دیموکراتی لەناو سیستەمە خراپەکاندا کەمتر لەوانی دیکە خراپترە، یان دەبێت بڵێین باشی ناو خراپەکانە، بۆیە سیستمی دیموکراتیش بێ کەموکورتی نییە، یەکێك لە دیاردە ناشیرینەکانی دیموکراتی ئەوەیە کە وەك هیتلەر دەڵێت: گوزەرکردنی وشترێك بە کونی دەرزیدا، زۆر ئاسانترە لەوەی کەسێکی شیاو بۆ پۆستێکی شیاو بە رێگەی دیموکراتی دیاری بکەیت، هەروەها کابرایەکی پێڵاو درووی توانی قسەی خۆی بەسەر سوکراتدا

**کاک محەمەدی حاجی مەحموود، ئەو کەسایەتییەیە کە سەرۆك بارزانی حیسابێکی تایبەتی بۆ دەکات، ئەم رێزگرتنەی سەرۆك بارزانی بۆ کاکە حەمە، وایکردووە حزبەکانی سلێمانی بەچاوی رق و کینە سەیری کاکە حەمە و حزبی سۆشیالیست بکەن**

**پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا باجی گەورەی داوە، ئەگەر مەبەستی دەسەڵات بوایە دەیتوانی لەگەڵ حکومەتی عێراق دەست تێکەڵ بکات و جاشایەتی قبووڵ بکات، بۆ ئەوەی بۆ چەندین ساڵی دیکەش دەسەڵاتەکەی خۆی بپارێزێت**

**خەڵکی کوردستان هەڵوێستی پارتی لەبەرچاوە، کاتێک بۆتە بەیداخهەڵگری ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان، لە پرۆسەکەدا هەموو حزبەکانی دیکە بەوانەشی دژ بوون لەسەرەتاوە، بەڵام دوایی هاتن و دەنگیان بە بەڵێ بۆ ریفراندۆم دا، بەڵام کاتێک پرۆسەکە رووبەڕووی پیلانگێڕی هاتەوە، پارتی بەتەنیا شانی دایە بەر و دەرهاویشتە نەرێنییەکانی هەمووی رووبەڕووی پارتی بوونەوە**

زاڵ بکات. بیرمەندانی جیهان لەسەر ئەوە دەڵێن: ئەگەر ئەقڵی سوکرات پێوانە بکرایە، هێندەی هەموو ئەقڵی یۆنان دەبوو، بەڵام لە ژینگەی دیموکراتیدا چەرم بە سەر ئەقڵ و زانست و مەعریفە و ئەخلاقدا زاڵ بوو. ئەوجا ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ هەڵوێستی کاك محەمەدی حاجی مەحموود و حزبی سۆشیالیست، جیا لەوەی حزبی سۆشیالیست حزبێکی شۆڕشگێڕە، لە هەمانکاتدا کاك محەمەدی حاجی مەحموود لەناو سەنگەردا کوڕەکەی لە تەنیشت خۆی شەهید بوو، لەبەردەستی خۆی گیانی سپارد، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادە نەبوو بەرەکانی شەڕ بەجێ بهێڵێت، هەتا بە زۆر سەرۆك مسعود بارزانی لەگەڵ تەرمی کوڕەکەی ناردیەوە، بەڵام لەناو ئەو ژینگە دیموکراسییەی کوردستاندا کورسییەکی پێ ڕەوا نەبینرا، بۆیە زۆر جار دەڵێم، دیموکراتی زوڵمیشی تێدایە، زوڵمەکەش ئەوەیە راستە لە رووی ژمارەوە حیسابی بۆ دەکرێت، بەڵام لەناو ئەو ژمارانەشدا کەسانێك هەن، سەد هێندەی ئەوانەی دیکە لێهاتوون، بەڵام دیموکراسی ئەمە ناخوێنێتەوە، بەڵام ئەگەر لە رووی مەعنەوییەوە سەیری بکەین، دەبینین کاك محەمەدی حاجی مەحموود، ئەو کەسایەتییەیە کە سەرۆك بارزانی حیسابێکی تایبەتی بۆ دەکات، ئەم رێزگرتنەی سەرۆك بارزانی بۆ کاکە حەمە، وایکردووە حزبەکانی سلێمانی بەچاوی رق و کینە سەیری کاکە حەمە و حزبی سۆشیالیست بکەن. حزبەکانی سلێمانی هەر لە ساڵی ٢٠٠١ ـەوە تا ئێستا ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم دەڤەری ئێمەیان تێکداوە.

*** هەر لەسەر دەرهاویشتە خراپەکانی ئەو ژینگە ئاڵۆزەی سلێمانی، دیارە وەك هەموو لایەك گوێمان لێ بووە، یەکێتی نیشتمانی هەڕەشەی پەنجە بڕین دەکات و بزووتنەوەی گۆڕانیش کە تا ئێستا بانگەشەی ئەوەی دەکرد، حزبێکی مەدەنییە، کەچی ئێستا ئەویش هەوڵی دروستکردنی میلیشیایەکی چەکداری دەدات، ئایا ئەم دەرهاویشتە نەرێنییە چۆن سەیر بکەین؟**

- ئەمەی گۆڕان کاردانەوەی هێرشی چەکدارانی یەکێتییە بۆ سەر بارەگەکەیان، با واقیعیی بین. تۆ بێچووە باڵندەیەکیش زۆر ئازار بدەیت، لێت هەڵدەگەڕێتەوە دەنووکێکت لێ دەدات، بۆیە سیاسەت نە بەو میتۆدەی یەکێتی دەکرێت، نە بەو میتۆدەی گۆڕانیش کە هەموو شتێك رەتدەکەنەوە و دەیکەین بە سفر، بزووتنەوەی گۆڕان پێی وایە ٢+٢=٤ دەبێت هەر بەم جۆرە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵام وەك شیعرەکەی قازی دەڵێت، ٢+٢ = ١، ئەمەش بەو مانایەی هەر چوار پارچەی کوردستان یەکسانە بە یەك کوردستان، بۆیە زۆر ئەم بیرکردنەوەی گۆڕان بۆتە هۆکاری ئەوەی خۆی لاواز بکات، لە حاڵی ئێستایاندا، گۆڕان دەڵێت، یەکێتی دەنگەکانی ئێمەی بردووە و غەدری لێکردووین، باشە بۆچی گۆڕان پێکەوە هێرش دەکاتە سەر پارتی و یەکێتی و پارتی گرێدەداتەوە بە یەکێتییەوە؟ بۆیە دەبوو گۆڕان لەگەڵ پێنج حزبە سیاسییەکەی دیکە بۆ ئێستا هاوپەیمانیی پارتی بکات، بۆ ئەوەی پێگەی خۆی بەرامبەر یەکێتی بەهێز بکات، بەڵام ئەو ئەمە ناکات، مانای ئەوەیە سیاسەتەکەشی بەرهەمی نابێت، سەبارەت بە یەکێتیش دیارە من خۆم گوێم لەو ئەندام مەکتەب سیاسییەی یەکێتی بوو کە گوتی: ئەوەی یەکێتی تۆمەتبار بکات، پەنجەی دەبڕین، دیارە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی ئەگەر خۆیان بە میراتگری سیاسەتی مام جەلال دەزانن، ئەوا دەبێت بزانن سیاسەت بەمجۆرە ناکرێت، جۆلیان ئەندرسۆن کە رۆژنامەنووسێکی ئەمریکییە و دوو کتێبی نووسیوە بە ناونیشانی (کەوتنی بەغدا و پیاوەکانی)، سەبارەت بە مام جەلال دەڵێت، مام جەلال ئەو کەسایەتییەیە کە لەیەك کاتدا دەیتوانی بۆ بەرژەوەندیی پرسی کورد، ئەملاو ئەولای ئەحمەدی نەژاد و کوڵمەکانی کۆندالیزا رایز ماچ بکات، لەمەش مەبەستی ئەوەیە مام جەلال دەیتوانی هاوسەنگی رابگرێت و هاوکێشە سیاسییەکان بە وردی بخوێنێتەوە، بۆیە ئەگەر یەکێتی بیەوێت میراتگری ئەو سیاسەتە بێت، ئەوا دەبێت باش بزانن بە هەڕەشەی پەنجە بڕین و بە دروستکردنی گوشار و سەپاندنی دەسەڵاتی سەربازی کێشەکان ئاڵۆزتر دەکەن و بۆیان چارەسەر ناکرێت. بۆ ئەم کێشەی ئێستا کە شەش حزبەکە لەگەڵ یەکێتی هەیانە، گرنگە یەکێتی بە دوای رێگەچارەیەکدا بگەڕێت و

**دەبێت ئەو خەڵکانەی تایبەتمەندن لە پرسەکانی نەتەوە و دەوڵەت و پاراستنی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی لە میدیا و سۆشیال میدیا، بایەخی زیاتریان پێبدرێت و هەوڵبدەن خەڵک هۆشیار ببێتەوەو لەو ژینگە سیاسییە بەئاگا بێتەوە کە دەیانەوێت ئەقڵی هەر تاکێکی کوردستان سڕ بکەن**

**بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو هێرشە نارەوایەی لە میدیا و سۆشیال میدیاوە دوور لە هەموو بنەمایەکی ئەخلاقی و ویژدانی دەکرێت و بۆتە هۆکاری ئەوەی هێماکانی (نەتەوە و دەوڵەت و ئاڵا) کاڵ ببێتەوە، پێویستە پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری لەسەر بکەن و بەرپەرچی بدەنەوە**

**لە شاری سلێمانی کە خۆی بە پایتەختی رۆشنبیری دەزانێت، زۆر ئاساییە کەسێک کادری حزبی نەسری عەرەبی بێت، بەڵام کەسێک کادری پارتی دیموکراتی کوردستان بێت دەکرێتە ئامانج و هێرش دەکرێتە سەری و قسەی پێ دەگوترێت**



چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، لەمەش زیاتر دەبێت بزانین کێشەکانی هەرێمی کوردستان بە هێزی لۆژیك چارەسەر دەکرێت نەك بە لۆژیکی هێز، ئەگەر خوانەخواستە دوای لۆژیکی هێز بکەوین کێشەکان ئاڵۆزتر دەبن و چارەسەریشیان ئەگەر مەحاڵ نەبێت، ئاسان نابێت.

**• پارتی دیموکراتی کوردستان، وەك حزبی یەکەم و سەرەکی لە کوردستان پشکی شێری بەردەکەوێت بۆ ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کوردستان، ئایا پارتی پێویستە چۆن لۆژیکانە مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخە بکات بۆ ئەوەی پێگەی کوردستان لە بەغدا بەهێز بێت؟**

- ئەگەر واقیعییانە سەیری هاوکێشەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکەین، ئەوا پارتی ئەو هێزەیە کە دەتوانرێت بینای لەسەر بکرێت، هەموو هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان باش دەزانن، ئەگەر پارتی هەڵوێستی خۆی لەسەر پرسێك دەربڕی، ئەم قسە و هەڵوێستەی خۆی دەباتەسەر و خاوەنی قسە و هەڵوێستی خۆیەتی، کەواتە ڕووی بەغدا و دەوڵەتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە پارتییە، پارتییش دەبێت هەموو هێزەکانی کوردستان پێکەوە کۆبکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت نوێنەرایەتییەکی بەهێز بکات، لەسەر ئەم بنەمایە پارتی دەبێت موراعاتی دڵی هەموو ئەو حزبانە بکات کە لە زۆنی سەوز و نیلی بە جۆرێك لە جۆرەکان دڵیان شکاوە، ئەمەش بەرپرسیاریەتییەکی گەورەیە و دەکەوێتە سەرشانی پارتی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە خواستی هەندێك لە دەوڵەتانی هەرێمی ئەوەیە هەرێمی کوردستان تێکبچێت و سنووری دێگەڵە دووبارە زیندوو ببێتەوە، ئەوجا تا ئەوە ڕوونەدات، دەبێت پارتی خاوەنی دەستپێشخەری بێت و لەگەڵ یەکێتی قسە بکات، بۆ ئەوەی ڕێگەیەك بدۆزرێتەوە ئەو حزبانە ڕازی بکرێنەوە، ئێستاش کە سەرەتای قسەکردن و پەیوەندیکردن لە نێوان پارتی و چەند لایەنێکی عێراقی دەستی پێکردووە، ئاماژەیە بۆ ڕۆڵی گرنگی پارتی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین لانیکەم مافە دەستوورییەکانی کوردستان لە دەستووری عێراقدا جێبەجێ بکەین، ئەوا دەبێت هەرچۆنێك بێت، گوتارێکی کوردستانی دروست بکرێت و بەو گوتارەوە لەگەڵ بەغدا قسە بکرێت.

**شاڵاوێکی گەورە لە میدیا و سۆشیال میدیاوە دەستی پێکردووە، بۆ ئەوەی خەڵک بڵێت من ریفراندۆم و سەربەخۆییم ناوێت، بۆیە ئەم ژینگەیە بۆتە هۆکاری ئەوەی خەڵک ئینتیمای بۆ نەتەوە و کوردستان نەمێنێت**

# بایکۆتکردن، یان پشتکردن لە هەڵبژاردن


## دەروازەیەکی تیۆرییانەی دابەزینی بەشداریکردنە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە ١٢-٥-٢٠١٨ [١]

**(١)**

(باولی کوڕ)[٢] مامۆستای زانستی سیاسیی ئەمریکی لە لێکۆڵینەوەیەکی گرنگدا کە گۆڤاری ناوداری ئەمریکی تایبەت بە زانستی سیاسی American Political Science Review)[٣] بڵاوی کردۆتەوە، چەندین پرسی گرنگی تایبەت بە دیموکراسی و بەشداریکردنی وروووژاندووە: بۆچی هەندێ دیموکراسی سەردەکەوێت و هەندێکی دیکە شکست دەهێنێت؟ لە گەڕان بەدوای وەڵامدانەوەی ئەم کێشە کلاسیکییەدا، دیراسەی تۆماری دەنگدەران و سەقامگیریی حکومەت و توندوتیژی لە ٢٩ دەوڵەتی دیموکراسی کردووە، بەشداریکردنی سیاسی بە پرسێکی گرنگ و جەوهەری داناوە لە دیموکراسی و پراکتیزەکردنەکانی ئەم بەشدارییەی شرۆڤە کردووە، گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ڕێژەی بەشداریکردن لەو دەوڵەتانە بەرزە کە رکابەریی توندیان تێدایە لەسەر ئاستی نیشتمانی، روونیشی کردۆتەوە کە پەیوەندیی بەهێز هەیە لەنێوان حزبە سیاسییەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان (سەندیکاکان، کۆمەڵە پیشەییەکان...)، ئەو زیاتر دەڵێت: هەڵبژاردنی چۆنێتیی دەنگدان ئاسان دەبێت، کاتێ ئەو گرووپانە بە ئاشکرا پەیوەست بن بە لایەنە سیاسییەکانەوە. پرۆفیسۆر (باول) تەرکیزی کردۆتە سەر ئەو رایەڵە و بە شێوەی فاکتەر (variable)ی بەهێزی داناوە لە مەسەلەی شرۆڤەکردنی پرۆسەی دەنگدان و دیاریکردنی ڕێژەی بەشداریکردن، بۆیە زۆر گرنگیی داوە بە چارەسەرکردنی رۆڵی حزبە سیاسییەکان لە تەیارکردنی هاووڵاتیان و نەهێشتنی توندوتیژی.

پرۆفیسۆر (باول) بە قووڵی چۆتە نێو ئەم بابەتەوە لە کتێبە ناودارەکەی دەربارەی (دیموکراسیی بەراورد)[٤]، ئەو شرۆڤەی پیادەکردنی فراوانی لە ٢٩ دەوڵەتدا کردووەو سێ فاکتەری بەدەستهێناوە، کە بریتین لە: ژینگەی کۆمەڵایەتی- ئابووری، چوارچێوەی دەستووری (دامەزراوەکان) و سیستمەکانی حزبی و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان.

پرۆفیسۆر (جاکمان)[٥] دوو دیراسەی گرنگیی هەیە[٦]، هەردووکیان دەبەستێتەوە بە دامەزراوە سیاسییەکان و شێوەو پرۆسەی دەنگدان، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر دامەزراوەکان لەم پەیوەندییەدا، دیراسەی بابەتەکەی لە ١٩ دەوڵەتی دیموکراسی کردووەو لە ئەنجامدا ٥ فاکتەری دەستنیشان کردووە کە کاریگەرییان بۆ سەر ڕێژەی بەشداریکردن هەیە، وەك ئەمەی خوارەوە:




١- ركابەریی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی نیشتمانی دەبێت، نەك تەنیا لەسەر ئاستی لۆكاڵ.

٢- هەڵبژاردن ناڕێژەیی دەبێت.

٣- فرە حزبی.

٤- دامەزراوەی پەرلەمانیی تەنیا تاكە ئەنجومەن.

٥- سەپاندنی بەزۆرەدەنگدان.

بەڵام ئەو ئاگادارییەی نەخستۆتەڕوو تایبەت بە بوونی پەیوەندی لەنێوان حزبە سیاسییەكان و گرووپەكانی هەڵبژاردن (هەروەك پرۆفیسۆر باول كردوویەتی)، لەبەر نەبوونی كاریگەریی بەرنامەیی ئەم فاكتەرە.

**(٢)**

لەبەر گرنگیی ئەو فاكتەرانەی كە پرۆفیسۆر (باول) و پرۆفیسۆر (جاكمان) ئاماژەیان پێكرد، پێویستە وردەكاری بخەینەڕوو، دەربارەی چۆنێتیی كاریگەریی سەر ڕێژەی بەشداریكردن لە هەڵبژاردنەكاندا.

یەكەم: كاریگەریی دامەزراوەكان: (جاكمان) سێ دامەزراوە دەستنیشان دەكات، كە دیارە بەپیرەوەهاتن و بەشداریكردنی دەنگدان بەهێز دەكات: بەزۆر دەنگدان، سیستەمی هەڵبژاردن، پەرلەمانی تاك ئەنجومەن.

**● ١- بەزۆر دەنگدان**

بەبۆچوونی (جاكمان) دەنگدانی بەزۆر ڕێژەی بەشداریكردن لە دەنگدانی هەڵبژاردنەكان زیاد دەكات، ئەم ئاراستەیەش لەمیانی لێكۆڵینەوەیەكی ڕێژەی بەشداریكردن لە هەڵبژاردنەكانی نێو دیموكراسییەكانی ڕۆژئاوا دووپات كراوەتەوە.

ئەم مەسەلەیە چەند پرسیارێك دەوروژێنێت، لەوانە: ئەو سزایانە چین كە دەسەپێندرێن بە سەر ئەو كەسانەی بەشداریی هەڵبژاردنەكان ناكەن، سەرەڕای هەبوونی یاسا دەربارەی بەزۆر دەنگدان؟ چۆن ئەو سزایانە كاریگەر دەبن؟ ئایا دەبنە هۆی زیادكردنی ڕێژەی بەشداریكردن لە هەڵبژاردەكاندا؟ ئایا ئەم سزایانە توندن و دۆخەكە دەگۆڕێت تایبەت بە دابەزینی ڕێژەی بەشداریكردن لە هەڵبژاردنەكاندا؟

پرۆفیسۆر(نۆرنیس)[٧]، لە كتێبەكەیدا: ئەندازەی هەڵبژاردن[٨] پێیوایە كە هەڵبژاردنی بەزۆر تەنیا لە دیموكراسییە چەسپاوەكاندا كاریگەرە، چونكە لە دیراسەكردنی ٦١ دەوڵەتدا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی كە ئەم دەنگدانە كاریگەرەو لەبەر سەپاندنی سزا بەسەر ئەوانەی بەشداری ناكەن، كاری خۆی دەكات. بەم شێوەیە دەنگدانی بەزۆر دەبێتەهۆی زیادكردنی

**پرۆفیسۆر(جاكمان) ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە بوونی چەندین حزبی سیاسی ئەنجامی نەرێنی دەبێت بۆ سەر رێژەی بەشداریكردن، چونكە چەند ژمارەی حزبە ركابەركان لە هەڵبژاردنەكاندا زیاد بن، ئەوەندە ئەگەری پێكهێنانی حكومەتێكی ئیئتلافی لە حزبە براوەكانی هەڵبژاردن زیاتر دەبێت**

رێـژەی بەشـداریكردن لـە دەنگدانـدا و دیـاردەی بایكۆتكردنـی هەڵبژاردنـەكان كـەم دەكاتـەوە، بـەڵام پرسـیارێك سـەبارەت بـە رادەی مۆمكـردن لـە جێبەجێكردنـی یاسـای دەنگدانـی بـەزۆر و ئاسـتی هۆشـیاریی هاووڵاتیـان و تێگەیشـتنیان دەربـارەی ئـەو یاسـایەو ئاسـتی جێبەجێكردنـی دێتەئـاراوە، ئەگـەر هەسـتكردن بـە ئەركـی نیشـتمانی پاڵنـەری یەكلاكـەرەوەی دەنگدان بێت، ئـەوا پێویسـتە هەمـوو هاووڵاتیـان بەشـداری تێدا بكـەن و سـزاكەش بەسـە بـۆ ئـەوەی زیاتـر رووی تێبكـەن.

## ● ٢- سیستەمی هەڵبژاردن

سیسـتەمی هەڵبـژاردن كـە جەخـت دەكاتـەوە لەسـەر ركابەریـی سـەر ئاسـتی نیشـتمانی (واتـا لەسـەر ئاسـتی ناوچـەكان و بازنـە گـەورەكان) سیسـتەمێكە دەبێتـە هـۆی زیادكردنـی رێـژەی بەشـداریكردن، چونكـە حزبـە سیاسـییەكان لـە ناوچـە گەورەكانـدا توانـای هاندانـی جەماوەریـان هەیـە، ئـەم بۆچوونـەی پرۆفیسـۆر (جاكمـان) بـووە هـۆی ئـەوەی كـە دوو فاكتـەری گرنـگ لەبەرچـاو بگیرێـت كـە بریتیـن لـە: شـێوازی هەڵبـژاردن و قەبـارەی ناوچـەكان.

لـە لێكۆڵینەوەیەكـی پرۆفیسـۆر (كۆسـتانیدۆڤا)[٩] دەربـارەی دینامیكییەتـی دەنگـدان[١٠] ئەوەیـە كـە رێـژەی بەشـداریكردن لـە سیسـتەمی رێژەیـی هەڵبژاردنـی نوێنەرانـدا لـە هەمـوو سیسـتەمەكانی هەڵبـژاردن بەرزتـرە، لـە لێكۆڵینەوەیەكـی پرۆفیسـۆران (بلیـس و دۆبریزینسـكا)[١١] دەردەكەوێـت كـە سیسـتەمی هەڵبـژاردن كاریگەریـی لاوازی هەیـە لـە دیموكراسـییەتە جێگیـرەكان، هەروەهـا لـە دیموكراسـییە ناسـەقامگیرەكاندا، كەواتـە ئەگـەر بڵێیـن كـە پەیوەندییـەك هەیـە لەنێـوان سیسـتەمی هەڵبـژاردن و رێـژەی رووكردنـە دەنگـدان، ئـەوە راسـتە لـە دیموكراسـییە جێگیـرەكان لـە ئەوروپـا، بـەڵام لـە دەرەوەی ئەمانـەدا ئـەم پەیوەندییـە لاواز دەبێـت.

## ● ٣- هەیكەلبەندیی پەرلەمان

پرۆفیسـۆر (جاكمـان) پەرلەمانـی بـە فاكتـەری سـەرەكیی گـۆڕیـن دانـاوە، ئـەو تەركیـز دەكاتـە سـەر هەیكەلبەندیـی پەرلەمـان، چونكـە یـەك ئەنجومـەن، یـان دووی هەیـە، رووكردنـە دەنگدان بـۆ پەرلەمانـی تـاك ئەنجومـەن بەرزتـرە، بـەڵام ئەگـەر ئەنجومەنەكـە لـە دوو ئەنجومـەن پێكهاتبوو، ئـەوا دەبێتەهـۆی دابەشـبوونی دەسـەڵات لـە نێوانیانـداو روو لـە بەشـداریكردنی هەڵبـژاردن لاوازدەكات، لەبـەر ئـەوەی بابەتەكـە لەلایـەن هاووڵاتیانـەوە یەكلایـی نەكراوەتـەوە، چونكـە نازانـن كامەیـان بەهێزتـرەو كاریگەریـی زیاتـرە. بۆیـە هەرچەنـد ئەنجومەنەكـە كـە هەڵبژاردنەكەی بـۆ رێكدەخـات، دەسـەڵاتی فـراوان و كاریگەریـی هەبێـت، ئەوەنـدە هانـدەر دەبێـت بـۆ بەشـداریكردنی بەهێزتـر، بـەڵام كاتـێ ئەنجومەنەكـە لاواز دەبێـت لـە رووی دەسـەڵاتەكانەوە، ئـەوا رووكردنـە دەنگدان دیسـان لاواز دەبێـت. ئـەم پێـوەرە كـە پرۆفیسـۆر (جاكمـان) بـەكاری دەهێنێـت، هەمـان پێـوەرە كـە پرۆفیسـۆر (لیبهـارت)[١٢] لـە كتێبەكەیـدا دەربـارەی سیسـتەمەكانی هەڵبـژاردن بـەكاری هێنـاوە[١٣] دەربـارەی بەدەسـتهێنانی ئەنجام بـەوەی كـە پەرلەمانـی تـاك ئەنجومـەن زیاتـر خەڵـك بـۆ دەنگـدان رادەكێشـێت، بـە هەمـان شـێواز پرۆفیسـۆر جاكمـان مەسـەلەی دابەشـكردنی دەسـەڵات جیادەكاتـەوە لەنێـوان سـەرۆك و پەرلەمـان لـە سیسـتەمی سـەرۆكایەتیدا، هـاوكات لەنێـوان پەرلەمـان و دەسـەڵاتی جێبەجێكـردن لـە سیسـتەمی پەرلەمانـی، یـان لەنێـوان حكومەتـی فیدراڵـی و حكومەتـی كاتۆنـەكان لـە سیسـتەمی فیدراڵیـدا، بۆیـە لەمیانـی ئـەم بەراودكارییـەدا دەگەینـە ئەنجامێك كـە هەرچەنـد ئـەو دامـەزراوە، یان ئـەو دەستەیەی هەڵدەبژێردرێت، بەهێزتر بێت، ئەوەنـدە رێـژەی بەشـداریكردن لـە هەڵبژاردنـەكان بەرزتـرو بەهێزتـر دەبێـت، (بۆنموونـە: ئەگـەر سـەرۆكی دەوڵـەت راسـتەوخۆ هەڵبژێردرێـت، لـە هەمـان كاتیشـدا پەرلەمـان هەڵبژێردرێـت، ئـەوا رێـژەی رووكردنـە دەنگـدان لـە هەڵبژاردنـی سـەرۆك بەهێزتـر دەبێـت، ئەگـەر دەسـەڵاتەكانی سـەرۆك بەهێزتـر بـن)، لێـرەدا هـەردوو پرۆفیسـۆر (سیارۆف)و (میـرر) لـە دیراسـەكەیاندا دەربـارەی (هەڵبژاردنـی پەرلەمـان)[١٤] رای دیكەیـان هەیـە، ئـەوان جەخت لـەوە دەكەنـەوە كە رێـژەی رووكردنـە دەنگـدان كـەم و لاواز دەبێـت لـە هەڵبژاردنـی راسـتەوخۆی سـەرۆكدا، كاتـێ لەبەرامبـەردا حكومەتـی ئیقلیمیـی بەهێـز لـە سیسـتەمی فیدراڵیدا هەبن. لەم بوارەشدا هەردوو پرۆفیسـۆر (بلیـس و دۆبریزینسـكا) دووپاتـی دەكەنـەوە كـە

**پرۆفیسۆر (باول) لە لێكۆڵینەوەكەیدا روونی كردۆتەوە كە رێژەی رووكردنە بەشداریكردن لە هەڵبژاردنەكاندا لە ئاستێكی بەرزدا بوو لەو دەوڵەتانەی كە پەیوەندیی بەهێزیان تێدایە لەنێوان حزبە سیاسییەكان و گرووپە كۆمەڵایەتییەكان**

ڕێژەی دەنگدان لە دەوڵەتانی فیدراڵیدا زۆر بەرز نییە.

پرۆفیسۆر (فرانکلین) گرنگیی زۆر بە بەرپرسیارێتیی پەرلەمانی دەدات، دووپاتی دەکاتەوە کە ڕێژەی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی یاسادانانداا بەرز دەبێت، کاتێ بەرپرسیارێتییەکەی پەرلەمان یەکلاکەرەوە بێت، بەڵام ڕێژەی رووکردنە دەنگدان لاواز دەبێت، کاتێ بەرپرسیارێتییەکەی لاواز بێت. لەم سۆنگەیەوە فاکتەرێکی دیکە هەیە کە کاریگەریی دەبێت بۆ ڕێژەی رووکردنە دەنگدان پەیوەستە بە (تەمەنی دەنگدان)، لە لێکۆڵینەوەیەکدا پرۆفیسۆر (بلیس) دووپاتی دەکاتەوە کە مەیل بۆ دەنگدان لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا زیاد دەکات، هەروەها رووکردنە دەنگدان کەمتر دەبێت کاتێ تەمەنی دەنگدەر ١٨ساڵی دەبێت لە جیاتی ٢١ ساڵی، بەڵام بە بۆچوونی پرۆفیسۆر (ماسیکۆتی) مەسەلەی تەمەن ڕۆڵ نابینێت لە کەمکردنەوە، یان بەهێزکردن ڕێژەی رووکردنە دەنگدان لە دیموکراسییەکانی رۆژئاوادا. بەڵام لە لێکۆڵینەوەی هەردوو پرۆفیسۆر (بلیس و دۆبریزینسکا) کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە، دەردەکەوێت کە فاکتەری (تەمەنی دەنگدان) تا رادەیەك کاریگەریی هەیە واتا کەمبوونەوەی تەمەنی دەنگدان لە ٢١ ـەوە بۆ ١٨ ڕێژەی رووکردنە دەنگدانی کەم کردۆتەوە. لە لێکۆڵینەوەی پرۆفیسۆر (فرانکلین) فاکتەری (تەمەنی دەنگدان) هۆکاری سەرەکیی میکانیزمی دەنگدانە، هەروەها کەمکردنەوەی (تەمەنی دەنگدان) بۆتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا.

پرۆفیسۆر (نۆریس) لێکۆڵینەوەی کردووە لە کاریگەریی ڕێسا دیاریکراوەکانی دەنگدان (وەك ژمارەی رۆژەکانی دەنگدان، دەنگدان لە رۆژی پشوو، دەنگدان بە پۆست، دەنگدان بە وەکالەت، دەنگدانی تایبەت، دەنگدانی پێشوەختە...) بۆی دەرکەوتووە کە ئەم ڕێسایانە کاریگەریی زۆریان نییە. لە رووی لۆژیکەوە هاووڵاتیان زیاتر روودەکەنە دەنگدان، کاتێ پرۆسەکە ئاسان بێت، بۆیە بە رای پرۆفیسۆر (فرانکلین) ئەوا ڕێکارەکانی ئاسانکردنی دەنگدان لەو دەوڵەتانە دەبێت کە ڕێژەی رووکردنە دەنگدانیان تێدا لاوازە.

دووەم: ژینگەی کۆمەڵایەتی

پرۆفیسۆر (باول) جەخت دەکاتەوە کە مەیلی تاك بۆ دەنگدان تەنیا بەخۆیەوە پەیوەست نییە، بەڵکو وردتر پەیوەستە بە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافییەکان، بەتایبەتیش بە تەمەن و خوێندەواری، بۆیە فاکتەری کۆمەڵایەتی و ئابووری کاریگەرن، لەبەر ئەوە دەبینین کە ڕێژەی رووکردنە دەنگدان لە دەوڵەتانی پێشکەوتووی بواری ئابووری بەرزترە، بەڵام لە دەوڵەتانی بچووك ڕێژەکە دیسان بەرزە.

پرۆفیسۆر(بلیس) لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەربارەی (نوێنەرایەتیکردنی ڕێژەیی)دا، ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە بەرزترین ئاستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا لە وڵاتانی بچووکدایە لە رووی ژمارەی دانیشتووانەوە (وەك ماڵتا،کە نزیکەی ٤٥٠ هەزار کەسە)، هەمان شت لە هەڵبژاردنەکانی خۆجێیدا تێبینی کراوە، ئەم حاڵەتە لە ئەنجامی بوونی چەند تۆڕێکی بەهێزی کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگە بچووکەکاندا، هەروەها هەستی دەنگدەران تێیاندا ئەوەیە کە دەنگەکانیان یەکلاکەرەوە دەبێت، هەروەها لێکدانەوەیەکی دیکە دێنێتەوە کە ئەو دەوڵەتە بچووکانە ژمارەی دەنگدەرانیان کەمترە بۆ هەر بەربژێرێك کە ئەمەش ئاسانکاری دەکات بۆ هەر پاڵێوراوێك، یان حزبێك کە دەنگەکان بۆ خۆیان کۆبکەنەوە.

بەڵام لە حاڵەتی سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری، یان پووکانەوەی ئابووریدا، ئایا ڕێژەی دەنگدان زیاددەکات، یان کەم دەکات؟ بە رای پرۆفیسۆر (رادکلیف) کە هەردوو ئەگەر راستن، قەیرانی ئابووری رەنگە خەڵکەکەهان بدات، دەنگ بدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، یان هاووڵاتیان بە جارێ رازی نەبن و بە یەکجاری پشت لە بەشداریکردنی سیاسی بکەن. وێڕای ئەم فاکتەرانەی سەرەوە، هەروەها فاکتەری (هەژاری) و( نەخوێندەواری) لەبەر چاو دەگیرێت لە دیراسەکردنی ڕێژەی رووکردنە دەنگدان، لە ئەنجامدا دەردەکەوێت کە ئەم ڕێژەیە لە دەوڵەتانی هەژار کەمترین ڕێژەیە.

**پرۆفیسۆر (باول) جەخت دەکاتەوە کە مەیلی تاك بۆ دەنگدان تەنیا بەخۆیەوە پەیوەست نییە، بەڵکو وردتر پەیوەستە بە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافییەکان، بەتایبەتیش بە تەمەن و خوێندەواری، بۆیە فاکتەری کۆمەڵایەتی و ئابووری کاریگەرن، لەبەر ئەوە دەبینین کە ڕێژەی رووکردنە دەنگدان لە دەوڵەتانی پێشکەوتووی بواری ئابووری بەرزترە**

**ئەگەر سەرۆکی دەوڵەت راستەوخۆ هەڵبژێردرێت، لە هەمان کاتیشدا پەرلەمان هەڵبژێردرێت، ئەوا ڕێژەی رووکردنە دەنگدان لە هەڵبژاردنی سەرۆک بەهێزتر دەبێت، ئەگەر دەسەڵاتەکانی سەرۆک بەهێزتر بن**

**هەرچەند ئەو دامەزراوە، یان ئەو دەستەیەی هەڵدەبژێردرێت، بەهێزتر بێت، ئەوەندە رێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان بەرزترو بەهێزتر دەبێت**

سێیەم: سیستەمی حزبی و ئەنجامەکانی هەڵبژاردن

پرۆفیسۆر (باول) لە لێکۆڵینەوەکەیدا روونی کردۆتەوە کە رێژەی رووکردنە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا لە ئاستێکی بەرزدا بوو لەو دەوڵەتانەی کە پەیوەندیی بەهێزیان تێدایە لەنێوان حزبە سیاسییەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام ئەم شرۆڤەکردنە لەلایەن هەندێ کەسی دیکەوە بەتایبەتیش پرۆفیسۆر (جاکمان) بە نادیدە وەرگیراوە، کە فاکتەرێکی تازەی پێشکەش کرد تایبەت بە (ژمارەی حزبەکان)، هەروەها روونی دەکاتەوە کە رووکردنە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا زیاد دەکات، هەرچەند لایەنەکان زیاد بکەن، دوو هۆش دێنێتەوە: یەکەم، بوونی بژاردەی زیاتر لەبەردەم دەنگدەران، کاتێ شەش، یان حەوت حزب دەبێت لەجیاتی دوو یان سێ، ئەوا رەنگە دەنگدەران حزبێکی نزیك لەخۆیان بدۆزنەوە، یان کە لایان پەسند بێت دەربارەی بابەتە سەرەکییەکانی هەڵبژاردن، دووەم، چەند لایەنەکان زیاتر بن، هاندان و تەیارکردنی جەماوەر زیادەکات، لێرەدا پرۆفیسۆر(جاکمان) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بوونی چەندین حزبی سیاسی ئەنجامی نەرێنی دەبێت بۆ سەر رێژەی بەشداریکردن، چونکە چەند ژمارەی حزبە رکابەرکان لە هەڵبژاردنەکاندا زیاد بن، ئەوەندە ئەگەری پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتلافی لە حزبە براوەکانی هەڵبژاردن زیاتر دەبێت، کاتێکیش ئەنجامی هەڵبژاردنەکان کەمتر یەکلاکەرەوە دەبێت، ئەوا پێکهاتەی کۆتایی حکومەت پشت دەبەستێت بەو گرێبەستانەی لە نێوان لایەنەکاندا دەکرێت، ئەمەش بە واتای بوونی چەند حزبێکی سیاسی دەبێتەهۆی نەبوونی رۆڵ، یان رای دەنگدەران لە هەڵبژاردنی حکومەتدا، ئەمەش بیرمەند (داونز) لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەربارەی رەهەندی ئابووری دیموکراسی ئاماژەی پێکردووە.(١٥)

بە هۆی ئەگەری دەرهاویشتە ناکۆکەکانەوە، چۆنێتیی و سرووشتی پەیوەندیی رێژەی رووکردنە هەڵبژاردنەکان روون نییە لەگەڵ بوونی چەند لایەنێکی سیاسی بە شێوەیەك کە ئەنجامەکەی، یان ئەرێنی یان نەرێنی بێت، هەروەها روون نییە ژمارەی حزبە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن چەندە، یان ئەنجامەکە چۆن یەکلایی دەکرێتەوە، دواتر دەبێ پێشبینی ئەوە بکەین، بەشداریکردن و بەشدارینەکردن لەو گرێبەستانە چۆنە کە دوای هەڵبژاردنەکان ئەنجام دەدرێن، هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی کە ئەنجامدراون لە بواری هەڵبژاردندا (لەوانەش لێکۆڵینەوەی جاکمان و بلیس) دەستنیشانی پەیوەندیی نەرێنییان کردووە لەنێوان ژمارەی حزبەکان و رووکردنە بەشداریکردن، جگە لە ئەمریکای لاتین (لێکۆڵینەوەی فۆرنس). دیارە ئەم ئەنجامە سەرسوڕهێنەرە، ئەوە دەردەخات کە خەڵکەکە کاتێ چەندین بژاردەیان لەبەردەمدا دەبێت، زۆر مەیلیان نابێت بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، بەتایبەتیش کە زێدەیی، یان زۆریی ژمارەی حزبە رکابەرەکان لە رێژەی بەشداریکردن کەم دەکاتەوە، لەبەر هۆیەکی گرنگ کە حکومەتگەلی ئیئتلافی لێ دەکەوتەوە و هەمیشە ناسەقامگیرن، بەڵام هەر یەك لە (بلیس و کارتی) دووپاتی دەکەنەوە کە رێژەی رووکردنە بەشداریکردن زۆر بەرز نییە، لەو هەڵبژاردنانەی کە حکومەتی زۆرینەی تاکلایەنەیان لێدەکەوێتەوە، بۆیە دەکرێ بگەینە ئەنجامێك کە زۆریی ژمارەی حزبە سیاسییە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن حەتمەن نابێتە هۆی زیادکردنی رێژەی رووکردنە هەڵبژاردن. لەبەر ئەوە پێویستە (لێکدانەوەیەکی پێوانەیی) بدۆزینەوە بۆ پەیوەندیی نەرێنیی نێوان ژمارەی لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن و رێژەی رووکردنە هەڵبژاردن، کە دەکرێ لە مەسەلەی (سەرسووڕمان)ی دەنگدەر دەربکەوێت لەبەردەم کێشەی (هەڵبژاردن) ئایا دەنگ بۆ کێ بدات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێویستە بە جددی کاربکرێت بۆ یەکلاکردنەوەی گومانەکانی هەڵبژاردن لە رێی گرتنەبەری رێکاری یاسایی.

**ئەگەر هەستکردن بە ئەرکی نیشتمانی پاڵنەری یەکلاکەرەوەی دەنگدان بێت، ئەوا پێویستە هەموو هاووڵاتیان بەشداری تێدا بکەن و سزاکەش بەسە بۆ ئەوەی زیاتر رووی تێبکەن**

بەرچاوڕوونیی دەستنیشانکردنی کاندید، واتا لەسەر دەنگدەران پێویستە بە (یەقینی رێژەیی) شێوەی ئیئتلافەکان بزانن، کە دوای یەکلاکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن پێکدێن. رێژەی بەشداریکردن کەمتر دەبێت کاتێ لایەنێکی زۆر بەشداری دەکەن، چونکە

زۆریی لایەنی بەشدار و بە شێوەی ناماقوڵ، واتا یەکلایی نەکردنەوەی کەمتری ئەنجامەکان.

دوا فاکتەری کۆتایی هەیە، کە پرۆفیسۆر (بلیس) ئاماژەی پێدەکات و لە لێکۆڵینەوەکانی هەردوو پرۆفیسۆر (باول و جاکمان)دا نەهاتووە، ئەویش: نزیکبوونەوە لە وادەی هەڵبژاردن، چەند کاتەکەی نزیك ببێتەوە، ئەوەندە رووکردنە بەشداریکردن زیاد دەبێت: خەڵکێکی زۆر دەنگ دەدەن، ئەگەر هەڵبژاردن نزیك بێت، ئەمەش ئەنجامەکەی زیاتر چەسپاوە لە لێکۆڵینەوەکانی هەڵبژاردندا.

● **سەرئەنجام**

دەتوانین لەم دیراسەدا ئەمەی خوارەوە بەدەست بهێنین:

● رێژەی رووکردنە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا لە دەوڵەتانی هەژار کەمترەو لە دەوڵەتانی بچووك زیاترە.

● بەزۆر دەنگدان رێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا بەهێزتر دەکات.

● سیستەمی هەڵبژاردن، یان قەبارەی بایکۆتکردن تەنیا کاریگەریی لە چەند دەوڵەتێکدا هەیە.

● زۆریی ژمارەی لایەنە سیاسییە بەشداربووەکان لە هەڵبژاردنەکاندا دەبێتە هۆی لاوازیی بەشداریکردن.

● بەشداریکردن زیادەکات بە نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان.

● رووکردنە پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتلافی رێژەی بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا لاوازدەکات.

● ئاستی رێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن بەرزتر دەبێت لەو دەوڵەتانەی کە پەیوەندیی بەهێزیان تێدایە لەنێوان حزبە سیاسییەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان.

● رێژەی بەشداریکردن لە دەوڵەتانی پێشکەوتووی بواری ئابووری بەرزتر دەبێت.

● هاووڵاتیان زیاتر روودەکەنە هەڵبژاردن ئەگەر پرۆسەکە ئاسانتر بێت.

● پەرلەمانی تاك ئەنجومەن زیاتر خەڵکەکە بۆ بەشداریکردن رادەکێشێت.

● رێژەی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی یاسادانان‌دا بەرزتر دەبێت، کاتێ بەرپرسیارێتیی پەرلەمان یەکلاکەرەوە بێت، لەکاتێکدا رێژەی بەشداریکردن لاوازدەبێت ئەگەر بەرپرسیارێتییەکەی پەرلەمان لاواز بێت.

● کەمکردنەوەی تەمەنی دەنگدان نابێتە هۆی زیادکردنی رووکردنە هەڵبژاردن.

---

١ - بەپێی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رێژەی بەشداریکردن ٤٤،٥٢٪ بووە کە کەمترە لە رێژەی بەشداریکردنەکان لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو بەم شێوەیە بووە: هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ رێژەکە٧٩،٦٪ ببوو، هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ رێژەکە ٦٢،٤ بووە، هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٤ رێژەکە ٦٠٪ بوو، بەڵام راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان دەڵێن بەشداریکردن تەنیا ٢٠٪ بووە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨، ئەمرۆش لەنێو پەرلەماندا دەگوترێت کە رێژەکە لە ١٦٪ی تێنەپەڕاندووە.

٢ - مامۆستای زانستی سیاسی لە زانکۆی ئەمریکی University of Rochester

3- Powell GB Jr. 1986. American voter turnout in comparative perspective. Am. Polit. Sci. Rev. 80(1):17–43

4- Powell GB.Jr. 1982. Comparative Democracies: Participation، Stability and Violence. Cambridge، MA: Harvard Univ.

٥ -مامۆستای زانستی سیاسی لە زانکۆی ئەمریکی Michigan State University

6- Jackman RW. 1987. Political institutions and voter turnout in industrial democracies. Am. Polit. Sci. Rev. 81:405–24;

Jackman RW، Miller RA. 1995. Voter turnout in the industrial democracies during the 1980s. Comp. Polit. Stud. 27(4):467–92

٧- مامۆستای زانستی سیاسی لە John F. Kennedy School of Government، Massachusetts

8- Pippe Norries، Electoral Engineering: Voting Rules and Political Behavior، Cambridge، Cambridge University Press، 2004 Voting Rules and

٩- مامۆستای زانستی سیاسی لە Department of Political Science، University of Minnesota Duluth، USA

10- Tatiana Kostadinova، Voter turnout dynamics in post□Communist 13- Arend Lijphart، Electoral Systems and Party Systems، A Study of Twenty-Seven Democracies، 1945-1990، Oxford، Oxford University Press، 1994

14- Siaroff Alan، Merer John W.A.، Parliamentary Election Turnout in Europe since 1990، in: Political Studies،vol.50،iss.5،2002،pp. 916–927

15- Anthony Downs، An Economic Theory of Democracy، N.Y.، 1957

**پرۆفیسۆر(نۆرنیس) پێیوایە کە هەڵبژاردنی بەزۆر تەنیا لە دیموکراسییە چەسپاوەکاندا کاریگەرە، چونکە لە دیراسەکردنی ٦١ دەوڵەتدا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم دەنگدانە کاریگەرەو لەبەر سەپاندنی سزا بەسەر ئەوانەی بەشداری ناکەن، کاری خۆی دەکات**

**بەبۆچوونی (جاکمان) دەنگدانی بەزۆر رێژەی بەشداریکردن لە دەنگدانی هەڵبژاردنەکان زیاد دەکات، ئەم ئاراستەیەش لەمیانی لێکۆڵینەوەیەکی رێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی نێو دیموکراسییەکانی رۆژئاوا دووپات کراوەتەوە**



عیماد ڕەفعەت

سەرۆکی فراکسیۆنی تورکمان لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر:

# تورکمان لە سایەی حوکمڕانیی پارتیدا لە سەردەمی زێڕینی خۆیدا دەژی و بە مافەکانی خۆی شاد بووە

**لە سەروەختی داڕشتنی دەستووری عێراقدا، سەرۆک بارزانی تاکە سەرکردە بوو کە داکۆکی لە مافی تورکمان کرد، ئەوەش ڕۆڵی گەورەی هەبوو تاوەکو مافی تورکمان لەو دەستوورەدا چەسپا**

**هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق کۆتایی هات و پارتی دیموکراتی کوردستان تێیدا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا، هۆکارەکانی سەرکەوتنی پارتی لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرن، وەك هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی و داکۆکیکردنی سەرسەختانەی لە ماف و پێگەی پێکهاتەکانی دیکە، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی پشتیوانییەکی بەرفراوانی لێبکرێت. بۆ قسەکردنی لەسەر ئەم پرسە و بۆ زانینی هەڵوێستی پێکهاتەی تورکمان لەم رووەوە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ عیماد رەفعەت سەرۆکی فراکسیۆنی تورکمان لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ئەنجامدا، کە لێرەدا پوختەکەی بڵاو دەکەینەوە.**

*** پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا، ئایا ئێوە وەکو پێکهاتەی تورکمان چۆن لەم سەرکەوتنە دەڕوانن؟**

- من پێموایە خودی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە سەرکەوتوو بوو، بانگەشەیەکی رێك و پێك ئەنجامدرا و پارتی دیموکراتی کوردستان بە رەوشتبەرزییەوە بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجامدا. سەبارەت بە هۆکاری سەرکەوتنی پارتیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەمیشە پارتی وەکو حزبی دایك داکۆکیکار بووە لە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی سەرجەم پێکهاتەکان، واتە بەرگریکاری مافی تورکمان و ئێزیدی و مەسیحی و شەبەك و سەرجەم پێکهاتەکانی دیکە بووە. دواتر لە سەردەمی حوکمڕانیی پارتیدا ئاوەدانی دەستەبەر کراوە. بە هەمان شێوە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە سەقامگیریی ئەمنی بەرجەستە بووە لە سایەی دەسەڵاتی پارتیدا. لە روانگەی هەموو ئەو هۆکارانە دەتوانم پێشبینی ئەوە بکەم کە رۆژ بە رۆژ دەنگی پارتی زیاتر بەرەوپێش دەچێت و هیوادارام لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووشدا پارتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

*** واتە پێتوایە پێکهاتەی تورکمان بە ئاسوودەییەوە لە حکومڕانیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڕوانێت لە کوردستاندا؟**

-بەڵێ، چونکە ئێمە وەك تورکمان لە سایەی حوکمڕانیی پارتیدا لە سەردەمی زێڕینی خۆماندا دەژین و بە مافەکانی خۆمان شاد بووینەتەوە و نوێنەرایەتیمان لە ئەنجومەنی پارێزگا و لە پەرلەمان و لە حکومەت هەیە.

*** باسی ئەوەتان کرد کە پارتی داکۆکیکار بووە لە مافی سەرجەم پێکهاتەکان بەتایبەتی پێکهاتەی تورکمان، دەتوانن ئەمە زیاتر روون بکەنەوە؟**

- لە راستیدا من پێمخۆشە ئاماژە بە چەند هەڵوێستی مێژوویی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەم لە بەرامبەر پێکهاتەی تورکماندا، لە رێککەوتنی ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ حکومەتی ئەو کاتەی عێراق جەنابی مەلا مستەفای بارزانی پێش مافی کورد داوای مافی تورکمانی کرد، ئەمە مێژووە و خەڵکی تورکمان ئەمەیان لەبیرو لەبەرچاوە. دووەمیان لە سەروەختی داڕشتنی دەستووری عێراقدا، سەرۆك بارزانی تاکە سەرکردە بوو کە داکۆکی لە مافی تورکمان کرد، ئەوەش رۆڵی گەورەی هەبوو تاوەکو مافی تورکمان لەو دەستوورەدا چەسپا، وەك مافی زمانەوانی رۆشنبیری و پەروەردەی و هونەری و سیاسی و...هتد. دواتر هەر سەرۆك بارزانی بوو کە لە سەروەختی ئەنجامدانی ریفراندۆمدا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێویستە کوردستان ماڵێکی سەربەخۆی خۆی هەبێت و تێیدا ماف و پێگەی سەرجەم پێکهاتەکان پارێزراو و دەستەبەرکراو بێت.

**لە رێککەوتنی ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ حکومەتی ئەو کاتەی عێراق جەنابی مەلا مستەفای بارزانی پێش مافی کورد داوای مافی تورکمانی کرد، ئەمە مێژووە و خەڵکی تورکمان ئەمەیان لەبیرو لەبەرچاوە**

*** ئاماژەتان بەوە کرد کە لە سایەی دەسەڵات و حوکمڕانی پارتیدا پێکهاتەکان بە مافەکانیان شاد بوون، ئێستا ئێوە وەك پێکهاتەی تورکمان چ داواکارییەکتان لە پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە؟**

- ئێمە داوای ئەوە دەکەین کە هەر وەك چۆن لە رابردوودا پارتی بەرگری لە مافی پێکهاتەکان کردووە لە سەروەختی پێکهێنانی حکومەتی عێراق و حکومەتی کوردستان و هەر دەستکەوتێکی دیکەدا، هەر ئاواش لە داهاتوودا بەردەوام بێت لەسەر ئەم سیاسەتە سەرکەوتووانەی، دڵنیایین و یەقینیشمان هەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان درێژە بەم سیاسەتە دەدات.

*** ئەی داواکاریتان لە حزب و لایەنەکانی دیکە چییە؟**


- داوایان لێ دەکەین یەکڕیز بن و بە یەکدەنگی بچنە بەغدا، چونکە یەکڕیزی کلیلی ئارامی و ئاسایش و بردنەوەمانە و تەنیا یەکهەڵوێستی پێگەمان بەهێز دەکات و دەبێتەهۆی دەستەبەرکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان و هەموو پێکهاتەکانی.

**تەنیا یەکهەڵوێستی پێگەمان بەهێز دەکات و دەبێتەهۆی دەستەبەرکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان و هەموو پێکهاتەکانی**

# کەسایەتیی نەتەوەیی!

## (ڕوانگەیەکی ئەنترۆپۆلۆگی)

کەسایەتیی تاکەکەس دیاردەیەکی گەورە و گرنگ و ئاڵۆزە، بۆیەش بووە بە بابەتێکی سەرەکیی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان. ئەنترۆپۆلۆگیا (مرۆڤناسی) لە دوو ڕەهەندەوە سەرنج دەداتە کەسایەتی:




کولتوور دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی سەرەکی، هەرە گرنگ و کاریگەرە لە کۆمەڵگادا؛ بەبێ کولتوور، کۆمەڵگا هەرگیز لە ئارادا نابێ... چونکە کولتوور بریتییە لە هەموو ئەو دەسکەوتە ماددی (خۆراک،پەناگە، جلوبەرگ، ئامێر و کەلوپەلەکان...) و مەعنەوییانەی (زمان، دابونەریت، ئایین، زانست و هونەر...) کە نەوە بەدوای یەکدا هاتووەکانی ئەندامانی کۆمەڵ دایانهێناون و لەژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریانهێناون و ئێستاش بەکاریاندێنن- ئەمەش واتە، کولتوور



**د. ڕەشاد میران**

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

شێوازی ژیانی ئەندمانی کۆمەڵ دادەڕێژێ؛ خەڵک بە کولتوورەوە دەژین.

کولتوور بەرپرسی سەرەکییە لە پرۆسەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی؛ کەواتە بەرپرسە لە جۆری کەسایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگا. کولتوور و دەزگا کۆمەڵایەتییەکانیتری سستەمی کۆمەڵایەتی لە پرۆسەیەکی درێژ و ئاڵۆزی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا جۆری پێویستی کەسایەتیی تاکەکان دادەڕێژن — ئەوەش بەمەبەستی پاراستنی سستەمە کۆمەڵایەتییەکە...

- ئەوە کولتووره فێرمان دەکات پابەند و گوێڕایەڵی خێزانەکانمان بین
- ئەوە کولتووره فێرمان دەکات کەی و لەکوێ و لەگەڵ کێدا قسەبکەین
- ئەوە کولتووره فێرمان دەکات کێمان خۆشبووێ و دۆستایەتییان بکەین
- ئەوە کولتووره فێرمان دەکات چی بخۆین و چی نەخۆین
- ئەوە کولتووره فێرمان دەکات جلوبەرگمان

چۆن بن

- ئەوە کولتووورە فێرمان دەکات هەڵوێستەکانمان چۆن بن

- ئەوە کولتووورە فێرمان دەکات چ جۆرە پیاو یان ئافرەت بین

- هتد...

هەموو ئەوانەش کە فێریان دەبین چوارچێوەی گشتیی کەسایەتیمان دادەڕێژن...

بەڵام ئەم چوارچێوەیە نابێت بە قالبێکی داتاشراو بۆ هەمووان، لەمەدا دەبێ ڕەچاوی جیاوازییە کەسییەکانیش بکەین... بۆ ئەمەش دەبێ پەنابەرین بۆ سایکۆلۆگیا.

چوارچێوە گشتییەکە، هەروەها، لە ڕەهەندێکیتریشدا دەردەکەوێ، ئەگەرچی هەستپێکراو نابێ و ڕەنگە تەنیا پسپۆران پەیی پێبەرن؛ ئەویش لە ڕەهەندی جەمعی (نەتەوەیی) دا.

لە ڕاستیدا، لە هەردوو ڕەهەندەکەدا (تاکەکەسی و جەمعی) پێویستیی بۆ سایکۆلۆگیا بە ئاشکرا خۆیی نواند. ئەوەش لە سەرانسەری مێژووی ئەنترۆپۆلۆگیادا دەردەکەوێ؛ هەر لە تیۆری شیکاریی دەروونیی فرۆید و قوتابیانی و دواتریش فرۆیدیزمی نوێوە، لەگەڵیشیان (یان لە نێوانیان)دا ڕێبازی زەینیی (Mentalistic) فرانس بوواس و ڕۆبێرت لۆوی و ڕالف لینتۆن (خاوەن تیۆریای کەسایەتی و کولتوور) و کلاید کلاکهۆن و مارگریت مید — هەموویان لە تۆژینەوەکانیان ڕەهەندی دەروونییان نەک هەر ڕەچاوکردووە، بگرە لەسەر دەستی فرۆیدییە نوێیەکان (کاردینەر و ساپییر) قوتابخانەی دەروونیی لە ئەنترۆپۆلۆگیا دامەزرا... تا دەگاتە ڕابەرانی ئەنترۆپۆلۆگیای کۆمەڵایەتی لە بریتانیا- مالینۆڤسکی و قوتابییە نەمساویەکەی سینگفرید نادیل.

ئەم زانا و پسپۆرانە، هەریەکە و بەجۆرێک، خۆیان لە قەرەی بابەتی کەسایەتیی نەتەوەیی داوە، بەتایبەتیش مارگریت مید و ڕۆت بینیدکت؛ جێگەی سەرنجە کە ئەمانە زێتر لە جوغزی «ئاکاری نەتەوەیی»ەوە چوونەتە نێو بابەتی کەسایەتیی نەتەوەییەوە- پسپۆرانی ڕووسیش لە «سایکۆلۆگیای هاوبەش»ەوە بۆ ناو کەسایەتیی نەتەوەیی وەکو، بۆنموونە، یو. برۆملێی.

لە ڕاستیشدا، ئاسان نییە دیاردەیەکی گەورە، هەمەلایەن و ئاڵۆزی وەکو کەسایەتیی نەتەوەیی ڕوونبکرێتەوە و بخرێتەڕوو- ئەمە پێویستی بە هەرەوەزی کۆمەڵی زانستانەوە هەیە...

ئەنترۆپۆلۆگیا لەم بوارەدا، بەتەنیا، دەتوانێ چی بکات؟

ئەنترۆپۆلۆگیا، لە بواری کەسایەتیی نەتەوەییدا، فۆکەس دەخاتە سەر توخمە کولتوورییە ماددی و مەعنەییەکانی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی بابەتی تۆژینەوەیە- چونکە لە ڕوانگەی ئەم زانستەوە کولتوور ئاوێنەیەکی ڕوونە و کەسایەتیی جەمعیی ئەمانە ڕەنگ دەداتەوە.

ئەوەش کارێکی ئاسان نییە، چونکە زۆرێک لە توخمە کولتوورییەکانی ئەو کۆمەڵە خەڵکە هاوبەشن لەگەڵ کومەڵ و نەتەوەکانی هاوسێیدا- بۆ نموونە، میللەت و نەتەوەکانی ناوچەیەکی وەکو ئاسیای بەرایی کە تیایدا ئێتنۆسانی وەکو: کورد، عەرەب، تورک، تورکمان، فارس، جوو، ئاسووری، ئەرمەنی، لاز، چەرکەس و... دەژین؛ کارەکەش، واتە دەرخستنی توخمە کولتوورییەکانی خەڵکێک، گەلێ سەختتر دەبێ لە حاڵەتی کولتووری مەعنەویدا.

وەکو پسپۆر و تۆژینەوەکان دەریانخستووە، جیاوازیی کەسایەتییە نەتەوەییەکان بە ڕادەی سەرەکی دەردەکەوێت لە ڕەنگدانەوەی جۆری بەهاکولتوورییەکان بەسەریانەوە؛ بە گوتەیەکیتر، کامە بەهای کولتوورییە کە بە پلەی یەکەم بەرجەستەبووە لە ڕەفتار و هەڵوێستەکانی ئەندامانی نەتەوەیەکدا- ئەرکی ئەنترۆپۆلۆگیستە کە ئەم بەهایە، یان ئەو بەهایانە بدۆزێتەوە... لەپاڵ ئەمەشدا، ئەنترۆپۆلۆگیست دەبێ ئاگاداری ئەوە بێت کە هەر ئەم بەها کولتوورییە پلە یەکەمینە لای نەتەوەیەک، مانای ئەوە نییە کە ئەم بەهایە لای نەتەوەکانیتر نییە، مەسەلەکە لە پلەبەندی و ڕیزبەندیی بەهاکان دایە لای نەتەوەکان- هەر نەتەوەیە و پلەی یەکەم دەدات بە بەهایەک... ئەوەش لەبیر نەکەین کە

ئاساییە ئەگەر چەند نەتەوەیەک هاوبەش بن لە پلە یەکەمینی بەهایەک؛ لەم حاڵەتەشدا، بێگومان لایەنی هاوبەش لە نێوان کەسایەتیی نەتەوەیی ئەمانەدا ڕوون و ئاشکرا دەبن. هەروەها، دەبێ ئەوەش بزانین کە نە تەنیا بەها یان چەند بەهایەک، بگرە هەندێ جار لایەنێک یان چەند لایەنێکی کۆمەڵایەتی بە کۆی بەهاکانییەوە دەبن بە چوارچێوەی کەسایەتیی جەمعی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە - وەکو: خێڵەکی، لادێی، شارستانی، نەخوێندەواری، هەژاری...

بۆ نموونە، پسپۆڕێکی سویدی (ئۆکێ داون)* جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە سویدییەکان کەسایەتییەکی لادێیان هەیە و ئێستاش لەمە ڕزگارییان نەبووە- چونکە ئەمانە تەنیا لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە پرۆسەی گەشەکردن و پێشکەوتنیان دەستپێکرد، پێش ئەمە کۆمەڵگایەکی تەواو لادێیی بوون.

لەم گۆشەنیگایەوە، کەواتە، کامەن ئەو بەهایانەی پلەی یەکەمینیان هەیە لە کۆمەڵگای کوردیدا و ڕەنگدانەوەی ئاشکرایان هەیە بەسەر کەسایەتیی نەتەوەیی کوردەوە؟

پێشتر ئێمە، لە چەند کارێکماندا**، ئاماژەمان بە چەندین بەهای باوی نێو کۆمەڵگای کوردی کردووە؛ دەتوانین، بە سەرنجدانی ورد، پلەبەندییان بۆ بکەین و هەوڵبدەین بەها هەرە باو و کاریگەرەکە، ئەوەی دەکرێ هەست بە تارماییەکانی بکەین بەسەر کەسایەتیی جەمعی یان نەتەوەیی کوردەوە دەسنیشان بکەین.

کورد بەگشتی خاوەن کۆمەڵگایەکی لادێیی- خێڵەکییە و هەموو ئەو بەهایانە لەخۆ دەگرێ کە کۆمەڵگایەکی لەم جۆرە پێیانەوە بەرێوەدەچێ. کەسایەتیی مرۆی کورد بەروونی سیماکانی لادێیی- خێڵەکی- بنەماڵەیی و هەروەها هەژاری و نەخوێندەوارییی پێوە دیارن و ڕەنگدانەوەیان هەیە بەسەر ژیان و ڕەفتار و هەڵوێستەکانیانەوە:

لادێی
خێڵەکی } 
بنەماڵەیی

شار و شێوازی ژیانی شارستانی، بە مانا مۆدێرنەکەی، لە کوردەواریدا مێژوویەکی ئەوتۆی نییە؛ ئێستاکەش ئێمە شارێکی لە بابەتی شارەکانی وڵاتی سویدی پێش پەنجاکانمان نین- ڕاستە هەولێر و کەرکوک(کارکا) مێژووی هەزاران ساڵیان هەیە، بەڵام دانیشتوانە سەرەکییەکانیان هەمیشە خێڵ و لادێی بووین و کولتووری ئەمانە زاڵبووە بەسەر کولتووری کەمینە «شارستانی»یەکەوە- ئەوەندەی شارەکان سیمای لادێیان وەرگرتووە، ئەوەندە لادێی نەبووین بە شارستانی. ناوی خێڵ و لادێکان ئێستاش بەسەر گەڕەکەکانی شارەوە ماون (مەنتکاوە، باداوە...) یان گەڕەک هەیە تایبەت بە خۆشناو، دزەیی، سورچی؛ هەروەها خێڵەتی و لادێیزم بەسەر ناو و نازناوی تاکەکەسانەوە هەیە. لەم ڕوانگەیەوە، تەنانەت خەڵکی شارستانیی ڕەسەنی کوردەواریش سەربە کولتووری لادێی و خێڵەتین و لەناویاندا بەهاکانی سیستەمی پیاوسالاری باون: بنەماڵەیی، خزمایەتی، پیاوەتی، ئازایەتی، هەڵچوون و توندوتیژی، دابونەریت... لە سایەی ئەم سیستەمەوە، نەرمی و هێمنی و لەسەرخۆیی سیفەتی زۆر دەگمەنن لەناو کورددا.

لەگەڵ ئەوەشدا، ناتوانین کۆمەڵگای کوردیی ئیمڕۆکە بە کۆمەڵگایەکی خێلەکی لە قەڵەم بدەین- چونکە خێڵی کوردی بە شێوە نەریتییەکەی نەماوە؛ بنەما و ستروکتوری گۆڕاون، دەور و ئەدای وەکو جاران نیین. خێڵی ئێستاکە زێتر ڕۆڵی سیمبۆلی دەگێڕێ، ئینتیمای ئەندامانی ڕەمزییە و گوێڕایەڵییان پتەو نییە... بەڵام جەخت دەکەینەوە کە هەندێ لە بەهاکانی خێڵەکی (ترایبالیزم) لە کۆمەڵگای کوردیدا هێشتا هەر کاریگەرن.

هەژاری و بێ دەرامەتیش، کە ئەمە ڕەوشی ژیانی ئابووریی کۆمەڵگای کوردییە، بەها و باوەڕی تایبەت بەخۆیی هەن. خەڵکی هەژار هەمیشە باوەڕداری ئایینیی سەرسەختن- ئایین تاقە فریادڕەسە بۆ ئەمانە و لەمەشەوەیە کە ملکەچی و باوەڕبەخۆ نەبوونیان بەسەرەوە دیارە... دەزگای ئایینی (پیاوانی ئایینی، مزگەوت، تەکییە و سوفیزم) لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا هەمیشە بەهێز و چالاک و کاریگەرە، دەسەڵاتی سیاسیش بۆ پەرژەوەندیی خۆی دنەی ئەم دەزگایە دەدات.

نەداری توانای مرۆڤ گەلێ سنووردار دەکات لە نواندنی دەور و چالاکی لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا؛ بەتایبەتیش لە کۆمەڵگایەک تیایدا لەبەر بەهاکانی خزمایەتی و بنەماڵەیی و دۆستایەتی پێگە و ڕۆڵی تاکەکەس تا ئەوپەڕی پشتگوێ خرابێ.

هەژاری لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆگیاوە نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتییە و دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی چەندین دیاردەی نیگەتیف و زیانبەخش لە کۆمەڵگادا؛ بۆیە دەسەڵاتی سیاسیی هوشیار دەکەوێتە کۆشش و گەڕان بەدوای چارەسەر بۆ ئەم دەردە کوشندەیە. یەکێک لە ترسناکترین دەرئەنجامەکانی هەژاریش بریتییە لە نەخوێندەواری.

خوێندەواری، لە پێناسە هەرە سادەکەیدا، واتە توانای خوێندنەوە و نووسین، بەڵام لێرە مەبەست ئاستی مەعریفیی تاکەکانی کۆمەڵگایە؛ بە گوتەیەکیتر، مەبەست ئاستی هوشیاریی ئەندامانی کۆمەڵە- بۆ مرۆی سەردەمی ئێستا تەنیا خوێندنەوە و نووسین بەس نییە، بەڵکو دەبێ خاوەن هوشیارییەکی شیاو بێت، هەرنەبێ لە پسپۆری یان پیشەکەیدا.

ئەگەرچی ئێمە ئامارێکمان لەبەردەستدا نییە، بەڵام یەکێک لە نیشانەکانی ڕێژەی بەرزی نەخوێندەواری، هەمان کات هەژاریش، لە هەرێمی کوردستان زۆریی منداڵانی ئیشکەر و دەرۆزەکەرانی سەرشەقامە (لە ڕاگەیاندنەکان ئاماژەکراوە بە١٦٠هەزار منداڵ لە هەموو عیراق) — لە جیاتی قوتابخانە ئەمانە لە شەقام و وەرشەکان دەبینین. لەلایەکیتریشەوە، پرۆسەی فێرکردن لە دەزگای پەروەردەدا تائەوپەڕی کز و پڕ خەوش و کەموکوڕییە- چ لەڕووی میتۆد و بابەتی خوێندن و شێوازی وانەگوتنەوە، یان لە کەشوهەوای ناو قوتابخانە و ماوەی خوێندنی ڕۆژانە بێت؛ ئەمە جگە لە ئاستی نزمی بژێویی مامۆستا و سەرقاڵبوونی بە کاریترەوە- هەموو ئەمە دەرچووی قوتابخانە بەحاڵ خوێندەواری لێ دەردەچێ...

بە هەمان جۆر قۆناغەکانی دواتری خوێندنیش بێ خەوش نین؛ وەرگیران و دەرچوونی بە لێشاو لە زانکۆکان هەرگیز نیشانەی خوێندەوارییەکی شیاو نین، بەڵکو لەمەوە دیاردەیەکی تابلێی نیگەتیڤی لێ کەوتۆتەوە کە دەکرێ ناوی بنێین: بڕوانامەی بێ پسپۆری، یان بڕوانامەی بێ باوەڕ... دەرچووی بەشێکی زانستی مەرج نییە باوەڕی هەبێت بەو بوارەی کە لێی «پسپۆرە « — دەرچووی بەشی کۆمەڵناسی باوەڕی تەواوی هەیە بە شتەکانی دەرەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی؛ دەرچووانی کیمیا و فیزیا باوەڕیان بە «ما ورا الطبیعة» هەیە؛ پزیشک، کە پسپۆری فیزیۆلۆگیا و پاتۆلۆگیایە، سەری بچێ نوێژی ناچێ...هتد؛ لە کاتێکدا زانست بریتییە لە سەلمێندراوەکانی واقیعی ماددی، پشتگوێ خستنی یاخود تێکەڵکردنی بە باوەڕی دی کاریگەریی لەسەر ئەو واقیعە نامێنێ و کەواتە پسپۆرییەکە دەکەوێتە بەر گومانەوە. کارەسات لەوەدایە کە ئەمە، بەداخەوە، بۆ قۆناغەکانی ماستەر و دکتۆراش ڕاستە- هەر ئەوانە نا کە لە وڵات ئەم دوو بڕوانامەیە بەدەست دێنن، بەڵکو ئەوانەش کە بە چەندین ساڵ لە دەرەوە، لە وڵاتانی پێشکەوتوو، پسپۆریی وەردەگرن- بەهەمان باوەڕ و کەسایەتیی جارانیان دەگەڕێنەوە؛ وەکو بڵێی جیۆگرافیا و شارستانیەت و زانستەکانی ئەوێ هیچ بەها و باوەڕی جیاوازیان تیا نەبێ شایانی وەرگرتن بن.

کەواتە، لە دیدێکی ئەنترۆپۆلۆگیانەوە، کەسایەتیی نەتەوەیی مرۆی کورد دەرهاویشتەکانی ئەم سێ دیاردانەی بەسەرەوە دیار و کاریگەرن کە ئەمانیش:

- خێڵەتی و لادێیزم ← پیاوسالاری ← هەڵچوون و توندوتیژی
- هەژاری ← ملکەچی و باوەڕبەخۆ نەبوون
- نەخوێندەواری ← ئاستی نزمی هوشیاری

ئەم سێ دیاردە و بەهاکانی لە پشتیانەوەن، بە پلەی یەکەم، زەینیەت (مینتالیتی)ی مرۆی کوردیان داڕشتووە کە دەکرێ ناوی بنێین زەینییەتێکی داخراوی چەقبەستوو — ئەوەش ڕەنگدانەوەی ڕوون و ئاشکرای هەیە بەسەر شێوازی بیرکردنەوە، ڕەفتار، هەڵوێست و چالاکییەکانمانەوە.


---

پەراوێز:

*Oke Daun ; ‹ Svensk mintalitet›. Simrishamn,1989, p.264

** گۆڤاری « گوڵان « ژمارە ١١٦٢ / ئاداری ٢٠١٨

# گەڕانەوە بۆ بەغدا.. هۆکارو دەرهاویشتە



سەلاح بەدرەدین
■
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەگەر تەنیا بەراوردێك بکەین لەنێوان ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق کە بەپێی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، لە هەرێمی کوردستان لە سەرووی ٦٠٪ و لە سەرانسەری عێراقیش نزیکەی ٣٠٪ بوو، (ئەمەش وەك بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە دیدارێکیدا لەگەڵ نێردراوی سەرۆکی ئەمریکا لە هەولێر، دووپاتی کردەوە)، ئەوەندە بەسە بۆ زانینی ئەو هەستە بەرزەی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ بەشداریکردن لەگەڵ هاوبەشە عەرەبەکەیان لە عێراق بە مەبەستی حوکمڕانی و دەرکردنی بڕیارو بەڕێوەبردنی وڵات هەر لە زاخۆوە تا بەسرە، بۆیە دواجار هەموو لایەك ئەوانەی لەگەڵ حکومەتدا بوون، یان ئۆپۆزیسیۆنەکان روویان کردەوە بەغدا دوای دابڕانێکی یەك ساڵە و بە دیاریکراوییش لەوەتەی ئامادەسازی بۆ ریفراندۆمی دیاریکردنی چارەنووس کراوە، هەروەها لەبەر هەندێ هۆی دیکە کە پەیوەستن بە سیاسەتی هێزە سەرەکییەکانی کوردو عەرەب لەگەڵ کاریگەریی دەوڵەتانی دراوسێ و پشتیوانیکردنی ئەو دەوڵەتانە لە نانەوەی پشێوی و پەراوێزخستن و گەمارۆدان، هاوکات قووڵکردنەوەی ئاستی دوورکەوتنەوەو هەستیاری لەنێوان هەردوو پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق، یان لەنێوان هەولێرو بەغدادا.

ئەوەی کە پەیوەستە بە لایەنی کوردستانییەوە، تێبینی ئەوە دەکرێ کە گواستنەوەیەکی خێرا لە ئاراستەی نەتەوەییەوە بۆ ئاراستەی نیشتمانی بەدی دەکرێت، چونکە لە پابەندبوون بە ریفراندۆمی چارەی خۆنووسین و رەوایەتیی سەربەخۆیی و گەڕان بەدوای جۆرێکی تازەی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا (دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەت) دوای شکستی پەیوەندییەکانی پێشوو لەسایەی (فیدڕالییەتی پێشکەوتوو لەگەڵ دەوڵەت) دەبینین کە لە ئێستادا گۆڕانکارییەکی زۆر هاتۆتەئاراوە بە ئاراستەی خۆگونجاندن و مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعە تازەکە دوای

■

**سەرکردەی نەمر مستەفا بارزانی توانی سەربکەوێت لە هەوڵی سازانی نێوان هاووڵاتی کوردستانی و عێراقیدا، هەروەها پارێزگاریکردن لە هاوسەنگی، بەتایبەتیش کە هەر ئەو بوو دروشمی دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی بەرزکردەوە**

ڕووداوەکانی- سێپتەمبەر و ئۆکتۆبەر-ی رابردوو، واتا چوونە بەغدا لە سایەی ( فیدراڵییەتێکی کەم دەسەڵات و جوگرافییەکی کەم رووبەر) و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی حزبی کە بەردەوام لە هەڵکشاندان، وێڕای رەوشی تێکچووی ئابووری و پەیوەندییە نەتەوەیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان، ئەمەش بە ئومێدی گەڕاندنەوەی دۆخەکە بۆ پێش ئەو رووداوانە و مامەڵەکردنی زیاتر لەگەڵ لایەنە نیشتمانییەکان بە رێی شەراکەتی راستەقینە، کە تاکە بژاردەو سەلامەتترینیانە، سەرەڕای خاڵە لاوازەکانی بەردەم هێزە کوردستانییەکان و حکومەتی هەرێم.

گەڕانەوە بۆ بەغدا بۆچی و چۆن؟

یەکەم- لەئێستادا بادانەوەیەکی زۆر فراوان لەلایەن تێکڕای هێزە کوردستانییەکانەوە لەئارادایە، هەروەها گۆڕانکاری لە نەتەوەییەوە بۆ نیشتمانی لەسەر ئاستی پراکتیکەوە کە هاوشانی ئاکارەکانی گوتارێکی تازەی سیاسییە، هەتا ئەگەر بە دەنگێکی نزمیش بێت. من پێموایە پێویستی دەکرد پێش ئەو بادانەوەیە- تاکو دابینکراو بێت و پشتبەستراو بێت بە بنەمایەکی پتەو- بە قووڵی و وردییەوە دیراسە بکرایەو لە هۆکارو ئەنجام و لایەنەکانی قەیرانی پێشوو بکۆڵدرایەتەوە، بەتایبەتیش پرۆسەی ریفراندۆم، دواتر وانەو پەندوەرگرتن و دانانی ئەولەوییات و دیاریکردنی ئەرکی هەنووکەیی و درێژخایەنی ئایندە، بۆ ئەوەی گەل لێی ئاگادار بێت و هەست بە دڵنیایی بکات، دوای ئەوەی بەرگەی ئەو هەموو کۆسپ و مەینەتی و ماندووبوونەی دەروونی و گوزەرانەی گرت، لە لایەکی دیکەوە مەسەلەکە زۆر مەترسیدارە، بەتایبەتی ئەوەی لە کوردستان روودەدات کە پەیڕەوی رێبازی بارزانیی نەمر دەکەن، کە خۆی لە خۆیدا تەنیا پەیوەست نییە بە گەلی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵکو پەیوەندیی راستەوخۆی هەیە بە دەرهاویشتەکانی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردییەوە لە هەموو شوێنێکدا، بەو ناوەی کە هەرێم پێگەی چاوتێبڕینی جیهان و ناوەندێکی نەتەوەیی کاریگەرەو خاوەن ئەزموونێکی پێشکەوتووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، کە ئومێدی لەسەر هەڵدەچنرێت، تاکو ببێتە نموونەیەك و لە دەرودراوسێدا شانازی پێوە بکەن.

دووەم- بزاڤی رزگاریخوازیی کوردی بە درێژایی مێژوو و بە دیاریکراویش لەوەتەی لە قۆناغەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و رێککەوتننامەی سایکس پیکۆ، کورد لە هەر چوار پارچەدا بەسەر چەند وڵاتێکی سەربەخۆدا (تورکیا، ئێران، عێراق، سووریا)، دابەش کراون و کەوتوونەتە بەر هاوکێشەی نەتەوەیی کوردی و نیشتمانی، هەروەها مەسەلەی هاوسەنگیی وردی نێوان هەردوو لا، لەسایەی ئەو رژێمە حوکمڕانە ستەمکارانە کە هەڵوێستی شۆڤینییان هەبووە دژی کورد و کێشە رەوایەکەیان، بۆیە لەبەردەم لاوازیی بزووتنەوەی دیموکراسی و نەبوونی هیچ هاریکارییەکی جیهانیدا، دەبینین کە بزاڤی رزگاریخوازیی کوردی لەو چوار وڵاتەدا لە رەوشێکی زۆر خراپدایە، وەك ئەوە وایە کە یەکێك بەسەر کێڵگەیەکی مینرێژکراودا رێبکات و نەتەقێتەوە، بۆیە هەر ناسەنگییەك، گران لەسەری دەوەستێت، لەمەشدا زۆر لە حزبەکان باجێکی زۆری ئەم رەوشەیان داوە.

سێیەم- پێویستە ئەوە لە بیری نیشتمانپەروەرانی کورد بێت کە پەرەسەندنێکی زۆر لە چەمکی نەتەوەیی و رزگاریخوازیدا روویداوە، تەنانەت پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین – بمانەوێ یان نەمانەوێ- رەنگدانەوەی هەیە بۆ سەر دۆخی کورد، بەمەش چاوخشاندنەوەو گواستنەوە لەو گوتارەی کە لەوەتەی سەدەی نۆزدەمەوە کاری پێدەکرێت بۆ وردەکاریی تازە کە لەگەڵ سەدەی بیست و یەکەم و سەردەمی گلۆبالیزم و زانیاری و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیدا بگونجێت، بێگومان پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان تا ئێستا پیرۆزو گونجاوە وەك پرەنسیپێك، بەڵام پێویستە بە شێوەی پێشکەوتوو جێبەجێ بکرێت، کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی هەر بەشێك و هەر وڵاتێکدا بگونجێت، کە بە ئاشتییانە و بێ زیان و دوور لە توندوتیژی کە لەسەر لێکگەیشتن و سازان بینا بکرێت.

چوارەم- لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا و بە ماوەی نزیکەی سەدەیەك لە بوونی هەر بەشێك لە چواربەشەکەی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەت و قەوارەو رژێمەکان بە دەستوور و یاساو کەلتوورەکانیانەوە لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی کۆمەڵایەتی و لێککەوتی کەلتووریی،

**پێویستە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ناحکوومی هانبدرێن بەتایبەتیش کۆمەڵەکانی دۆستایەتیی کوردی و عەرەبی لە کوردستانی عێراق تاکو ئەرکی خۆیان راپەڕێنن و دەست بەو کارانە بکەنەوە کە چەند ساڵێکە پەکیان کەوتووە**

**ناکرێ کێشەی کورد لە چوارچێوەی مافی چارەی خۆنووسین لە هەر بەشێک و بە تاکلایەنە چارەسەربکرێت، بەڵکو پێویستی بە لێکگەیشتن و سازان هەیە لەنێوان هاوبەشەکانی نیشتمانداو لە حاڵەتی عێراقیشدا لەنێوان هەردوو پێکهاتە سەرەکییەکەی کوردو عەرەبدا**

**وێڕای ئەوەی کە زۆرینەی خەڵکی هەرێم پشتیوانییان لە ریفراندۆم و سەرۆک مسعود بارزانی کرد، بەڵام لایەنی دیکە (عێراقی) رەتی کردەوە، دواتر هەڵوێستی نەرێنیی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بەدوادا هات، کە بووە هۆی ئەوەی ئەو پڕۆژە نەتەوەییە بەدی نەیەت**

تایبەتمەندیی هەر بەشێکی بەهێز کردووە لەسەر حیسابی نەتەوەیی گشتی، کە ئەمەش لایەنی نیشتمانی بەسەر نەتەوەییدا سەرخستووە، بۆ نموونە هاووڵاتی کوردی عێراقی کاریگەردەبێت بە بەغدا لە رووی ( ئابووری و دەستووری و ئیداری و چارەنووس)ەوە زیاتر لەوەی کە کاریگەر بێت بە کوردێکی مەهاباد، یان دیاربەکر، یان عەفرین، هاووڵاتییەکی کوردی سووریا پێیوایە کە چارەنووسی زیاتر پەیوەستە بە ئەنجامەکانی شۆڕشی سووریاو پرۆسەی ئاشتی و سرووشتی سیستەمی حوکم لە وڵاتەکەی زیاتر لە پابەندبوونی بە کوردی مەهاباد، یان هەولێر، یان ئۆرفە، ئەمانە هەموویان لە پێشکەوتنەکانی سەدەی تازەن کە ئەولەوییەت دەدات بە بژاردەی نیشتمانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد.

پێنجەم- کاتێ هاوسەنگی تێکدەچێت لە بەرنامەو سیاسەت و رەفتاری سەرکردایەتییەکانی بزاڤی کوردی، قەیرانەکان پەرە دەسەنن و کارەسات روودەدات و پاشگەزبوونەوە دێتەئاراوە، تا ئاستی لەدەستدانی دەستکەوتەکانی پێشوو کە لەمیانی دەیان ساڵدا لەسەر حیسابی فرمێسك و خوێن بەدیهاتوون، هۆکاری ئەو ناسەنگییەش هەمیشە بۆ دوو شت دەگەڕێتەوە: یان زێدەڕۆیی لە نیشتمانپەروەری لەسەر حیسابی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد، ئەمەش زۆر لە هەڵوێستی شیوعییە کۆسمۆپۆلۆتیینەکانی کورددا دەردەکەوێت، هەروەها لە هەندێ کەسایەتی و رەوت لە چوارچێوەی بزاڤی کوردیدا، یان توندڕەویی نەتەوەیی و پابەندبوونی تەواوی نەتەوەیی لەسەر حیسابی گشتیی نیشتمانی، بۆیە بە درێژایی مێژووی بزاڤەکەمان ئەم جۆرە ئاراستانەمان بینی، هەروەها لەوەتەی شۆڕشی شێخ عوبێدوڵای نەهری لە ساڵانی سەدەی نۆزدەیەم کاتێ واقیع و ئیجتهادەکان دوو رێبازی پێکناکۆکیان جیاکردەوە کە بریتی بوون لە (ئۆتۆنۆمیخوازان) و (سەربەخۆییخوازان) لە دەسەڵاتی عوسمانی، بەپێی زانیاریی خۆم و کە ئاگاداری ئەوە بم، سەرکردەی نەمر مستەفا بارزانی توانی سەربکەوێت لە هەوڵی سازانی نێوان هاووڵاتی کوردستانی و عێراقیدا، هەروەها پارێزگاریکردن لە هاوسەنگی، بەتایبەتیش کە هەر ئەو بوو دروشمی دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی بەرزکردەوە.

شەشەم- یەکێك لە داهێنانەکانی سەدەی تازە تایبەت بە کێشەی کوردی بریتییە لە دیاری نەکردنی مێژووی چارەسەر لە یەك لایەنەوە (لایەنی کوردی و لایەنی رژێم)، هەروەها هەڵەی رێکارەکانی ئەمری واقیع، هەتا ئەگەر بە شێوەی بریقەداریش بێت، بۆ نموونە هەموو ئەو قەوارانەی لەلایەن پەیەدەوە پێکهێنراون لە هەندێ ناوچەی کوردی دانیان پێدا نانرێت و لەلایەن رژێم و ئۆپۆزیسیۆنەوە رەتدەکرێنەوە، هەروەها لەلایەن زۆرینەی کوردی سووریاشەوە قبووڵ ناکرێن، بۆیە بوون و نەبوونیان وەکو یەکە، هاوکات ئەزموونێکی دیکە و لە چوارچێوەیەکی جیاوازی حاڵەتی سووریا لە کوردستانی عێراق روویداوە، وێڕای ئەوەی کە زۆرینەی خەڵکی هەرێم پشتیوانییان لە ریفراندۆم و سەرۆك مسعود بارزانی کرد، بەڵام لایەنی دیکە (عێراقی) رەتی کردەوە، دواتر هەڵوێستی نەرێنیی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بەدوادا هات، کە بووە هۆی ئەوەی ئەو پرۆژە نەتەوەییە بەدی نەیەت.

حەوتەم- هەروەك من دەیبینم کە گەڕانەوە بۆ بەغدا باشتر و راستترین بژاردەو زۆرترین واقیعییە، ئەم گەڕانەوەیەش جەخت لە دوو مەسەلە دەکاتەوە: یەکەم ئەوەیە کە ناکرێ کێشەی کورد لە چوارچێوەی مافی چارەی خۆنووسین لە هەر بەشێك و بە تاکلایەنە چارەسەربکرێت، بەڵکو پێویستی بە لێکگەیشتن و سازان هەیە لەنێوان هاوبەشەکانی نیشتمانداو لە حاڵەتی عێراقیشدا لەنێوان هەردوو پێکهاتە سەرەکییەکەی کوردو عەرەبدا، بەڵام دووەمیان رەنگە تەنیا گەڕانەوەی فەرمی بەس نەبێت، بەڵکو پێویستە لە رووی پەیوەندیی جەماوەرییشەوە ئەنجام بدرێت، واتا پێویستە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ناحکوومی هانبدرێن بەتایبەتیش کۆمەڵەکانی دۆستایەتیی کوردی و عەرەبی لە کوردستانی عێراق تاکو ئەرکی خۆیان راپەڕێنن و دەست بەو کارانە بکەنەوە کە چەند ساڵێکە پەکیان کەوتووە، ئەمەش بە سازدانی سیمیناری دیالۆگ دێتەدی لەنێوان نوخبەی هەردوو گەل و پێکهاتەکانی دیکە، بە تایبەتیش کە گەلی کوردستان خاوەنی کەلتووری لێبووردەیی و پێکەوەژیانە.

**لەوەتەی شۆڕشی شێخ عوبێدوڵای نەهری لە ساڵانی سەدەی نۆزدەیەم کاتێ واقیع و ئیجتهادەکان دوو رێبازی پێکناکۆکیان جیاکردەوە کە بریتی بوون لە (ئۆتۆنۆمیخوازان) و (سەربەخۆییخوازان) لە دەسەڵاتی عوسمانی**

**مافی چارەی خۆنووسینی گەلان تا ئێستا پیرۆزو گونجاوە وەک پرەنسیپێک، بەڵام پێویستە بە شێوەی پێشکەوتوو جێبەجێ بکرێت، کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی هەر بەشێک و هەر وڵاتێکدا بگونجێت، کە بە ئاشتییانە و بێ زیان و دوور لە توندوتیژی کە لەسەر لێکگەیشتن و سازان بینا بکرێت**

**لەئێستادا یادانەوەیەکی زۆر فراوان لەلایەن تێکڕای هێزە کوردستانییەکانەوە لەئارادایە، هەروەها گۆڕانکاری لە نەتەوەییەوە بۆ نیشتمانی لەسەر ئاستی پراکتیکەوە کە هاوشانی ئاکارەکانی گوتارێکی تازەی سیاسییە، هەتا ئەگەر بە دەنگێکی نزمیش بێت**



**ڕێبوار تاڵەبانی**

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ گوڵان:

# ئومێدەوارین کێشەی کەرکووک لە ڕێی گفتوگۆی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق چارەسەر بکرێت

## بەرپرسیارێتی سەرەکیی چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارەکانی کەرکووک لە ئەستۆی حکومەتی عێراقە

سەرەڕای ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك سکاڵای بۆ دواخستنی هەڵبژاردنەکان لە کەرکووك و ناوچە کێشە لەسەرەکان بۆ دادگای فیدراڵی بەرزکردبووەوە، بەڵام دەرئەنجام هەڵبژاردنەکە کراو و ناڕەزایەتی بە دوای خۆیدا هێنا. بارودۆخی شاری کەرکووك و ئاسۆی چارەسەری کێشەکان و چەند پرسێکی دیکە تەوەری پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان بوو بۆ ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك کە لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.

*** لەهەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی شاری کەرکووک نارەزایەتی دروست بوو، پێشتریش پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند کە بەشداری لەو هەڵبژاردنانە ناکات و نەشیکرد، وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک چۆن دەڕوانیتە ئەو هەڵبژاردنانە؟**

- وەك ئاشکرایە هەڵبژاردن لە کەرکووکدا کراوە، کە ئێمە بینیمان پێکهاتەی عەرەب و تورکمانی ئەو شارە نارەزایەتییان دەربڕیوە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، چونکە ئەنجامەکان بە دڵی ئەوان نەبووە، بەڵام دەبێت چاوەڕێ بکەین و بزانین کۆمیسیۆن چ وەڵامێکیان دەداتەوە. ئەوان رایانگەیاند کە خۆپیشاندان دەکەن و کردیشیان، ئەمەش پەیوەستە بە لایەنە ئەمنییەکەوە، بەڵام چەند بە دەم داواکارییەکانیانەوە دێن، ئەوا ئەمە پەیوەستە بە حکومەتی عێراقییەوە، چونکە لە ئێستادا ئەو شارە لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراقیدایە.

*** لە شاری کەرکووك چەندین کێشەی ئەمنی و سیاسی بوونیان هەیە، ئێستاش کێشە و گلەیی و نارەزاییەتییەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردنیشی هاتەسەر، ئایا لەم بارودۆخەدا پێتوایە ئەم دەرئەنجامانەی هەڵبژاردن هیچ لە دۆخی شارەکە بگۆڕێت، یان ئایا دەبنەهۆی چارەسەرکردنی کێشەی ئەم شارە؟**

- نەخێر، من پێشبینی ناکەم، چونکە پێش هەڵبژاردنیش هەشت ئەندام پەرلەمانمان هەبوو لەسەر پارێزگای کەرکووك و لە کاتی رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەردا لەوێ بوون، بەڵام حکومەتی عێراق هیچ هەنگاوێکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی شارەکە هەڵنەگرت و چارەسەرەکەی دواخست، تاوەکو هەڵبژاردنەکان بکرێت، کە مەبەستیشی هەبوو لەوەدا، ئێستاش ئەوەتا هەڵبژاردنەکان کۆتاییان هاتووە. بەڵام نازانین حکومەت پێکدێت یان نا، پەرلەمان کۆدەبێتەوە، یان نا، سەرجەم لایەنەکان دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان پەسەند دەکەن، یان نا.

*** باشە ئەی باشترین میکانیزم بۆ یەکلاکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم شارە چین؟**

- لە راستیدا ئێمە ئومێدمان بەوە هەبووە کە گفتوگۆ لە نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی بەغدا دروست بێت و لەم رێگەوە کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان یەکلابکرێتەوە و دۆخێکی ئاسایی و دەستووری بگەڕێتەوە، ئێستاش ئێمە چاوەڕوان دەکەین کە حکومەتە نوێیەکە پێکبهێنرێت لەگەڵ ئەو رێککەوتنە سیاسییانەی دەکرێن، سەنگی کوردیش ئاشکرایە و ئێمە چاوەڕوانین لە رۆژانی داهاتوودا بزانین کورد چەند بەم دۆخە رازی دەبێت.

*** پێشتر باس لە دروستکردنی هێزی هاوبەش دەکرا بۆ پاراستنی ئەمنییەتی شاری کەرکووك، ئەمە بە کوێ گەیشت؟**

- راستە پێشتریش ئەمریکا هەوڵیدا هێزێکی هاوبەش دروست بکرێت و چەند لیوایەکی پێشمەرگە بچنەوە کەرکووك، بەڵام تا ئێستا رەزامەندی لەسەر نەدراوە و تەنانەت بانگهێشتی پارێزگاری کەرکووك بە وەکالەت کرا بۆ بەغدا، بەڵام تا ئێستا حکومەتی عێراق هەڵوێستی خۆی رانەگەیاندووە. کەواتە دەبێت چاوەڕێ بکەین بۆ ئەوەی حکومەتی نوێی عێراق سیاسەتی خۆی لەسەر بنەمای ماددەی ١٤٠ لە ئاست ئەم ناوچانەدا دیاری بکات، ئەو کاتەش پەرلەمانتارەکانی کورد، بەتایبەتی ئەوانەی نوێنەرایەتی شاری کەرکووك دەکەن، هەڵوێستی سیاسی و دەستووری و یاسایی خۆیان هەبێت لەو رووەوە.

*** داوادەکرێت ئەو هێزە هاوبەش لەگەڵ سوپای عێراقدا بێت، نەك حەشدی شەعبی، رای ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟**

- بە داخەوە حەشدی شەعبی بەرگێکی یاسایی بەبەردا کراوە و ئەوە دەکەوێتە سەر پەرلەمانی داهاتوو، ئایا ئەو یاسایە هەڵدەوەشێنێتەوە و عێراق بە ئاقاری سەقامگیریدا دەبەن، یان بە ئاراستەیەکی نەخوازراودا.

*** ئەی بۆ دۆخی ئاوارەکانی کەرکووك چی کراوە؟**

- لە راستیدا دەبێت ئەم کێشەیە چارسەر بکرێت و بە پلەی یەکەمیش بەرپرسارێتییەکە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی عێراق، ئەوە بوو لەم هەڵبژاردنانەدا ئیقراریان کرد کە ئاوارە هەیە، لە کاتێکدا پێشتر نکۆڵییان لێدەکرد کە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە خەڵك ئاوارە بووبێت، چونکە کۆمیسیۆن سندوقی دەنگدانی هێنایە هەولێر و سلێمانی و دهۆك بۆ ئەوەی ئاوارەکانی کەرکووك دەنگ بدەن، کە دەبێت وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراقیش ئەمە لەبەرچاو بگرێت و بە دۆکیۆمێنتی بکات. کەواتە ئەمە کێشەیەکە و پێویستی بە چارەسەری بەپەلە هەیە، بەڵام من پێموایە پێکهێنانی داهاتووی عێراق پرۆسەیەکی ئاڵۆز دەبێت و کاتێکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی ئەو بڕیارانە دەربکات کە لە بەرژەوەندی کەرکووك و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانە.

*** ئێوە پێشتری سکاڵاتان لای دادگای ئیتیحادی تۆمار کردبوو، ئایا ئەوە بە کوێ گەیشت؟**

- ئەو سکاڵایە تا ئێستا ماوە، بەڵام دادگای ئیتیحادی رۆژی دادبینییەکەی دەستنیشان نەکردووە و بەداخەوە زۆر دوایخست و مەبەستی بوو بکەوێتە دوای هەڵبژاردنەکان، چونکە یەکێك لە داواکارییەکانی ئێمە راگرتنی هەڵبژاردنەکان بوو لە کەرکووك و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، ئەمەش پێشێلکردنی مافی هاووڵاتیبوونە کە وەڵامی سکاڵای تۆمارکراو نادرێتەوە، بە ئەرێنی، یان بە نەرێنی. لەبەر ئەوە دەتوانم بڵێم ئەمە پێشێلکردنێکی دیکەی دەستوورییە کە لە عێراقدا و لەم دادگایەشدا روویدا.

**پێکهێنانی داهاتوی عێراق پرۆسەیەکی ئاڵۆز دەبێت و کاتێکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی ئەو بڕیارانە دەربکات کە لە بەرژەوەندی کەرکووک و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانە**

**دەبێت چاوەڕێ بکەین بۆ ئەوەی حکومەتی نوێی عێراق سیاسەتی خۆی لەسەر بنەمای ماددەی ١٤٠ لە ئاست ئەم ناوچانەدا دیاری بکات**

**پێش هەڵبژاردنیش هەشت ئەندام پەرلەمانمان هەبوو لەسەر پارێزگای کەرکووک و لەکاتی رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەردا لەوێ بوون، بەڵام حکومەتی عێراق هیچ هەنگاوێکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی شارەکە هەڵنەگرت**



**سەباح بۆیا سولاقا**

**ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر و سەرۆکی لیستی کیان شلامای کریستیانەکان بۆ گوڵان:**

# ئەوانەی متمانەیان بە پارتی کرد لەم هەڵبژاردنەدا دەنگەکانیان جێی خۆی گرتووە

**کریستیانەکان چۆن دەڕواننە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراق؟ بۆچی زۆربەی دەنگەکانیان بۆ لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو؟ چییان لەپارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا دەوێت و چاوەڕوانی چی دەکەن، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەم پێکهاتە ڕەسەنەی عێراق لەهەموو ناوچەکانی دیکەی عێراق ئاوارە بوون و ڕوویان لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد؟ بۆ قسەکردن لەسەر ئەم تەوەرانە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی سەباح بۆیا سولاقا ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر و سەرۆکی لیستی کیان شلامای کریستیانەکان کرد و بەمجۆرە وڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** هاتنی ئەو ڕێژە بەرزەی دەنگ بۆ لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- بەش بە حاڵ خۆم و برادەرەکانمان لە عەینکاوە، ئەمە شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو، چونکە پارتی حزبێکی دێرینە و ٧٠ ساڵە لە گۆڕەپانی تێکۆشاندایە و نابێت بەو شێوەیە لێی بڕوانین ئەمە یەکەمجارە پارتی سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، لە داهاتووشدا سەرکەوتوو دەبێت. ئێمە لە ماوەی هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردندا کۆبوونەوە جەماوەرییەکانی پارتی و قەبارە و قورسایی جەماوەریی ئەو پارتەمان بینی. کەواتە شتێکی سرووشتییە کە پارتی دەنگێکی زۆر بەدەست بهێنێت، دواتر دەبێت ئەوە بزانین کە خەڵك دەزانێت بەرژەوەندیی ئەوان لە کوێدایە، دەزانێت کێ ئاسایشی و ئارامی دەستەبەر کردووە.

*** ئەی چۆن لە پەیوەندی ئێوە وەك پێکهاتەی مەسیحی لەگەڵ پارتیدا دەڕوانن؟**

- ئێمە هەر لە سەرەتاوە چارەنووسمان لەگەڵ یەکتریدا تێکەڵ بووە، واتە هەر لە سەردەمی ڕەحمەتی مەلا مستەفای بارزانی تا ئێستا. دواتر ئێمە چەندین کەسایەتیمان لە شاخ بوون و لە نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان خەبات و تێکۆشانیان دەکرد، وەك ڕەحمەتی فرانسۆ هەریری. هەروەها زۆرێك لەو مەسیحییانەی شەهید بوون، ئەگەر پارتیش نەبووبن، ئەوا لە پێناوی کوردستانێکی سەربەرزدا خۆیان بەخت کردووە.

*** ئەی چۆن دەڕواننە هەڵوێست و هاوکارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو مەسیحییانەی لە شوێنەکانی دیکەی عێراقەوە ئاوارە بوون و ڕوویان لە کوردستان کرد؟**

- لە ڕاستیدا کوردستان دەرگای بۆ واڵاکردن و ئەوانیش سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن. من لێرەدا دەمەوێت باسی ئەوە بکەم کە لە سەرەتای نەوەتەکاندا بوو، بەڕێز کاك مسعود بارزانی هاتە عەنکاوە و لەبەردەم مەترانیە وتارێکی پێشکەش کرد و ڕایگەیاند، ئەوەی دەستدرێژی بکاتەسەر ئێوە، وەك ئەوە وایە دەستدرێژی کردبێتەسەر من. خاڵێکی دیکە هەیە، دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم، ئەویش ئەوەیە کە پارتی لە هەڵبژاردنەکەی ئەم دواییدا لە عەنکاوە یەکەم بووە. هەموو ئەمانە بۆ هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی پارتی و بۆ داکۆکیکردنی لە مافی پێکهاتەکان دەگەڕێتەوە، ئێمە دەزانین مەسیحییەکان نەدەبوونە خاوەن مافی خۆیان، ئەگەر جەنابی کاك مسعود لە سەروەختی نووسینەوەی دەستووری عێراقدا داکۆکی لە مافی پێکهاتە مەسیحییەکان نەکردایە. دواتر ئێمە دەزانین کاتێك داعش هێرشی کردە سەر دەشتی نەینەوا، مەسیحییەکانی ڕوویان کردە کوردستان و ئەو خەڵکانەش ئەوەیان لە یادە، کە کێ پارێزگاری لێکردن و کێ ئاسانکاری بۆ کردن بۆ گەڕانەوە بۆ شوێن و ماڵ و حاڵی خۆیان و ئەوانیش ئەمەیان لەبەرچاو بووە لە کاتی دەنگدانیاندا لە هەڵبژاردنەکاندا.

*** کەواتە بردنەوەی پارتی لەو هەڵبژاردنانە چ دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە؟**

- من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەمە ئەرکی سەرشانی پارتی قورستر و بەرپرسیارێتی پارتی زیاتر کردووە، چونکە ئێستا خەڵکی چاوەڕوانییەکی زیاتری هەیە لە پارتی و دەبێت پارتی کاری زیاتر بۆ خەڵك بکات.

*** پەیامت چییە بۆ حزبە کوردستانیەکان بۆ ئەوەی پێگەی کورد لە بەغدا بەهێز بێت؟**

- من داوایان لێدەکەم یەکدەست و یەکدڵ بن و تەنانەت پێم خۆش بوو لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەش بۆ پەرلەمانی بەغدا بە لیستێکی هاوبەش بەشدارییان بکردایە.

*** دوا قسەت چییە؟**

- من دەڵێم ئەوانەی دەنگیاندا بە پارتی، دەنگانیان جێی خۆی گرتووە و پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان دەکەم و هیوادارم ئەو بەڵێنانەی لە میانەی بانگەشەکانی هەڵبژاردندا دران، جێبەجێ بکرێن بۆ ئەوەی متمانەی نێوان خەڵك و حکومەت زیاتر بێت.

**هیوادارم ئەو بەڵێنانەی لە میانەی بانگەشەکانی هەڵبژاردندا دران، جێبەجێ بکرێن بۆ ئەوەی متمانەی نێوان خەڵک و حکومەت زیاتر بێت**

**زۆرێک لەو مەسیحییانەی شەهید بوون، ئەگەر پارتیش نەبووبن، ئەوا لە پێناوی کوردستانێکی سەربەرزدا خۆیان بەخت کردووە**

**پارتی حزبێکی دێرینە و ٧٠ ساڵە لە گۆڕەپانی تێکۆشاندایە و نابێت بەو شێوەیە لێی بڕوانین ئەمە یەکەمجارە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت**



**دۆخی سووریا لەرزۆکە و ئەو وڵات و هێزە دەرەکییانەش کە دەستتێوەردانیان کردووە، یارمەتیدەر نین، بەتایبەتی رووسیا و ئێران و تا رادەیەک تورکیا و لایەنەکانی دیکەش، کارێک دەکەن دۆخەکە ئەوەندەی دیکە مەترسیدار بێت**

*** ئێمە دەزانین کە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی کۆمەڵەی ٥+١ لەگەڵ ئێراندا مایەی مشتومڕ بوو، کە کەسانێك هەبوون سەرسەختانە رەخنەیان لێدەگرت و بە رێککەوتنێکی پڕ لە کەموکوڕییان لەقەڵەم دەدا، لە سەرووی هەموویانەوە دۆناڵد ترەمپ کە ئێستا جڵەوی سەرۆکایەتی ئەمریکای بەدەستەوەیە و ئەوە بوو لە کۆتاییدا بڕیاری دا، لەو رێککەوتنە بکشێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئێوە چۆن لەم بڕیارە و لە هۆکارەکانی دەڕوانن؟**

- ئاشکرایە چەند ساڵێکە سەرۆك ترەمپ بە بەردەوامی هەمان شت لەبارەی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا دووپات دەکاتەوە، لە تێڕوانینی ئەودا ئەم رێککەوتنە لە بەرژەوەندیی ئەمریکادا نەبووە و پێیوابوو ئەمریکا دەستبەرداری چەندین داواکاری خۆی بووە لە میانەی گفتوگۆکانیدا بۆ ئەنجامدانی ئەم رێککەوتنە. ئەوە بوو هەوڵەکانی خستەگەڕ لەگەڵ هاوپەیمانە ئەوروپییەکانیدا بۆ ئەوەی بە چەشنێك پێداچوونەوە بە رێککەوتنەکەدا بکرێت، کە لە بەرژەوەندی ئەمریکا بێت، کاتێکیش ئەم هەوڵ و کۆششانە سەریان نەگرت، ئەوا بڕیاری کشانەوەی دا لەو رێککەوتنە، واتە هۆکاری سەرەکی نائومێدی ئەو بوو لە رێککەوتنەکە.

*** بەڵام هەندێ کەس پێیانوایە هۆکار و پاڵنەرێکی سەرەکیی بڕیارەکەی سەرۆك ترەمپ بریتی بووە لە پێداگری و پەرۆشی ئەو بۆ پێچەوانە کردنەوە و لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی میراتی سەرۆکی پێش خۆی، (باراك ئۆباما)، چونکە زۆر کەس پێیانوایە ترەمپ دەیەوێت وەك دژە ئۆباما دەربکەوێت؟ ئایا تا چەند ئەمە لێکدانەوەیەکی دروستە؟**

- لە راستیدا من بەو شێوەیە گوزارشتی لێناکەم، بەڵکو پێموایە ئەوەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ ئەنجامی دەدات، ئەوەیە کە هەوڵ دەدات

## پیتەر فیڤەر پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# بڕیارەکەی ترەمپ بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە دۆخێکی پڕ لە نادڵنیایی دەخوڵقێنێت

**پیتەر فیڤەر پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی دیوك و بەڕێوەبەری ئامۆژگای دیراساتی ئەمنییە لە هەمان زانکۆ، شارەزای چەند بوارێکی گرنگە، وەك بواری دیپلۆماسی، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئاسایشی نەتەوەیی، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد کە پەیوەست بوون بە هۆکار و پاڵنەرەکانی بڕیارەکەی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا، لەگەڵ ئاکام و دەرهاویشتەکانی ئەم بڕیارە و چەند پرس و پەرەسەندنێکی دیکەی پەیوەندیدار، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

ئەو سیاسەت و بڕیارانە پێچەوانە بکاتەوە کە پێی وایە هەڵە و ناڕاستن. بە چەشنی ئەوەی کە سەرۆك باراك ئۆباما هەوڵیدا ئەوە ڕاست بکاتەوە کە پێی وابوو هەڵەکانی سەرۆکی پێش خۆی (جۆرج بوش) بووە، بە هەمان شێوە جورج بۆشیش کاریکرد بۆ ڕاستکردنەوەی ئەوەی باوەڕی وابوو هەڵەی کلینتۆن بوون. لێرەدا ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە هەموو ئەو سەرۆکانەی ئاماژەمان پێکرد، بڕیاری گەورەیان داوە لەبارەی ئێران و عێراقەوە، هەر یەکێك لەو سەرۆکانەش پێیوابوو سەرۆکی پێش خۆی بڕیاری خراپی دەرکردووە و ویستیان ئەو بڕیارانە پێچەوانە بکەنەوە.

*** ئێمە دەزانین کە ئیدارەی باراك ئۆباما زۆر هەوڵیدا ئەوە بخاتەڕوو کە ئەنجامدانی ئەو ڕێککەوتنە باشترین ڕێگاچارە بوو و بەدیلی ئەو ڕێککەوتنەش لە دوو حاڵەت بەدەر نەبوو، یان شەڕ لەگەڵ ئێران، یان ڕێگادان بە ئێران بۆ بوونە خاوەن چەکی ئەتۆمی، بەڵام ئێستا کە ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە کشاوەتەوە، ئایا دەبێت چاوەڕوانی چ دەرهاویشتەیەك بکەین لەم بڕیارە؟**

- لە ڕاستیدا ئەم بڕیارە دۆخێکی پڕ لە نادڵنیایی دەخوڵقێنێت، مەبەستم ئەوەیە ئەگەری گەورە هەیە کە دەرئەنجامی باشی لێبکەوێتەوە، لە هەمان کاتدا ئەگەری بەهێزیش هەیە کە دەرهاویشتەی خراپی بەدوادا بێت. ئێمە دەزانین دۆناڵد ترەمپ هەندێ لە سزاکانی دواخستووە بۆ چەند مانگێکی دیکە، بەتایبەتی ئەوانەی ڕووبەڕووی هاوپەیمانەکانی دەبنەوە، ئەمەش دەرفەتێك دەخوڵقێنێت و چاوەڕوانییەك دروست دەکات، بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی و لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا بتوانن بگەنە جۆرێك لە ڕێککەوتن کە هەموارکردنەوە و پێداچوونەوەی ڕێککەوتنەکەی پێشوو لەخۆ بگرێت و بخرێتە بەردەم ئێران بە ئومێدی قبووڵکردنی، سیناریۆ

**پێموایە ئێران دەست بۆ تۆڵەکردنەوە دەبات، بەڵام لە سنوورێکی دیاریکراودا، واتە بە چەشنێک کە نەگاتە ڕادەی ئەوەی دۆخەکە بەرەو هەڵکشان بچێت، چونکە ئێران نایەوێت لەگەڵ ئەمریکادا دووچاری ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ ببێتەوە**

باشەکە ئەوەیە کە هاوپەیمانەکان ئەمە قبوول بکەن، لە کاتێکدا کە پێشتر ئەمەیان ڕەت دەکردەوە، هەروەها ئێرانیش ئەمە قبوول بکات، کە ئەویش پێشتر ئامادە نەبوو ئەمە پەسەند بکات.

*** بەڵام ئایا هەوڵێکی لەم چەشنە تا چەند ڕووبەڕووی دژواری و سەختی دەبێتەوە؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ئەمە ڕێگایەکی سەختە، بەڵام ئەگەر بتوانرێت ئەم ڕێگایە بگیرێتەبەر، ئەوا ئەمە لە بەرژەوەندی ئەمریکا دەبێت.

*** لە وەڵامەکەی پێشوودا باست لە سیناریۆ باشەکە کرد، ئەی سیناریۆ خراپەکە چییە؟**

- سیناریۆ خراپەکە ئەوەیە کە ئەوروپییەکان و ئێرانییەکانی ئەمە قبوول نەکەن و ئەو کاتە جۆرێک لە حاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوە دروست بێت و دۆخەکە بگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی پێش ئەنجامدانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، ئەوەش هەلومەرجێکی مەترسیدارە.

*** بەڵام ئایا هیچ ئەگەرێکی ڕاستەقینە و واقیعبینانە لەئارادایە بۆ ئەوەی بتوانرێت دووبارە دەست بە گفتوگۆ بکرێتەوە و ڕێککەوتنێکی نوێ واژوو بکرێت؟ ئەمە تا چەند ڕێی تێدەچێت؟**

- ئەمە ڕێی تێدەچێت، بەڵام لە هەمان کاتدا سەختە. من دەڵێم ڕێی تێدەچێت لەبەر ئەوەی لە ئێستادا ئابووریی ئێران لە بارێکی ناهەمواردایە و خراپترە بە بەراورد بە دۆخی ئابووریی ساڵی ٢٠١٥ کاتێک ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ ئیدارەی ئەو کاتەی ئەمریکا- ئیدارەی باراک ئۆبامادا- واژوو کرد، مەبەستم ئەوەیە ڕەنگە ئێران پێیوا بێت دۆخەکە سازشکردن هەڵدەگرێت، واتە ڕەنگە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ئەم سازشە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی فشاری زیاتر نەبێتەوە. کەواتە ئەگەر گەشبین بین، ئەوا ئەمە یەکێکە لە سیناریۆ باشەکان.

*** بەڵام تا ئێستا ئێران ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە ئامادەیی تێدا بێت بۆ ئەوەی دووبارە دەست بە گفتوگۆ بکاتەوە لە پێناو گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ، کەواتە لەم حاڵەتەدا ئێران دەتوانێت چی بکات و پێشبینی دەکەیت چ پەرچەکردارێکی هەبێت، بەتایبەتی کە ئەمریکا دووبارە سزاکانی بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپاندۆتەوە؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە بژارەکانی بەردەست ئێرانەوە، ئەوا ئێران دەتوانێت بڕیاری کشانەوە لە ڕێککەوتنەکە بدات و دەست بە پرۆسەی پیتاندنی یۆرانیۆم بکاتەوە، بەڵام ئەمە پێشێلکردنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لە خۆدەگرێت و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی ترەمپ لە ئاست ئەوروپییەکاندا، هەروەها ئەمە ڕێگەخۆش دەکات بۆ سەپاندنەوەی سزا بەسەر ئێراندا و بگرە دەرگای ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازییش واڵا دەکات. کەواتە ئەگەر ئێران ئەم ڕێگەیە بگرێتەبەر- کە بە لەبەرچاوگرتنی تووڕەیی ئێرانییەکان ئەوا بۆی هەیە پاساوی گرتنەبەری ئەم ڕێگایەشیان هەبێت-، ئەوا دۆخێکی مەترسیدار دەخوڵقێت و دروست دەبێت.

*** ئایا پێشبینی ئەوە دەکەیت کە ئێران کرداری تۆڵەسەندنەوە ئەنجام بدات لە دژی هاوپەیمان و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا؟**

- من پێموایە ئێران دەست بۆ تۆڵەکردنەوە دەبات، بەڵام لە سنوورێکی دیاریکراودا، واتە بە چەشنێك کە نەگاتە ڕادەی ئەوەی دۆخەکە بەرەو هەڵکشان بچێت، چونکە ئێران نایەوێت لەگەڵ ئەمریکادا دووچاری ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ ببێتەوە.

*** هەندێ جار باس لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوە و دروستبوونی شەڕ دەکرێت لە نێوان ئێران و ئیسرائیلدا، بەتایبەتی بەهۆی بارودۆخی سووریاوە کە دەگوترێت ئێران دەیەوێت لە ڕێی ئەو وڵاتەوە هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل، ئایا پێتوایە ئەمە ئەگەرێکی ڕاستەقینەیە؟**

- ئێمە دەزانین دۆخی سووریا لەرزۆکە و ئەو وڵات و هێزە دەرەکییانەش کە دەستتێوەردانیان کردووە، یارمەتیدەر نین، بەتایبەتی ڕووسیا و ئێران و تا ڕادەیەك تورکیا و لایەنەکانی دیکەش، واتە کارێك دەکەن دۆخەکە ئەوەندەی دیکە مەترسیدار بێت. کەواتە دۆخەکە مەترسیدارە و پێویستە بە وریاییەوە ئیدارەی هەلومەرجەکە بکرێت، چونکە بۆی هەیە هەر یەك لە پەرەسەندنەکان ببنە هۆی داڕووخانی تەواوی دۆخەکە.

*** کەواتە چەند هۆکارێکی کەم هەن بۆ ئەوەی گەشبین بین؟**

من پێموایە دۆخەکە پێویستی بە دیپلۆماسییەت و سەرکردایەتییەکی ژیر هەیە لەلایەن ئەمریکاوە بۆ ئەوەی بە ئاقارێکدا ببرێت کە دەرئەنجامێکی باش و ئیجابی لێبکەوێتەوە.

**ئێران دەتوانێت بڕیاری کشانەوە لە ڕێککەوتنەکە بدات و دەست بە پرۆسەی پیتاندنی یۆرانیۆم بکاتەوە، بەڵام ئەمە پێشێلکردنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لە خۆدەگرێت و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی ترەمپ لە ئاست ئەوروپییەکاندا**

**لە ئێستادا ئابووریی ئێران لە بارێکی ناهەمواردایە و خراپترە بە بەراورد بە دۆخی ئابووریی ساڵی ٢٠١٥ کە ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ ئیدارەی باراک ئۆبامادا واژوو کرد**

**دۆخەکە پێویستی بە دیپلۆماسییەت و سەرکردایەتییەکی ژیر هەیە لەلایەن ئەمریکاوە بۆ ئەوەی بە ئاقارێکدا ببرێت کە دەرئەنجامێکی باش و ئیجابی لێبکەوێتەوە**



**مایکڵ دێش**
بەڕێوەبەری سەنتەری نۆتردام بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# لە بەرژەوەندی ئێراندا نابێت لەم ساتەوەختەدا دەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی بکاتەوە

**مایکڵ دێش پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی نۆتردام و بەڕێوەبەری سەنتەری نۆتردامە بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی، وانەبێژ و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە، وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاو ئاسایشی نێودەوڵەتی. لە میانەی دیمانەیەکدا کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە بڕیاری سەرۆکی ئەمریکا (دۆناڵد ترەمپ) بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا و تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی دەرهاویشتەکانی و ئەگەری کاردانەوە و پەرچەکرداری ئێران لە ئاست ئەم بڕیارەدا، گوڵان چەند پرسیارێکی لێکردو ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە شرۆڤەی بۆ ئەو بڕیارە کرد.**

*** ئێمە دەزانین پێشتر سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ، بەردەوام گوزارشتی لە ناڕازیبوون و ناڕەحەتی خۆی دەکرد لە ئاست ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا، تاوەکو لە کۆتاییدا بڕیاری دا لەو ڕێککەوتنە بکشێتەوە و دووبارە سزاکان بەسەر ئێراندا بسەپێنێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پاڵنەرە سەرەکییەکانی ئەم بڕیارە چی بوون؟**

- لە ڕاستیدا ئەم بڕیارە چەند پاڵنەرێکی هەبوو، یەکێکیان پەیوەست بوو بە سیاسەتی ناوخۆ، یان دۆخی ناوخۆوە، چونکە بەشێکی گەورەی بنکەی سیاسی و جەماوەری ترەمپ لە ناوخۆدا ناڕازی بوون لە ئەنجامدانی ڕێککەوتنەکە لەگەڵ ئێراندا، ئەوە بوو لە میانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا- لە میانەی دیاریکردنی پاڵێوراوی پارتی کۆماری و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا- دۆناڵد ترەمپ جەختی لەسەر ئەم پرسە کردەوە، کەواتە ئەمە بەشێك بوو لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی کە دەبێتە هۆی ڕازیکردنی بەشێکی بەربڵاوی جەماوەری پارتی کۆماری. بەشێکی دیکەی ئەم بڕیارە پەیوەستە بە خودی کەسایەتی ترەمپەوە، مەبەستم ئەوەیە ئەو دەیەوێت سیاسەتەکانی ئۆباما پێچەوانە بکاتەوە، ئەمە لە پرسی چاودێری تەندروستیشدا ڕاست بوو، کەواتە ئەو دەیەوێت ئەم میراتییە نێودەوڵەتییەی —باراك ئۆباما-ش پێچەوانە بکاتەوە و هەڵیبوەشێنێتەوە. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ترەمپ پێیوایە ڕێککەوتنەکە کەموکوڕی زۆرە، واتە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کۆت و بەند بەسەر پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێراندا دەسەپێنێت، کە ١٥ بۆ ٢٥ ساڵە، کە سەرۆك ترەمپ پێیوابوو دەبێت ئەو کۆت و بەندانە هەمیشەیی بن. هەروەها پێموایە ئەوەی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا — جۆن بۆڵتۆن- وتی لەبارەی لیبیاو،ە ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر تێڕوانینی سەرۆکی ئەمریکا بۆ ئەنجامدانی هەر ڕێککەوتنێکی ئەتۆمی.

*** ئەی پێتوانییە بەشێکی پەیوەست بوو بەوەی ئەم ڕێککەوتنە لایەنەکانی دیکەی سیاسەت و ڕەفتارەکانی ئێرانی نادیدە گرتبوو؟**

- بەڵێ ئەمە ڕاستە، واتە بەشێك لە پاڵنەرەکە پەیوەستە بەوەی کە ئەم ڕێککەوتنە چەند لایەنێکی فەرامۆش کردووە، یان لەخۆی نەگرتووە، وەك پرۆگرامی مووشەکی بالیستیی ئێران، کە سەرۆك و پارتی کۆماری و تەنانەت هەندێ کەسایەتیی نێو دیموکراتەکانیش خۆشحاڵ نەبوون لەم بارەیەوە. هەروەها ئەم ڕێککەوتنە چالاکییە سیاسی و سەربازییەکانی دیکەی ئێرانی لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا لەبەرچاو نەگرتبوو، بەتایبەتی لە سووریا- هەرچەندە ئێران لە عێراقیشدا زۆر چالاکە-، کەواتە دەتوانین بڵێین ئەمانە ئەو پاڵنەرە سەرەکییانەن کە بوونەهۆی ئەوەی ترەمپ لەو ڕێککەوتنە بکشێتەوە.

*** ئەمانە هۆکار و پاڵنەری کشانەوە بوون لەو ڕێککەوتنەکە، ئێستا با پرسیاری ئەوە بکەین، ئایا ئاکام و لێکەوتەکانی ئەم بڕیارە چی دەبن، ئایا بارودۆخی ناوچەکە ئەوەندەی دیکە ئاڵۆز ناکات و ئایا ڕۆژگارێکی ناسەقامگیرتر ناخولقێنێت؟**

- بەڵێ، من یەکێك بووم لەو کەسانەی پێموابوو ئەو ڕێککەوتنە باشترین ڕێوشوێنێکە کە بتوانین پێی بگەین لەو هەلومەرجەدا، کە کاریگەرییەکی ڕاستەقینە، بەڵام سنوورداری لەسەر سەقامگیریی ناوچەکە هەبوو. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر ڕێککەوتنەکە بە تەواوەتی لەبەریەك هەڵبوەشێتەوە، ئەوا ئەمە لە بەرژەوەندیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە. هەروەها هەڵوەشاندنەوەی ئەم ڕێککەوتنە ئەگەر کاریگەری باشی نەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئەورووپا، یاخود ڕووسیا و چین، چونکە ئەوان بە چەشنی ترەمپ ناڕازی نەبوون لە بەندەکانی

**هێرشەکانی ئەم دواییە ئێران کە لە ڕێی مووشەکەوە و لە خاکی سووریاوە ئەنجامیدان، ئاراستەی بەشە داگیرکراوەکەی بەرزاییەکانی جۆلان کران، کە بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەک بەشێک لە ئیسرائیل لێ ناڕوانن**

**من یەکێک بووم لەو کەسانەی پێموابوو ئەو ڕێککەوتنە باشترین ڕێوشوێنێکە کە بتوانین پێی بگەین لەو هەلومەرجەدا، کە کاریگەرییەکی ڕاستەقینە، بەڵام سنووورداری لەسەر سەقامگیریی ناوچەکە هەبوو**

ڕێککەوتنەکە. هەروەها هەندێ ئاماژە هەن کە کۆریای باکوور دووبارە بیر لە بڕیارەکەیان دەکەنەوە لەبارەی گفتوگۆکردن لەبارەی چارەنووسی جبەخانەی چەکە ئەتۆمییەکانیانەوە. ڕاستە ڕەنگە هیچ کاتێك بیریان لەوە نەکردبێت کە بە تەواوەتی خۆیان لە چەکی ئەتۆمی دابماڵن، چونکە کاتێك لە چارەنووسی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران و لە چارەنووسی قەزافی دەڕوانن، ئەوا ڕەنگە ئەمە پاساوێك بێت، بۆ ئەوەی بە باشی نەزانن دەستەبەرداری چەکی ئەتۆمی بن.

*** باشە ئێستا ئەمریکا لەو ڕێککەوتنە کشاوەتەوە، پێتوایە هەنگاوی داهاتووی ئیدارەی ئەمریکا چی دەبێت؟ ئایا فشارەکانی لەسەر ئێران زیاتر دەکات بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵیدا؟ ئایا ئەمە ڕێی تێدەچێت؟**

- بە تێڕوانینی من نەخێر، چونکە ئەورووپییەکان، بەتایبەتی سەرۆکی فەڕەنسا و ڕاوێژکاری ئەڵمانیا هەوڵیان دا بۆ هەموارکردنەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، بەڵام سەرۆك ترەمپ بە تەواوەتی هەوڵەکانی لەباربردن، لەبەر ئەوە پێموانییە ئەوانیش پەرۆش بن بۆ گەڕانەوە بۆ پرۆسەیەکی نوێی گفتوگۆکردن، بە هەمان شێوە لەو باوەڕەدا نیم کە ئێرانیش پەرۆش بێت بۆ کارێکی لەم چەشنە.

*** تێڕوانین، یان پێشبینیتان چییە لەبارەی کاردانەوە و پەرچەکرداری ئێران لە ئاست ئەم بڕیارەدا؟ ئایا بژارەکانی بەردەستی ئێران بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم هەنگاوەی ئەمریکا چین؟**

- بۆ ئێران باشترە کە پابەند بێت بە بڕگە و بەندەکانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە، چونکە بەم شێوەیە ئێران دەتوانێت زەمینەیەکی دیپلۆماتیی جیهانی بۆ خۆی فەراهەم بکات، واتە لەو باوەڕەدا نیم کە دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکە لە بەرژەوەندی ئێراندا بێت لەم ساتەوەختەدا. دواتر من پێموایە ئەمریکا بە شێوەیەك لە شێوەکان بەم بڕیارە خۆی گۆشەگیر کرد، چونکە تەنیا ئیسرائیل بە ئاشکرا پشتیوانی لەم هەنگاوە کرد، ئەگەرچی ڕەنگە هەندێ وڵاتی عەرەبی هەبن کە کەمتر نیگەران بن لەم بارەیەوە بە بەراورد بە وڵاتانی ئەورووپا. کەواتە ئەگەر لە تێڕوانینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا ئێران وەك لایەنێکی میانڕەو دەربکەوێت، ئەوا براوە دەبێت.

*** کەوابێت ئەگەر ئێران بتوانێت قەناعەت بە وڵاتانی ئەورووپا بکات بۆ ئەوەی لە ڕێککەوتنەکەدا بمێننەوە و پێیەوە پابەند بن، ئایا ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە سزاکانی ئەمریکا کاریگەرییەکی کەمتریان دەبێت؟**

- بەڵێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بڕیارە کاریگەریی خۆی هەیە و زیان بە ئابووریی ئێران دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە ئەو سزایانە هەڵدەگیران کە ئەمریکا سەپاندبوونی بەسەر ئێراندا، کەوابێت شتێکی حەتمییە کە ئابووریی ئێران هەندێ گورزی بەردەکەوێت لە دەرئەنجامی کشانەوەی ئەمریکا لەم ڕێککەوتنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك ئێران دووچاری زیانی ئابووری دەبێتەوە، ئەوا ئەمریکا تووشی جۆرێك لە گۆشەگیری دەبێت.

*** پێتوانییە یەکێك لە ئەگەرەکان ئەوە بێت کە ئێران دەست بۆ کاری تۆڵەسەندنەوە ببات، بەتایبەتی لە سووریا و لە دژی ئیسرائیل چەند هێرش و پەلامارێك ئەنجام بدات؟ ئایا ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا دەبێتە شتێکی حەتمی؟**

- ئەوە ڕاستە کە ئەم دوو وڵاتە لەسەر ڕێڕەوی پێکدادانداان، بەڵام پێموانییە هیچ یەکێك لەم دوو وڵاتە خوازیاری ئەوە بن کە هەڵکشانی دۆخەکە ڕۆژئاوای سووریا تێپەڕێنێت، بە دڵنیاییەوە ئەگەری ئەوە لەئارادا نییە ئیسرائیل شەڕەکە بەرفراوان بکات بۆ ئەوەی خودی وڵاتی ئێرانیش بگرێتەوە، بە هەمان شێوە ئێرانیش بە حەزەرە لە هەر هێرشێك بۆ سەر ئیسرائیل، ئەوەی جێی سەرنجە کە هێرشەکانی ئەم دواییە ئێران کە لە ڕێی مووشەکەوە و لە خاکی سووریاوە ئەنجامیدان، ئاراستەی بەشە داگیرکراوەکەی بەرزاییەکانی جۆلان کران، کە بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك بەشێك لە ئیسرائیل لێی ناڕوانن، ئەگەرچی ئیسرائیل لکاندوویەتی بە خاکی وڵاتەکەی خۆیەوە. دواتر ئەمە هاوکات نەبوو لەگەڵ هێرشی مووشەکی لەلایەن حزبوڵاوە لە باشووری لوبنانەوە بە ئاراستەی ئیسرائیلدا. لەبەر ئەوە من پێموایە شەڕەکەی سووریا بەردەوام دەبێت، بەڵام لە چوارچێوەی خاکی ئەو وڵاتەدا سنووردار دەبێت، کە ئەمەش جێی داخە، چونکە ئەوەتا بۆ چەند ساڵ دەچێت خەڵکی سووریا لە نێو ئازار و نەهەماتیدا دەژین.

**هەندێ ئاماژە هەن کە کۆریای باکوور دووبارە بیر لە بڕیارەکەیان دەکەنەوە لەبارەی گفتوگۆکردن لەبارەی چارەنووسی جبەخانەی چەکە ئەتۆمییەکانیانەوە. چونکە کاتێک لە چارەنووسی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران و لە چارەنووسی قەزافی دەڕوانن، ئەوا ڕەنگە ئەمە پاساوێک بێت، بۆ ئەوەی بە باشی نەزانن دەستەبەرداری چەکی ئەتۆمی بن**

**ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە چالاکی سیاسی و سەربازییەکانی دیکەی ئێرانی لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا لەبەرچاو نەگرتبوو بەتایبەتی لە سووریا، هەرچەندە ئێران لە عێراقیشدا زۆر چالاکە**

# ڕەهەندە ئابووری و ژینگەییەکانی وزە


گرنگی و ستراتیجیەتی وزە لە ئاستێکدایە کە زۆر هەوڵ و کۆشش و لێکۆڵینەوەو بگرە شەڕ و ململانێی سەختیشی لەسەر کراوەو بۆی دەکرێت لە ئاستە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکاندا لە ئێستاو داهاتوودا، ئێمەی کوردیش ئەمڕو بێبەش نین لەو ململانێیە بە هەموو ڕەهەندو ڕووەکانیەوە، بەتایبەتی دوای دەرکەوتنی کاریگەریی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی کوردستان وەك بەرهەمهێنەرو هەناردەکەرێکی نوێی بەردەوامی وزە لە نەوت لە چەند ساڵی ڕابردووەوەو گازی سرووشتی و کارەبا لە ساڵانی داهاتووشدا، کەواتە دەبێت بێ ئاگا نەبین لەوەی چی دەگوزەرێت لەو ڕووەوە، چۆن باشترین سوود لە وزە وەرگرین لە کاتێکدا سەلمێنراوە لە ڕووی زانستییەوە کە کۆی وزە هایدرۆکاربۆنییەکان بەگشتی بڕەکەی دیاریکراوە و تەمەنەکەشی لە ٧٠ ساڵێك تێناپەڕێت، ئەگەر بەم شێوەیەی ئێستا بەکاربێت و پارێزگاری لێ نەکرێت و تەندروست مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت، بەپێچەوانەوە زیانی ئابووری و ژینگەیی دەبێت.

بەبازاڕکردن و بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی وزە لە لایەك مایەی ئاوەدانی و پێشکەوتنە ئابوورییەکان و خۆشگوزەرانی خەڵکە، ئەگەر ژیرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و ڕەنگدانەوەی هەبێت لە پێشکەوتنی ژێرخانی ئابووری- بازرگانی و بەتایبەتیش پڕۆژە پیشەسازییە تەحویلی، خۆراکی و پیترۆکیمیاوییەکان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی وەبەرهێنانی مرۆیی و دابینکردنی هەلی کاردن و ئەمنی خۆراك کە بنەمای پێشکەوتنی وڵات و پەرەپێدانن، لە لایەکی تر زیادەڕۆیی و خراپ مامەڵەکردن لە بەکارهێنانی بەتایبەتیش لە سێکتەری بەکاربردن وەك ئەوەی ئێستا لە عێراق و هەرێمی کوردستان زورترین بودجەی بۆ تەرخانکراوە کە هەمیشە ڕێژەکەی لە سەرووی ٧٠٪ بووە، بە پێچەوانەی سێکتەری وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری کە لە باشترین حاڵەتدا ٣٠٪ی تێنەپەڕاندووە. ئەم زیادەڕۆییەی بەکاربردن جگە لە زیانی ئابووری نیشانەی کەمتەرخەمی و لادانە لە پێوەرە ئابوورییەکان بە پلەی یەکەم، کە بەشی هەرە زۆری ئەم خەرج و بەکاربردنە بۆ سێکتەری خزمەتگوزاری و وزەیە بە بێ پەیڕەوکردنی پێوەرە ژینگەییەکان و لێکۆڵینەوە لەو بوارە، کە ئەمڕۆ کێشەی پیسبوونی ژینگە بە مەترسیدارترین کێشەی سەردەم دەژمێرێت بۆ هەمووان بەبێ جیاوازی، هەر بۆیەش لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە جیهانییەکان و گەورە وڵاتانی ئابووریی جیهان لە زۆربەی کۆبوونەوە و کۆنگرەو کۆنفڕانسە جیهانییەکاندا ئەم کێشەیە ئامادەبوونی هەیە و بەشێکە لە ئەجینداکان بەمەبەستی چارەسەر و، بۆ گفتوگۆ و پێداچوونەوە بە پلانەکان و داڕشتنی پلانی نوێی ئابووری- ژینگەیی بە تەندروست بەکارهێنانی وزە، چونکە بەکارهێنانی بێ ئەندازەی وزە کاریگەریی سەرەکییە لە سەر پیسبوونی ژینگە، بۆیە ئێمەی کوردیش دەبێت خوێندنەوەو پلانمان هەبێت بۆ ئەم بابەتە گرنگە، لە تێگەیشتن و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ وزەدا، کە خۆمان خاوەنداریێتی دەکەین و پشکی شێری بوجەی وڵاتمان لە سەر بەرهەم و پێشکەوتنەکانی کەرتی وزەیە، کەواتە پەرلەمان و حکومەت بەرپرسی یەکەمن بۆ دەرکردنی یاساو ڕێساکان و میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی پەرەپێدانی وزەو پارێزگاریکردنی و تاك بەتاکی کۆمەڵگەش ئەرکیانە کە بە جددی لەم پڕۆسە ئابووری و مرۆییەدا بەشدار و هاوکار بن.

پارێزگاری و پاشەکەوتی وزەو بەفیڕۆنەدانی لەم سەردەمەدا بۆخۆی هونەری دابینکردنی وزەی زیاترە بۆ هەمووان، جگە لەوەی کە ڕێزگرتن و بگرە ئەرکێکی مۆراڵێکی نیشتمانییە بەرامبەر خاوێن ڕاگرتنی ژینگەو ژەهراوی نەکردنی بە گازو پاشماوە کاربۆنییەکان، بێگومان کاتێك باس لە پاشەکەوتی وزە بکرێت، دەبێت وردەکاری و کاریگەرییە ئابووری و ژیگەییەکان و ڕەهەندەکانی گۆڕانکاری لە وزەی هایدرۆکاربۆنی بۆ وزەی نوێ و ئاڵتەرناتیڤەکانی وزە بەهەند وەربگیرێت.

**سەرەڕای مکوڕیی نەیارە سەرسەختەکان بە شکستهێنان بە سێکتەری وزە و گەلەکۆمەکییان لەسەر ئابڵوقەی گەلەکەمان، تەنانەت بە بڕینی بودجەی هەرێم و مووچەی فەرمانبەران، بەڵام زاڵبوونی ئیرادەی کورد و ڕاکێشانی کۆمپانیا جیهانی و بەئەزموونەکان لە وڵاتانی دراوسێ و زلهێزی جیاواز بۆ هەرێم لە ماوەیێکی کورت و پێوانەییدا، سەرکەوتنێکی تری سیاسەتی سەرکردایەتیی گەلی کوردستانە**

**حکومەتی هەرێم بەبی هیچ پاشخانێک و لە سفرەوە دەستی پێکردووە و لەماوەی چەند ساڵێکدا بەرهەمهێنانی نەوتی دەست پێ کردووە، هەروەها کارەبا لە ٣٠٠ میگاواتەوە بۆ ٣٠٠٠ میگاوات بەرز بووەتەوەو، توانراوە هەنگاوی سەرکەوتوو بنرێت**



ئەندازیار: محەمەدئەمین هەورامانی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

گرنگیی مێژوویی وزە لەوێوە دەست پێدەکات، کاتێك ئادەمیزاد هەر لە سەرەتاکانی مێژووەوە بۆ یەکەم جار بە «ئاگر» ئاشنا بوو، ئەمە بووە یەکەم هەنگاو بۆ گرنگی و سوودوەرگرتن لەم چەشنە سەرەتاییەی وزە لە ژیانی مرۆڤ و کاروبارەکانیدا، بەتایبەتیش بەکارهێنانی بۆ کاروباری جیاوازی ژیانی رۆژانەی وەك رووناکی، خۆگەرمکردنەوە و ئامادەکردنی خۆراك و پاشان پیشەسازییە سەرەتایی و ئامێرەکانی کشتوکاڵی و چاندن و راوکردن و بەرگریکردن و زۆر پێویستی و چالاکیی تریش بە سوودوەرگرتن لە وزەی سەرەتایی و هێزی هەڵم، پاشانیش نەوت و غازو کارەبا.

**● دوارۆژی وزە:**

ساڵانە جۆرەها لێکۆڵینەوەو کۆڕو کۆبوونەوەو کۆنفرانسی نێودەوڵەتی و لۆکاڵی ئەنجام دەدرێت لەسەر وزەو پێشکەوتنەکانی لە سەرانسەری جیهان، بەشداری پسپۆڕانی وزەی کوردستان لەو کۆنفرانسانەدا کاریگەری و گرنگی خۆی هەیە بۆ زیاتر روونکردنەوەو دەوڵەمەندکردنی ئەم سێکتەرە گرنگە و پەرەپێدانی سەرچاوەکانی وزەی کوردستان، چونکە وزە وەك کاڵاییەکی گرنگی بازرگانیی نێودەوڵەتی، لە هەرکوێ بێت لە جیهاندا، یان لە هەرێمی کوردستان، رەواج و بەها و رۆڵی خۆی هەیە لە رووی ئابوورییەوە، بە گوێرەی بارودۆخ و پێویستیی بازاڕ و رێکخستنی لەسەر بناغەی دابینکردن و داواکاری واتە (العرض والطلب) و هەروەها رێکخستن و چاودێری پرۆسەی بە بازاڕکردن «مارکێتن»ی غاز و نەوت کە ئێستا کارەباشی گرتووەتەوە لەسەر ئاستی جیهان، بۆیە وزە ئەمڕۆ نەك هەر کاڵاییەکی گرنگ و ستراتیجییە، بەڵکو پەیوەندی بە پرۆسەی ئابووری و جۆرەها پیشەسازیی گۆڕینی و پترۆکیمیاوییەکانەوە هەیە کە شادەماری ئابووریی جیهانن، بۆیە دەبێت هەمیشە بەدواداچوونی کێشەو پێشکەوتنەکانی بکرێت و لێکۆڵینەوەی زیاتر و وەبەرهێنان بکرێت لە شوێنی بەرهەمهێنانەوە بۆ گواستنەوەو بەبازاڕکردن، هەر بۆیەش هەر نشوستی و ئاڵۆزییەك، یان گۆڕانکارییەك لە نرخی وزە، یان نەوت کاریگەری راستەخۆ، یان ناڕاستەخۆی هەیە لەسەر سیستەمی ئابووری و سیاسیی جیهانی بەگشتی و ژیانی هاوڵاتیان لە وڵاتانی پەیوەندیدار بەتایبەتی.

وزە، یان ئینێرجی، بە گشتی بەکار دەهێنرێت بە گوێرەی پێویستی بڕەکەی لە کات و ماوەییەکی دیاریکراودا بۆ ئەنجامدانی کارێك، یان جووڵەییەك و جۆرێك لە چالاکی بە مەرجێك کەمترین وزە بەکار بێت بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو لەکاتێکی دیاریکراوداو ژینگەییەکی تەندروستدا، لە روانگە ژینگەییەکەیەوە، کە وزەی نوێ واتە وزەی سەدەکانی داهاتوو کە زۆر جیاواز دەبێت لە جۆرو چەشن و چوستی، واتە رێژەی بەرزیی چالاکیی و پارێزگاری و پاشەکەوتکردنی وزە بەگشتی بە ئەرکێکی گرنگی نیشتمانی دەژمێردرێت بە پەیڕەوکردنی پێوەرە ژینگەییەکانی وزە کە ناسراون بە:

Energy Conservation or Energy Efficiency،

لەم سەردەمەدا زۆرترین گلەیی ئاژانس و رێکخراوەکانی ژینگەپارێزی و نەتەوە یەکگرتووەکان و (ئێن جی ئۆ)کان لە سەر کەرتی وزەیە، بەتایبەتیش وزەی گازو بەرهەمە نەوتییەکان (فوسێل)، لە ئەنجامی زۆری و نادروست بەکارهێنانی وزەو بەفیڕۆدانی، کە دەکرێت بەشێکی دیاری پاشەکەوت بکرێت، کە لە ئەنجام زیادەڕەوییەکە لە دەرکردنی جۆرەها گازی ژەهراوی تێکەڵ بە ژینگەی هەوا دەبێت، کە کێشەییەکی مەترسیداری جیهانی دروستکردووە، وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێ داوە و زیاتر پەیوەندی بە پەنگدانەوەی گەرماییە کە ناسراوە بە (Global Worming- الاحتباس الحراری) و گۆڕانکاری کەش و هەواو توانەوەی بەستەڵەکە سەهۆڵییەکان، هەر بۆیەش چەندەها

وڵاتێکی خاوەن نەوتی وەك عێراق کە لە ساڵی ١٩٢٧ ەوە نەوتی تیا دۆزراوەتەوە، ئێستا تەنیا توانای بەرهەمهێنانی نزیکەی ١٥٠٠٠ میگاوات کارەبای هەیە بە هەرێمی کوردستانیشەوە! کە زۆربەی هەرە زۆری لە سووتەمەنییە پترۆلیەکانەوە بەرهەم دێت کە پتر لە ٩٥٪ە و وزە نوێبووەکانیش جگە لە وزەی ئاو گرنگیی ئەوتۆیان پێ نەدراوە

وێستگەیێکی ٣٠٠٠ میگاواتی کە بەرهەمی کارەبای هەرێمە لە ساڵێکدا زیاتر لە شانزە ملیۆن تەن (١٦٣٢٩٦٠٠) لەو گازە زیانبەخشانە دەردەکات

**لە هەرێمی کوردستاندا نزیکەی ٣٣٪ی وزەی کارەبای ئێستا بەفیڕۆ دەدرێت، چونکە سەرەڕای کێشە جیاجیاکانی سیاسی و ئابووری و ناسەقامگیریی ئاسایش لە عێراق و سووریا و ناوچەکە، هێشتا بایەخی دروست بە وزە نەدراوە و زۆر دوورە لە ستاندەرە نێودەوڵەتییەکان و ئەمەش کێشەی تەکنیکی و ژینگەیی و ئابووریی هەمەجۆری دروست کردووە**

**لەوانەیە کەم کەس تێبینی ئەوەی کردبێت کە یەک مێگاوات کارەبای بەرهەمهاتوو لە سووتەمەنییە هایدرۆکاربۆنییەکان تەنیا بۆ یەک کاتژمێر بەکارهێنان نزیکەی (٦٣٠) کیلۆگرام گازی زیانبەخش و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دەردەکات لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبادا**

**بە گوێرەی تازەترین ئاماری ئاژانسی وزەی جیهانی پشکەکان لە بەکارهێنانی وزەی فۆسیل هێشتا پتر لە ٨٧٪ ی وزەی گشتییە لە جیهاندا، لەکاتێکدا وزەی خاوێن و ئالتێرناتیڤەکان ناگاتە ١٣٪ بە وزەی ئاویشەوە کە بە هایدرۆپاوەر ناسراوە**

کۆنگرەو پەیمانی نێودەوڵەتی لە سەرانسەری جیهاندا دەبەسترێت دەربارەی ئەم بابەتە، کە گرنگترینیان پەیمانی نێودەوڵەتیی کیۆتۆی ژاپۆن و پاریسە لە وڵاتی فەڕەنسا لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٥بۆ پابەندبوون بە بڕگەکانی کە واژووکراوە لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی دنیاوە کە عێراقیش ئەندامە لەو پەیماننامانە، کەواتە هەرێمی کوردستانیش پابەندە پێیان، لە بڕگە گرنگەکانی ئەو پابەندبوونە بە چەند میکانیزمێك ڕێکخراوە کە ئاماژەمان پێداون و گرنگترینیان بۆ پێشخستن و برەودانە بە وزەی خاوێن کە ناسراوە بە: «میکانیزمی بووژاندنەوەی وزەی خاوێن- سی دی ئێم CDM- Clean Development Mechanisms»

ئەمە لە لایێك، لە لایێکی تر پابەندبوون بە ڕێژەی دەردانی گازە کاربۆنی و مەترسیدارەکان کە زۆرینەی لە ئەنجامی بەکارهێنانی وزەی زۆرو سووتاندنی سووتەمەنیە فۆسیلییەکانە، کە لە ئەنجام حکومەتەکان و کۆمپانیاکانیان پابەند دەکات بە دانی باجی جۆراوجۆر، بەتایبەتی باجی کاربۆن و قەرەبووکردنەوەی پێویست لە ئەنجامی بەدەرکرنی گازە کاربۆنییەکان کە میکانیزمەکەش ناسراوە بە: «کاربۆن کردت Carbon Credits» کە خاوێن ڕاگرتنی ژینگە و پارێزگاریکردن لە وزە و بەفیڕۆنەدانیە و مەبەستی سەرەکیی ئەم پەیماننامەو میکانیزمانە ئەوەیە کە گشتگیر بێت، ئەمەش کاری بەکۆمەڵ و بێوچانی دەوێت.

ئەوەی جێگەی نیگەرانییە کە هەتا ئێستاش تێبینی دەکرێت بە شێوەی پێویست پەیڕەوی ئەو پێوەرە ژینگەیی و نێودەوڵەتییانە ناکرێت لە لایەن خودی وڵاتە پیشەسازییەکانەوە کە بەکارهێنەری زۆرینەی وزەن لە جیهاندا و هەتا ئێستاش وزەی کلاسیك، یان فۆسیل لە خەڵووز و سووتەمەنییە هایدرۆکاربۆنییەکان پشکی شێریان هەیە لە هۆکانی گواستنەوەی گشتی و پیشەسازی و بەرهەمهێنانی وزەو بەتایبەتیش بەرهەمهێنانی وزەی کارەبادا. بە گوێرەی تازەترین ئاماری ئاژانسی وزەی جیهانی پشکەکان لە بەکارهێنانی وزەی فۆسێل هێشتا پتر لە ٨٧٪ ی وزەی گشتییە لە جیهاندا، لەکاتێکدا وزەی خاوێن و ئاڵتێرناتیڤەکان ناگاتە ١٣٪ بە وزەی ئاویشەوە کە بە هایدرۆپاوەر ناسراوە. ئەگەرچی ئەم ڕێژەیەی دواییان بچووکە، بەڵام لە هەڵکشانی بەردەوامدایە و جێگەی دڵنیایی و هیوایە بۆ دەربازبوون لە قەیرانە ژینگەییەکانی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە سووتەمەنی. بێگومان سیناریۆ و پلانی داهاتوی زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو و تازە پێشکەوتوو کە دابەشکراون بۆ چەند گرووپێك، گرنگترینیان وەك: گرووپی-١ ئەمریکا، ژاپۆن، یەکێتی ئەوروپا و ئۆقیانووسی ئاسیا، گرووپی -٢ چین، هیند، ڕووسیا، ئەورووپای ڕۆژهەڵات، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، عێراق، ئەفریقا، بەڕازیل، ئەمریکای لاتین و ئاسیا کە هەر یەکە سیناریۆی خۆی هەیە بە گوێرەی پێوەرەکانی ئاژانسی وزەی جیهانی، کە جیاوازترە لەگەڵ ئەم دۆخەی ئێستای وزە و پەرە بە زیادکردنی ڕێژەی وزە نوێبووەکان دەدرێت.

هەر چالاکییەك کە مرۆڤ، یان ئامێرەکان ئەنجامی دەدەن، پێویستی بە چەشنە وزەیێك هەیە لە وزەی سەرچاوە سرووشتییەکانی سەر گۆی زەوی، وەك: ئاو، هەوا، تیشکی ڕۆژ، گەرمای ژێرزەوی و سووتەمەنییەکان بۆ هەڵسوڕان و کارپێکردنی ئامێرەکان، وەك: خەڵووز و خەڵووزی بەردین، نەوتی خاو، گازی سرووشتی، وزەی ئەتۆم، هایدرۆجین، کارەبا، وزەی ڕووەکی (بایۆماس) یان ڕۆنی ڕووەکی کە پێشی دەوترێت (بایۆ فیوڵ) کە چەشنێکی تری وزەی نوێ و خاوێنە و لە وڵاتە پێشکەوتوو و ژینگەپارێزەکان دەست بە بەکارهێنانی کراوە، وەك وزە و سووتەمەنی بایۆ فیوڵ، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم چەشنە سووتەمەنییە سەرچاوەیێکی سەرەکیی خۆراکەو ئاژانسەکانی ئاسایشی خۆراك و نەتەوە یەکگرتووەکان تێبینیان هەیە لەسەر بەکارهێنانی بایۆفیوڵ لە ڕۆنی گەنمەشامی و گوڵەبەڕۆژە و.. هتد، بۆ بەرهەمهێنانی وەك سووتەمەنی، چونکە بە بۆچوونی ئەوان هێشتا ملیۆنەها خەڵکی برسی لە وڵاتە هەژارەکاندا خۆراکیان دەست ناکەوێت بۆ بەردەوامیی ژیانی ڕۆژانەیان و لە بەشێکی تری دنیادا ڕۆنی خۆراك بکرێت، بە سووتەمەنی وەك بەنزین بۆ نموونە، واتە وزەی سەردەم گشت سەرچاوەکانی وزەی خاوێن لەخۆ دەگرێت، ئەگەر کاریگەری تری نێگەتیڤیان نەبێت، یان هەر سەرچاوەیێکی تری جووڵەو بزوێنەرێك، ئەمەش وزەی ئەتۆم و گردیلکەکان و مادده کیمیاییەکانیش دەگرێتەوە، کە لە بناغەدا مروڤ بەشێکی زۆر لەو سەرچاوانەو سووتەمەنیانە بەکاردێنیت بۆ بەرهەمهێنانی چەشنە وزەیێکی تر بۆ گەرمی و ساردی و جووڵە و سووڕانە میکانیکییەکان، لە دێرزەمانەوەش سوود لە هەندێکیان وەرگیراوە، وەك هێزی ئاو بۆ گەڕانی ئاش، یان هێزی هەوا لە کەنار دەریاو بیابانەکاندا، هەروەها بۆ گواستنەوەو ئەنجامدانی کارەکانی هاوشێوەی شەمەندەفەڕی هەڵمی لە سەدەکانی ڕابردوودا کە لە سەرەتادا بە خەڵووز کاری دەکردو پاشان نەوت و ئێستاش بە وزەی خاوێنی کارەبا.

بۆیە دەبێت گشت چەشنەکانی وزە و وزەی کارەبا بە چوستی بەرز و چالاکانە بەکاربێت و بەفیڕۆ نەدرێت، هەر بۆیەش بەشێکی زۆر لە ئاژانس و (ئێن جی ئۆ)کانی بواری ژینگە و خێرخوازەکان بەکاری پاشەکەوت و پارێزگاریکردن لە وزە هەڵدەستن بۆ پشتگیری لە هەردوو ڕەهەندە ئابووری و ژینگەییەکان، بۆ نموونە لەوانەیە کەم کەس تێبینی ئەوەی کردبێت کە یەك مێگاوات کارەبای بەرهەمهاتوو لە سووتەمەنییە هایدرۆکاربۆنییەکان تەنیا بۆ یەك کاتژمێر بەکارهێنان نزیکەی (٦٣٠) کیلۆگرام گازی زیانبەخش و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دەردەکات لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبادا، بە واتایێکی دیکە وێستگەیێکی ٣٠٠٠ میگاواتی کە بەرهەمی کارەبای هەرێمە لە ساڵێکدا زیاتر لە شانزە ملیۆن تەن (١٦٣٢٩٦٠٠) لەو گازە زیانبەخشانە دەردەکات، زۆر بەداخەوە لە هەرێمی کوردستاندا نزیکەی ٣٣٪ی وزەی کارەبای ئێستا بەفیڕۆ دەدرێت، چونکە سەرەڕای کێشە جیاجیاکانی سیاسی و ئابووری و ناسەقامگیریی ئاسایش لە عێراق و سووریا و ناوچەکە، هێشتا بایەخی دروست بە وزە نەدراوە و زۆر دوورە لە ستاندەرە نێودەوڵەتییەکان و ئەمەش کێشەی تەکنیکی و ژینگەیی و ئابووریی هەمەجۆری دروست کردووە و خودی هاووڵاتیانیش نارازین لەو خزمەتگوزارییە گرنگە، بە هۆی کێشە تەکنیکی و ناسەقامگیریی دۆخی کارەباو پچڕ پچڕییەکەی، بەڵام وەك بڕی بەرهەمهاتوو قۆناغێکی باشی لە چەند ساڵی ڕابردوودا بڕیوە.

لەکاتێکدا وڵاتێکی خاوەن نەوتی وەك عێراق کە لە ساڵی ١٩٢٧ ـەوە نەوتی تیا دۆزراوەتەوە، ئێستا تەنیا توانای بەرهەمهێنانی نزیکەی ١٥٠٠٠ میگاوات کارەبای هەیە بە هەرێمی کوردستانیشەوە! کە زۆربەی هەرە زۆری لە سووتەمەنیە پترۆڵیەکانەوە بەرهەم دێت کە پتر لە ٩٥٪ـە و وزە نوێبووەکانیش جگە لە وزەی ئاو گرنگیی ئەوتۆیان پێ نەدراوە، بە پێچەوانەی وڵاتانی پێشکەوتوو، کەواتە جارێکی دی وڵاتانی پیشەسازی نەك هەر ترسی قەیرانی نەوتیان نییە، بەهۆی پلانی بەشداری ئاکتیڤی وزەی ئاڵتەرناتیڤ و ئەتۆم، ئەگەر کێشە تەکنیکی و نائارامیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی لێ دەرکەین، ئابوورییە بەهێزەکان چاوەڕوانی زیاتر دابەزینی نرخی نەوتن وەك لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ بە ڕوونی هەستی پێ کرا کە لە ماوەیێکی کورت و تەنیا لە چەند مانگێکدا نرخی بەرمیلێك نەوت لە ١١٥ دۆلار دابەزی بۆ ئاستێکی زۆر نزم و پاشانیش نزیك لە ٧٠ بۆ ٧٣ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك نیمچە جێگیرە.

● **ڕەهەندی پێشخستنی سەرچاوەکانی وزە:**

ئەگەر هەموو چالاکی و پێشکەوتن و جموجوڵە مرۆیی و ئابووری و سەربازی و خزمەتگوزارییەکانی مروڤ ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بەستراون بە دابینکردنی سەرچاوەکانی وزەوە وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە، کە واتە ئێمەی کوردو کۆمەڵگەی تازە پێگەیشتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوین لە کوێی ئەم دۆخەئاڵۆزەی وزەوداین؟

دیارە وەك لێکۆڵەرە زانستییەکان دەریانخستوە کە سەدان هەزار ساڵەو بگرە زیاتریش ئەم سەرچاوانەی وزە بوونیان هەبووە، بەتایبەتیش هایدۆکاربۆنییەکان واتە (نەوت و غاز) و خەڵووز و ئاو و ئاڵتەرناتیڤەکانیش بوونیان هەبووەو هەیە لە سەر زەوی و لە قووڵایی زەوی و دەریاکاندا، بەڵام جگە بۆ هەندێ کاری سەرەتایی وەك خۆگەرمکردنەوەو ماڵداری و پێویستییە سەرتاییەکان سوودێکی ئەوتۆیان لەو سەرچاوانە وەرنەگرتووە و وەك پێویست پێش نەخراوە بۆ کاروباری پیشەسازی و پیترۆکیمیایی، بەهۆی پێشنەکەوتنی زانستی و نەبوونی زانیاری و پشکنین و لێکۆڵینەوە جیۆلۆجی و تەکنۆلۆجیای نوێ لەو بوارەدا، زۆربەی وڵاتان و گەلانی ناوچەکە زۆر لەمێژە خاوەنی زەوی و نەوت و ئەو سەرچاوە سرووشتییانەن، بەڵام نەیاندەتوانی لە قووڵاییەکانی هەزاران مەتری ژێرزەوی دەریبهێنن و وەك ئێستا بیپاڵێون. ئەمە واقیعەو نابێ نکۆڵی لێ بکەین و دەبێت لێکۆڵینەوەو پشت بەستن بە زانست و تەکنۆلۆجیای نوێ پەرەی پێ بدەین.

ئەگەرچی پیشەسازیی وزە لە سەرەتاکانیدایە لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری ناوچەکە و بگرە جیهانیش، چونکە لە بناغەدا پرۆسەکە نوێیە، حکومەتی هەرێم بەبێ هیچ پاشخانێك و لە سفرەوە دەستی پێکردووە و لەماوەی چەند ساڵێکدا بەرهەمهێنانی نەوتی دەست پێ کردووە، هەروەها کارەبا لە ٣٠٠ میگاواتەوە بۆ ٣٠٠٠ میگاوات بەرز بووەتەوەو، توانراوە هەنگاوی سەرکەوتوو بنرێت، سەرەڕای مکوڕیی نەیارە سەرسەختەکان بە شکستهێنان بە سێکتەری وزە و گەلەکۆمەکییان لەسەر ئابلۆقەی گەلەکەمان، تەنانەت بە بڕینی بودجەی هەرێم و مووچەی فەرمانبەران، بەڵام زاڵبوونی ئیرادەی کورد و ڕاکێشانی کۆمپانیا جیهانی و بەئەزموونەکان لە وڵاتانی دراوسێ و زلهێزی جیاواز بۆ هەرێم لە ماوەیێکی کورت و قیاسیدا، سەرکەوتنێکی تری سیاسەتی سەرکردایەتیی گەلی کوردستانە، سەرەڕای کەموکوڕییەکان بەرەو ئاسۆیەکی گەشتر دەڕۆین، بەتایبەتی لە بواری وزەدا، بۆیە بەفیڕۆنەدانی ئەرکی هەموانە بەبێ جیاوازی.

**لەم سەردەمەدا زۆرترین گلەیی ئاژانس و ڕێکخراوەکانی ژینگەپارێزی و نەتەوە یەکگرتووەکان و (ئێن جی ئۆ) کان لە سەر کەرتی وزەیە، بەتایبەتیش وزەی گازو بەرهەمە نەوتییەکان (فوسێڵ)، لە ئەنجامی زۆری و نادروست بەکارهێنانی وزەو بەفیڕۆدانی، کە دەکرێت بەشێکی دیاری پاشەکەوت بکرێت**

**پارێزگاری و پاشەکەوتی وزەو بەفیڕۆنەدانی لەم سەردەمەدا بۆخۆی هونەری دابینکردنی وزەی زیاترە بۆ هەمووان، جگە لەوەی کە ڕێزگرتن و بگرە ئەرکێکی مۆراڵێکی نیشتمانییە بەرامبەر خاوێن ڕاگرتنی ژینگەو ژەهراوی نەکردنی بە گازو پاشماوە کاربۆنییەکان**

**پەرلەمان و حکومەت بەرپرسی یەکەمن بۆ دەرکردنی یاساو ڕێساکان و میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی پەرەپێدانی وزەو پارێزگاریکردنی و تاك بەتاکی کۆمەڵگەش ئەرکیانە کە بە جددی لەم پرۆسە ئابووری و مرۆییەدا بەشدار و هاوکار بن**